# دواڕۆژ

دوو هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتیە

ساڵی یەکەم - ژمارە ١-خەرمانانی ١٣٨٦




## درێژەی نارەزایەتییەکان بەرانبەر بە پەسەند کردنی حوکمی ئێعدامی عەدنان حەسەنپوور و هیوا بوتیمار بو ل ٢

# کۆمەڵە و کۆسپێکی تر

**سەرنووسەر**

قەیرانی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بەرەو لێکترازانی یەکجاریی باڵەکانی ئەم قەیرانە، بەرەوپێش هاتووە. زیاتر لە ٣ ساڵە و پاش کۆنگرەی دەیەمی کۆمەڵە، لە هاوینی ١٣٨٣، ناکۆکیەکانی ناو دەفتەری سیاسی و پاشان کۆمیتەی ناوەندی، ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵە تا هاتووە قووڵتر بووە و پەرەی سەندووە. کۆنگرەی ١١ی کۆمەڵە لە پاییزی ساڵی ١٣٨٥ نەك تەنیا نەیتوانی ڕێگایەك بۆ چارەسەری کێشەکانی ناو کۆمەڵە دەستەبەر بکات، بەڵکوو قەیران و ناکۆکیی ناو کۆمەڵەی خستە قۆناغێکی تازەوە. لە کۆنگرەی ١١ تا ئێستا کۆمەڵە پێی ناوەتە قەیرانێکی هەمەلایەنەتر. بەشێك لە ڕێبەریی کۆمەڵە کە ڕێبەریی ناسراو و لەمێژینەی کۆمەڵەن و بەو باڵە ناسراون کە زۆرترین دەور و کاریگەرییان لەسەر ڕێبازی ساغکردنەوەی کۆمەڵە و هاتنەدەر لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بووە، وەك باڵی ریفۆرم و لایەنگرانی چاکسازی لە کۆمەڵە و هەروەها وەك ڕەخنەگرانی دەفتەری سیاسی کە ڕێبازی ساغکردنەوەی کۆمەڵەیان بە لارێدا بردووە، خۆیان ناساند. ئێستا پاش ئەوەی کە باڵی سکرتێری ناو کۆمەڵە "کۆنگرە"ی جەناحیی خۆی بەستووە، بە ئاشکرا و بە کردەوە جودایی خۆیانیان لە باڵی ڕەخنەگر و ریفۆرمخواز و باڵی ڕێبەرانی ئەسڵیی ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە مسۆگەر کردووە. ئەم جوداییە بێگومان لە هەمان کاتدا جوداییەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە ڕێبازی ساغکردنەوەی کۆمەڵەیە کە پاش هاتنەدەر لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هەم کۆمەڵەی بووژاندەوە و هەم بزووتنەوەیەکی بەرین لە دەوری پێکهات.

ئەمە یەکەمجار نیە کۆمەڵە لەگەڵ قەیرانێکی لەم چەشنە ڕووبەڕوو دەبێت. ئەگەر مێژووی ٣٠ ساڵەی کۆمەڵە و بەتایبەت ١٠ ساڵی یەکەمی لێوانلێوە لە خوڵقاندنی مێژوویەکی بەنرخ لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلێکی بندەست، لە هەمان کاتدا پڕە لە ئاڵوگۆڕی سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەیی و لێکترازان و دابڕین و بەداخەوە ڕووداوگەلێك کە تا کارەساتی دڵتەزێن گەیشتووە. کۆمەڵە چ وەك ڕێکخراوێکی چەپ و چ وەك حیزبێکی کوردستانی کە لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا یەکێك لە دیارترین حیزبەکانی چالاکی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانە و دیپلۆماسی بووە، قەیرانگەلێکی بنەڕەتی لەگەڵ خۆی هێناوە. وەك ڕەوتێکی چەپ نەیدەتوانی ئەو ئاڵوگۆڕانە کە هەموو بزووتنەوە چەپەکانی لە دونیا خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، لەبەرچاو نەگرێ و وەك ڕێکخراوێکی کوردستانی سەرکەوتن و شکستی بزووتنەوەی کوردستان و شەڕی پێشمەرگانە و ئاڵوگۆڕەکانی دەیان ساڵی ڕابردووی کوردستان، ئەم ڕێکخراوەی وەك هەموو پارتەکانی دیکەی کوردستان، تووشی تەکان و شەکانی بەهێز کردووە.

ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ لە ئێران، کۆمەڵەی خستە مەیدانێکی گەورە و هەستیاری خەباتی جەماوەری. بەخێراییەکی بەرچاو لە ڕێکخراوێکی بچووکەوە بەرەو ڕێبەریی بزووتنەوەیەکی گەورە هەنگاوی هەڵگرت. کاك فواد وەك سومبولی ئەم هەڵە مێژووییە لە کاتێکدا تەنیا ١١ مانگ پاش ڕزگاری لە زیندان ژیا، ئەم قۆناغەی بە باشی ڕێبەرایەتی کرد. کۆمەڵەی بۆ خۆڕاگریەکی مێژوویی لە بەرامبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی ئامادە کرد. لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەم خۆڕاگریەدا، کاك فواد لە ریزی پێشەوە گیانی بەخت کرد. پاش کاك فواد ڕەوتێك لە بەشێك لە ڕێبەریی کۆمەڵە وردە وردە کۆمەڵەی لە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەوە بەرەو ڕێکخراوێکی بچووك کە بەردەوام لەگەڵ ئاڵۆزیی فیکری و سیاسیی خۆی دەستەویەخەیە، کێشا. ئەم ڕەوتە کۆنگرەی ٢ی ساز کرد. بەرەو پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست چوو و گرووپێکی نەناسراو و ناشۆڕشگێڕی بۆ هاوپەیمانیی خۆی هەڵبژارد. لە جەرگەی بزووتنەوەی کوردستاندا بۆ پێکهێنانی "ئەنترناسیۆنالی پرۆلتێری" بەرەو هەندەران چوون. لە یەکەم ناکۆکی و قەیرانی ناو حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە، لایەنی کۆمۆنیزمی کرێکارییان هەڵبژارد. پاش ڕۆیشتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری، ئەم ڕەوتە کە لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست مایەوە، بە ڕەخنە لە خۆ گرتن و بە دوورکەوتنەوە لەم ڕابردووە توانیان متمانەی لانیکەم بەشێك لە ڕێبەری و کادرەکان بەدەست بهێننەوە. پاش سەرهەڵدانی ناکۆکیەکانی ناو حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە لە کۆتایی دەیەی ٧٠ی هەتاوی، سەرەڕای هەڵەیەکی گەورە کە لێیان ڕوویدا و باڵی ڕەخنەگری ناو کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی لاواز کرد، بەڵام بەهۆی پەیوەست بوونیان بە ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە و ڕێبازی سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەیی ئەم ڕەوتە، توانییان هەڵێکی مێژوویی بقۆزنەوە و هەڵەکانی ڕابردوویان کە بەراستی لە بەلارێدا بردنی کۆمەڵە و لاواز کردن و تێکشکاندنی کادرەکان و چەواشەکردنی مێژووەکەی دەوری کاریگەریان بوو، تا ڕادەیەك بشارنەوە.

بەڵام پاش ٤ ساڵ لە هاتنەدەر لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ڕەوتێکی بەپێچەوانەی ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵەی لە ناو دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە و ڕێبەریەکەی دامەزراند. بە دەست بەسەردا گرتنی ئۆرگانەکان و بە کێشانی ڕێبەریی کۆمەڵە بەرەو قەیران، نەخشە و پیلانی بەدەستەوە گرتنی کۆمەڵە و یەکلا کردنەوەی دەسەڵاتیان لە ژێر ناوی "حیزبی پۆڵایین و تۆکمە" یا بە وتەی سکرتێرەکەیان، "حیزبی موجاهیدینی" داڕشت. ئەم نەخشە و پیلانە لەگەڵ سیاسەتی چاوەڕوانی بۆ هێرش کردنە سەر ئێران لە لایەن هێزە دەرەکیەکانەوە و هەروەها بێهیوایی ئاشکرا لە ئاست بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان کە زۆرجار لە قسە و باسەکانیاندا ڕەنگی دەدایەوە، هاوجیهەت و هاوڕایە. هەربۆیە کادر و مێژووی کادر و دیموکراسیی ناوخۆ، ریفۆرم و ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی ڕێبەرییان کردە گاڵتەجاڕ و تا توانییان چەواشەیان کرد.

ئێستا ئەم ڕەوتە کە بە باڵی سکرتێر دەناسرێتەوە، کۆمەڵەی بەرەو لێکترازانی یەکجاریی باڵەکان بردووە. بێگومان ئەمە کۆسپێکە. بێگومان کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستان کە هیوایان بە ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە بەستبوو، تووشی نیگەرانی دەبن. بێگومان ئەم کۆسپە ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە و ڕەوتی بووژانەوەی ڕێکخراوێك کە لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا درەوشا، تووشی نەکسە دەکات. بەڵام هیوا بە هەستانەوەی ئەم ڕەوتە لە کاتێکدا کۆمەڵگای کوردستان و ئەو بزووتنەوە نوێیەی کە توانیویەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو خۆی بناسێنێ، دەتوانێ هیوایەکی واقیعی بێت. ڕەوتی ریفۆرم و چاکسازی لە کۆمەڵە و ئەو بزووتنەوەیەی کە لە دەوری پێکهاتووە، تا ڕادەیەك وەها هیوایەکی خستووەتە دڵی هەموو ئەوانەی کە بووژانەوەی کۆمەڵە ئاواتیانە. بەڵام زۆر ڕوونە کە وەها بووژانەوەیەك و پێکهێنانی سەر لە نوێی ڕەوتێکی چەپ و جەماوەری و ڕێبەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان، تەنیا کاری ڕەوتی ریفۆرم و چاکسازی نیە. ئەم ڕەوتە تەنیا بە پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێز و گەورەی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەتوانێ هەنگاوەکانی بەرەو داهاتوو مسۆگەر بکات.

## سمیناری ڕەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە

ڕۆژی ١٥ی مانگی ئاگۆستی ڕابردوو، لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە، بە بەشداریی نزیکەی ١٠٠ کەس لە ئەندامانی لایەنگری چاکسازی لە کۆمەڵە، سمینارێك بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکانی ئەم دەورەیەی کۆمەڵە و پێویستیی چاکسازی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵەدا، ساز درا و لەم سمینارەدا ڕەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە بە ڕەسمی دەست بە کار بوونی خۆی لە ناو ریزەکانی هەموو بەشەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵەدا ڕاگەیاند. دوای بە ئەنجام نەگەیشتنی بە کردەوەی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەر دوو باڵی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی و باڵی دەفتەری سیاسی و ژێر پێ نان و شکاندنی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەر دوو لا لە لایەن هاوڕێیانی باڵی دەفتەری سیاسی، ئەو باڵە بڕیاریدا بە ناوی کۆمەڵەوە کۆنگرە بگرێت و هیچ قسە و دیالۆگێکی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەرەوەی کۆمەڵە و هەڵسووڕاوان و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی لەمێژینە و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردی بۆ وەدوا خستنی کۆنگرە و ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی کە نوێنەرایەتیی هەر دوو باڵی ناو کۆمەڵە بکات بو ل ١١



## کۆماری ئیسلامی لە ئاوێنەی ڕووداوەکاندا

بە دەگمەن ڕۆژ هەیە کە میدیاکانی ناوچە و جیهان سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی بابەت و هەواڵێك بڵاونەکەنەوە. سیاسەتی کۆنەپارێزانی کۆماری ئیسلامی لە ئاست ناوچەکە و جیهان و لەوەش گرنگتر سیاستە دژ مرۆییەکانیان لە ناوخۆی ئێران زۆربەی کات خۆراکی ڕاگەیاندنە بیستراو بینراوەکان بووە. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ژمارەیەك لەو ڕووداوانە کە بە دڵنیاییەوە هەموو کارەسات و ڕووداوەکانی کۆماری ئیسلامی لە خۆی ناگرێت. بو ل ٣

## چاکسازی ڕێگایەك بۆ یەکگرتن و گەشەکردن

ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە گەرچی لە بواری سیاسیدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا و بزووتنەوەیەکی بەرین لە دەوری پێکهات، بەڵام ئەو ڕەوتە لە بواری ڕێکخستندا بەو پێیە نەچووە پێش. ڕێکخستنی کۆمەڵە، چ لە باری بەرینایی و چ لە باری شێوازەکانی ڕێکخستن و میکانیزمەکان و ڕێساکانی، وەڵامدەرەوەی پێشڕەوییە سیاسیەکانی ڕەوتی ساغکردنەوە نیە. بو ل ٦

# درێژەی نارەزایەتییەکان بەرانبەر بە پەسەند کردنی حوکمی ئێعدامی عەدنان حەسەنپوور و هیوا بوتیمار

ئەیوب ئەسەدی

لە درێژەی نارەزاییەتییەکان بەرانبەر بە پەسەند کردنی حوکمی ئیعدامی رۆژنامەوان عەدنان حەسەنپوور و چالاکی مەدەنی هیوا بوتیمار وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بە توندی ئەم حوکمەی رژیمی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کردو خوازیاری ئازادی دەست بەجێی ناوبراوان بوو. هەروەها یەکییەتی ئورووپاش سەبارەت بە شەپۆلی ئێعدام لە ئێران نارەزاییەتی خۆی دەربڕی و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم شێوە حوکمانە بوو. ولاتی پورتەغاڵ کە ئێستاکە سەرۆکاییەتی یەکییەتی ئورووپای لە ئەستۆیە لە بەیانیەیەکدا داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد کە لە بەرێوەبردنی حوکمی ئێعدامی رۆژنامەوان عەدنان حەسەنپوور و چالاکی مەدەنی هیوا بوتیمار خۆ ببوێرێت و بەڵین بدا کە ئەم دوو هەڵسووڕاوە مەدەنیەی کورد لە دادگایەکی عادیلانەدا دادگایی بکرێن وماف ئامادە بوونیان بپارێزرێت. لە لایەن دەزگای قەزایی رژیمەوە ئەم دوو رۆژنامەوانەی کورد بە تۆمەتی "شەڕ لەگەڵ خودا"مەحکووم کراون. عەلیرەزا جەمشیدی وتەبێژی دەزگای قەزایی رژیم لە وتووێژێکی رۆژنامەیی رایگەیاندبوو: ئەم دوو هەڵسووڕاوەی کورد بەتۆمەتی شەڕ لە گەڵ خودا بە ئێعدام مەحکووم کراون. شەڕ لە گەڵ خودا تاوانێکە کە لە قورئاندا ئامارەی پێکراوە. هەروەها یەکییەتی ئورووپا سەبارەت بە سەرکوتی نەتەوەکان لە ئێران و پەرەسەندی حوکمی ئێعدام لە چەند مانگی رابردوودا لەو ولاتە نیگەرانی خۆی دەربڕیوە. لە درێژەی ئەم نارەزایەتیانەدا بەرانبەر بە حوکمی ئەم دوو رۆژنامەوانەی کورد رێکخراوی نێونەتەوەیی داکۆکیکاری ماف کارمەندانی میدیا ماوەیەك لەوەپێش بە بلاوکردنەوەی بەیانیەیەك سەبارەت بە پەسند کردنی حوکمی ئێعدام بۆ ئەم دوو رۆژنامەوانەی کورد نارەزایەتی توندی خۆی دەربڕی و خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی دەست بەجێی ئەم حوکمە بوو. ئەم رێکخراوەیە پەسندکردنی ئەم حوکمە بەرانبەر بە ئەم دوو هەڵسووڕاوە بە ناڕەوا و زاڵمانە دەزانێ و خوازیار ئەوە بووە کە لە لایەن رای گشتیەوە گوشار بخرێتە سەر رژیمی کۆماری ئیسلامی تا بەو شێوەیە بتوانن پێش بە ئێعدامی ئەم دو هەڵسووڕاوەی کورد بگرن. هیوا بوتیمار لە ژینگەپارێزانی کوردستانە. بوتیماریش لە ئەنجومەنی "چیای سەوز" کە گۆڤارێك بەم ناوەوە چاپ دەکرا ئەندامیەتی هەبوو. عەدنان حەسەنپووریش کە ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتوونامەی داخراوی ئاسۆ بوو لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٦دا رەوانەی زیندای گشتی مەریوان کرا و دواتر لە رێکەوتی ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٦ یەکەمین کۆبوونەوەی دادگایی کردنی ناوبراو هەر لە دادگای شاری مەریوان بەرێوەچوو و بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی و هاوکاری لە گەڵ حیزبە کوردیەکانی نەیاری رژیم بە ئێعدام مەحکووم کرا. شایانی باسە لە حاڵی حازردا عەدنانی حەسەنپوورو هیوا بوتیمار لە ژووری تاکەکەسی زیندانی ئیتلاعاتی سنە دا بەسەر دەبەن . رژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە کاتی هاتنە سەرکاریەوە تائێستا بەرانبەر بە خەڵکی کورد و بەتایبەتی رووناکبیران و هەڵسووڕاوانی سیاسی و کۆمەلایەتی، لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە دەستی نەپاراستووە و بە هەرشێوەیك بۆی کرابێت خەڵکی کوردی سەرکوت کردووە. بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد سەرکوتگەری لە کۆمەڵگای ئێران و بەتایبەتی کوردستان زیاتر لە جاران پەرەی سەندووەو رۆژ نییە لە میدیاکانەوە هەواڵی پەسەند کردنی حوکمی ئێعدام لە لایەن رژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر رۆژنامەوانان و چالاکانی کۆمەلاییەتی و هەڵسووڕاوانی سیاسی بلاو نەبێتەوە. لە سەراسەری جیهان شەپۆلێکی بەرینی نارەزایەتی بەرانبەر بە حوکمی ئێعدامی ئەم دوو رۆژنامەوانەی کورد وەرێکەوت و سەرجەم ناوەندەکانی ماف مرۆڤ و ناوەندە کۆمەلایەتییەکانی جیهان داوایان لە کۆماری ئیسلامی کرد کە لە بەرێوەبردنی حوکمی ئەم دوو هەڵسووڕاوە مەدەنییە پاشگەز بێتەوە، بەلام رژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش لەسەر جێبەجێ کردنی ئێعدامی ئەم دوو چالاکوانە بەردەوامە. هەر لە ماوەی چەندمانگی رابردوودا چەندین رۆژنامەوان و چالاکی سیاسی و کۆمەلایەتی کورد لە لایەن رژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر و راپێچی گرتووخانەکانی رژیم کراون و بە وەحشیانەترین شێوە ئەشکەنجە کراون. ئێمەش داوا لە سەرجەم ناوەندەکانی ماف مروڤ و هەڵسووڕاوانی بوارە جیاجیاکانی کۆمەلایەتی دەکەین کە بە هەر شێوەیەك بۆیان دەکرێ پێش بە بەرێوەبردنی حوکمی ئەم دوو چالاکوانەی کورد بگرن.





# تۆپباران کردنی ناوچەسنووریەکانی کوردستانی عێراق لە لایەن رژیمی ئێرانەوە

رۆژانی شەممە وسێشەممە رێکەوتی٢٥/ ٨/ و ٨/٢٨/ ٢٠٠٧هێزەکانی رژیمی ئێران گوندەکانی سنووری ناحیەی ژاراوە و حاجی ئۆمەرانیان تۆپباران کرد. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کوردستانی عێراق رایگەیاند: کاتژمێر ٢ و١٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی ٨/٢٥/ ٢٠٠٧هێزەکانی ئێران گوندەکانی ناحیەی ژاراوەی کە پێکهاتوون لە (بەستە، مارەدوو، بەرقەڵشی، سوورەگڵە، دۆڵی زەندان) تۆپ باران کردووە و بەوهۆیەشەوە دارستانەکانی ناوچەکە ئاگری تێبەربووە، بەلام بەخۆش حاڵیەوە زەرەری گیانی بەدواوە نەبوو. هەر بە پێی ئەم هەواڵە: بنەکەی فەرهەنگی سەنگەسەر ویستوویانە نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بەم کردەوەیە دەربڕن وخۆپیشاندانێك ساز بکەن، بەلام لە لایەن بەرپرسانی ئیداریی سەنگەسەر و قەلادزێیەوە رێگەیان پێ نەدراوە، بەبیانووی ئەوەی کە ناتوانن ئەمنیەتی هاوولاتیان بپارێزن. سەبارەت بەم رووداوە حسێن ئەحمەد قائیمقامی پشدەر رایگەیاندبووکە ئەگەر تۆپبارانەکە بەردەوام ببێت،پشتگیری خەڵك دەکەین لە سازدانی خۆپیشاندان. هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە قائیمقامی پشدەر ئاشکرای کرد،ب رێکی زۆر کەل و پەل و خۆراك و پێداویستی ماڵ و پۆشاك لەسلێمانییەوە بۆ ئاوارەکانی سنووری پشدەر نێردراوە. شایانی باسە کە لە درێژەی دەستدرێژی رژیمی ئێران بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی کوردستانی باشوور رۆژی سێشەممەش ٢٨جولای ٢٠٠٧ زایینی هێزەکانی رژیمی ئێران بۆ جارێکیتر گوندەکانی ناوچەی حاجی ئۆمەرانیشیان تۆپباران کرد و زەرەر و زیانێکی زۆریان بە گوندەکانی "وارشانکا"و "دۆڵی سێبەری" و سەرقوڵیان و بەردەسپیان گەیاند. ئەم تۆپبارانە کە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی دەستی پێکرد زیاتر لە ٢سەعاتی خایاند و بۆ یەکەم جار راجیمەیان بەکار هێناوە و ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا درووست کرد، بەشێوەیەك سێ کەس لە هۆش خۆیان چوون.



ئەم جۆرە هێرشانەی رژیمی ئێران بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی کوردستانی باشوور یەکەم جار نییە کە بەرێوە دەچێت و دواین جاریش نابێت. لەبەر ئەوەی رژیمی ئێران بەم شێوەیە دەیهەوێت کە کوردستانیش وەکوو ناوچەکانی دیکەی عێراق ئالۆز بکات و دەسەلاتی خۆی لە ناوچەکە بسەپێنێت. ئەم هێرش و دەستدرێژیانەی رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچە سنووریەکانی کوردستانی باشوور لە حاڵێکدایە کە گوشاری هێزی دەرکی لەسەرە و لە رێکخراوی نێونەتەوەیی هیچ پێگەیەکی نییە و لە هەمان کاتیشدا لە لایەن خەڵکی ناوخۆی ئێران و بەتایبەتی خەڵکی کورد شەرعیەتی نەماوە و بەردەوام خەڵك و بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بەم رژیمە دەردەبڕن. هەر بۆیە رژیمی کۆماری ئیسلامیش بۆ چاو ترساندنی خەڵکی کورد ساڵەهایە کوردستانی میلیتاریزە کردووە. بەلام ئەمجۆرە کردەوانەی رژیم هیچکات نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکات و بەڵکوو زیاتر لە جاران پێداگری لە سەر خواست و داخوازییەکانیان دەکەن و درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن بۆ بەدەست هێنانی مافە رەواکانیان.

# کۆماری ئیسلامی لە ئاوێنەی ڕووداوەکاندا

عەتا ناسر سەقزی

بە دەگمەن ڕۆژ هەیە کە میدیاکانی ناوچەو جیهان سەبارەت بەکۆماری ئیسلامی بابەتو هەواڵێك بڵاونەکەنەوە. سیاسەتی کۆنەپارێزانی کۆماری ئیسلامی لە ئاست ناوچەکەو جیهانو لەوەش گرنگتر سیاستە دژ مرۆییەکانیان لە ناوخۆی ئێران زۆربەی کات خۆراکی ڕاگەیاندنە بیستراو و بینراوەکان بووە. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ژمارەیەك لەو ڕووداوانە کە بە دڵنیاییەوە هەموو کارەساتو ڕووداوەکانی کۆماری ئیسلامی لە خۆی ناگرێت.

### کێشەی ئەتۆمی

لەماوەی چەندساڵی ڕابردووداو بەتایبەتی پاش هاتنە سەرکاری مەحمودی ئەحمەدی نژاد، کێشەی ناوەکی ئێرانو سوور بوونی ئەم ڕژیمە بۆ دەستراگەیشتن بە وزەی ناوەکی، پێوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تووشی قەیران کردووە. وڵاتانی ئەوروپاییو ئامریکا بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر هەوڵیاندا تا پێش بەوە بگرن ڕژیمێکی کۆنەپارێزو لایەنگری تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لە ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی بە وزەی ناوەکیو بەدوایدا بە چەکی ئەتۆمی بگات، کە بە مەترسیەك بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتیو بۆ سەر جیهان بەگشتی دەزانرێت. لە دوایین هەوڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ سزادانی ئێران بە هۆی ملهۆڕییەکانیەوە، سەرەتای ئەمساڵ پانزە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە کۆی دەنگ بڕیارنامەیەکی نوێیان دژ بە ئێران پەسەندکرد کە چەندین ئابلۆقەی نوێ دژی کۆماری ئیسلامی لە خۆ دەگرێت. بە پێی بڕیارنامەی ژمارە ١٧٤٧ی ئەنجومەنی ئاسایش ناردنەدەرەوی چەكو چۆڵ لە لایەن ئێران قەدەغەدەکرێتو داوا لە تەواوی دەوڵەتان کراوە هیچ چەشنە وامێك بە کۆماری ئیسلامی نەدەن. هەروەها لەو بڕیارنامەیەدا دەرفەتێکی ٦٠ ڕۆژە بۆ کۆماری ئیسلامی دیاری کرا تا پیتاندنی یۆرانیۆم ڕاگرێتو لەگەڵ پشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی هاوکارییەکانی زیاتر بکات چونکە بە پێچەوانەی ئەوەوە توشی ئابلۆقەی زیاتر دەبێتەوە. بەڵام بە تێپەڕکردنی زیاتر لە سێ مانگ لە کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هیچ گرنگیەکیان بە بڕیارەکان نەداوەو هەوڵیانداوە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم کەم بکەنەوە. ڕژیمی تاران بە گوێنەدان بە داواکاریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو خستنە پشتگوێی کاریگەریی بەردەوامبوونی ئەم ئابلۆقانە لە سەر ژیانی خەڵكو هەرچی زیاتر تەریککەوتنەی ئێران لە پێوەندییە نێونەتەوییەکان، دیسانەوە بەردەوامبوون لەسەر بەرنامە ناوەکیەکانی دەکاتە سیاسەتی ڕەسمی خۆی. لە دوایین ڕووداوەکانی پێوەند بە مەسەلەی ناوەکی ئێران، لەم ڕۆژانەی دواییدا دیدارێك لە نێوان جێگری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم و جەوادی وەعیدی جێگری عەلی لاریجانی، دانوستانکاری سەرەکی ئێران لە کێشەی ناوەکی، هەردوو لا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە بە پێی خشتەیەکی زەمەنی ئێران هەوڵ بدات شەفافیەتێکی زیاتر لە مەسەلەی ناوەکی بۆ کۆمەڵگای جیهانی نیشانبدات. ئێرانو ئاژانسی وزەی ئەتۆمی وردەکارییەکانی ئەم ڕێکەوتنەیان بڵاو نەکردوەتەوە، بەڵام بە پێی ڕاپۆرتەکان پێدەچێت ئەم ڕێکەوتنە یارمەتیدەری پشکنینی دامەزراوە ئەتۆمیەکانی ئێران لە لایەن پشکێنەرانی ئاژانسی ئەتۆمی بێت. ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم پێیوایە کە ئێران تەواوی ڕەهەندەکانی بەرنامە ناوەکیەکەی خۆی کە ماوەی ١٨ ساڵ بە شێوەی نهێنی لەسەری بەردەوامبووە، ئاشکرا نەکردووە. هەربۆیە ئاژانس پاش نزیکەی ٤ساڵ چالاکی پشکنینی دامەزراوە ناوەکیەکانی ئێران، ناتوانێت ئاشتیخوازانە بوونی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران بەو جۆرەی کە دەسەڵاتدارانی ئێران بانگەشەی بۆ دەکەن قبوڵ بکات. بە ڕێکەوتنی ئەم دواییەش لە نێوان ئێرانو ئاژانسدا، هەوڵەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی بۆ پەسەندکردنی بڕیارنامەیەکی تر لە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە مەبەستی توندکردنەوەی ئابلۆقەی ئابووریی ئێران، بێ ئاکام دەمێنێتەوەو ئەم هەوڵانە تا دیداری وەفدی پشکێنەری ئاژانس لە دامەزراوە ئەتۆمیەکانی ئێران دوا دەخرێت.

### کەمو کورتی لە بودجەی دەوڵەتی ئێران

ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامی لە زاری وەزیری ئابووریی ئێران بڵاویان کردەوە کە بودجەی ئەمساڵ بە ڕێژەی ١٦٪ کەمیی هێناوە. کەمیی بودجە کاتێك دروستدەبێت کە هەزینەکانی دەوڵەت لە داهاتەکان زیاتر بێت. ساڵانی ڕابردوو هەموو کاتێك لە بەشی سوبسیدو بەشی مووچەی کارمەندانی دەوڵەتدا دەوڵەت لەگەڵ کەمیی بودجە بەرەورووو دەبوو. ئەگەر چی ئەمساڵ تا ئێستا بەڕەسمی بەشەکانی ئەم کەموکورتیە ڕانەگەیەندراوە بەڵام وا چاوەڕوان دەکرێت کە سناریۆی ساڵانی ڕابردوو دووپات بووبێتەوە. لە دووساڵی ڕابردوواو بە هۆی زۆربوونی هەزینەو مەسروفاتی زیاد لەرادەی دەوڵەتو بەکارهێنانی زیاد لە ڕادەی داهاتی نەوت، گەشەی نەقدینەگی لە ئێران خێراییەکی زۆری بەخۆوە گرتووەو نەقدینەگی زیاتر لە ٤٠٪ ڕووی لە زیادبوون کردووەو بە ژمارەی کەم وێنەی ١٣٤هەزار ملیارد گەیشتووە. بە پێی ئامارە ڕەسمیەکان نرخی هەڵئاوسان لە کۆتایی مانگی پوشپەڕی ئەمساڵ بە ١٤.٨٪ دەگاتو ئەم نیگەرانیەش هەیە کە ئەم ڕەقەمە بەرەو ژوورتر بڕوات. کەمهێنانی بودجە یەکێك لە کێشە گرنگەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەحمەدی نژادە کە ئەوەی ئاشکرایە وەك ساڵانی پێشوو بۆ چارەسەری کاتیی ئەم کێشەیە پەنا بۆ داهاتی نەوتو سندوقی زەخیرەی دراوی وڵات دەبەن کە ئەمەش وێرانی یەکجاری ئابوریی نەخۆشی ئێران مسۆگەر دەکات.

### جیرەبەندی بێنزین

دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە چەند مانگی ڕابردوودا، بێنزینی لە سەراسەری ئێران جیرەبەندی کرد تا بەمجۆرە بتوانن بڕێکی زۆر لە هەزینەی هاوردەی بێنزین کەم بکەنەوە. ئەم سیاسەتە ناعەقڵانییەی دەوڵەتی نۆهەم کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی ئاسایی خەڵكو تا ڕادەیەکیش لەسەر داهاتە توریستیەکانی ئێران دانا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چەندین ناڕەزایی توندی خەڵکی بەگیانهاتووی ئێرانی لێکەوتەوە. لەم ڕۆژانەی دواییدا ژمارەیەك لە نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی دەنگیان بە گەڵاڵەیەکدا کە بە پەسەندکردنی کۆتایی ئەم گەڵاڵەیە دەوڵەت بەرپرسیار دەکرێت تا سەرەڕای سەهمیەی بێنزین، بێنزینی ئازادیش بۆ خەڵك فەراهەم بکات. بە هۆی جیرەبەندی بێنزینەوە بە ڕێژەی ٧٠٪ هاتوچۆی خەڵك بۆ سەیرانگاکانی باکووری ئێران و شارە زیارەتییەکان کەمبووەتەوەو بەم هۆیەوە زۆربەی ئەو کەسانەی لە بەشی گەشتوگوزاریدا کاریان دەکرد لە کار بێکار بوون.

### سیناریۆی شۆڕشی مەخمەڵی

لەم ڕۆژانەی دواییدا هالەی ئیسفەندیاری توێژەری ناوەندی لێکۆڵینەوی "ڤودرۆ ویلسۆن"ی ئەمەریکا پاش سێ مانگ دەستبەسەرکردن بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نەتەویی بە وەسیقەی ٣٠٠ ملیۆن تمەن لە زیندان ئازادکرا. ئەمەش بەدوای ئەو سیناریۆیەوە دێت کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیان لەژێر ناوی "بە ناوی دیموکراسی" بۆ هالەی ئیسیفەندیاریو کیانی تاجبەخش، دوو ئەمەریکایی بەڕەگەز ئێرانی وەڕێ خست. لەم بەرنامەدا کە لە تەلەفزیۆنی ڕەسمی دەوڵەتی ئێرانەوە بڵاوکرایەوە، دەستگیرکراوەکان دانیان بەوەدانا کە لەسەر پلانێکی داڕێژراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەردانی ئێرانیان کردووەو بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕشی مەخمەڵی لە ئێران هەوڵیان داوە. لە ڕاستیدا ئەم بەرنامەیە بە پیشاندانی چەند دیمەنێك لە شۆڕشە ڕەنگییەکانی سێربستان، گورجستان، ئۆکراینو قرقیزستان، هەوڵیدا بە بینەرانی ئێرانی ئەوە بگەیەنێت کە دووپات کردنەوەی ئەو شێوە شۆڕشانە لە ئێران لە دەستوری کاری ئەمەریکادایە. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێت ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە ئەو گوێگرو بینەرانەی کە دەسەڵاتدارانی ڕژیم بەتەمابوون وەرگری پەیامی ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانە بن، خەڵکی ئاسایی شەقامو بازاڕ نەبوون، بەڵکو بەرنامەکە ڕووی لە توێژی خوێندەوارو ڕۆشنبیری ئێران بەتایبەت خوێندکارانو نوسەرانو بیرمەندانی ئێرانی بوو تا تێیان بگەیەنێت ئەمەریکا دەیەوێت بە دروستکردنی کەسانی جێگەی متمانەی خۆی لە ناو توێژی خوێندکارو ڕۆشنبیری ئێران شۆڕشی مەخمەڵی لە ئێران بەرپا بکات. لە لایەکی ترەوە ڕەنگە بڵاوکردنەوی ئەو جۆرە بەرنامانە وەك ئەمەی ئیسفەندیاریو تاجبەخشو پێشووتریش دانپێنانەکانی ڕامینی جەهانبەگلو، پاساو و بیانوویەك بێت بۆ سەرکوتی توندترو بەربڵاوتری بزوتنەوەی خوێندکارانو هەڵسوراوانی مەدنیو ژنان، تا بەم بۆنەیەوە سەرکوتگەرانی کۆماری ئیسلامی بە توندوتیژیو سەرکوتی ئەم بزوتنەوانە شەرعیەت بدەن. پێشینەی بڵاوکردنەوەی ئەم چەشنە بەرنامە تەلەفزیۆنیانە بۆ سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاوی دەگەڕێتەوە. لە ساڵەکانی ١٣٥٠-١٣٥٤ ژمارەیەك لە هەڵسوڕاوانی سیاسی، ڕوناکبیرانو نوسەرانی نەیاری ڕژێمی پاشایەتی ئێران لە بەردەم کامێراکاندا ئامادەبوون کە ئەم پرۆسەیە لە سەردەمی پاشایەتی لەسەر داوای دەوڵەتی ئەو کاتی ئەمەریکا ڕاگیرا. لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانو بەتایبەت لە دەیەی٦٠ی هەتاوی ئەم سیناریۆیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئیسلامییەوە دەستپێکردەوە کە هەر نمایشێك سیاسەتێکی تەبلیغی لە پشتەوە بوو. لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان ژمارەیەك هەڵسوراوی سیاسیو هەندێك جار ئەو پێشمەرگانەی بەدیل دەگیران لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاری جەستەییو دەروونی، دەکرانە کەرەسەی بەڕێوەچوونی ئەم نمایشە تەلەفزیۆنیانەو بەم جۆرە کۆماری ئیسلامی دەیویست سیاسەتی ترسو ناهومێدی بەسەر بزوتنەوەو خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێت. نمونەیەکی تر دانپێنانە تەلەفزیۆنییەکانی ئەندامانی حیزبی تودە وەك نورەدینی کیانوری، محەمەد عەلی عەمویی، ئیحسانی تەبەریو چەندانی تر بوون کە ڕژیم پڕوپاگەندەی پێوە دەکرد. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە، کەڵك وەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لەم شێوەکارانەو لە شێوەگەلی ئەمنیەتیو توندوتیژی لە بەرەورووبونەوە لەگەڵ ناڕەزایی خەڵك، سەرەڕای ئەوەی سیمای دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆو دەرەوی ئێران زیاتر دەردەخات، کاریگەریشی دەبێت لەسەر پەرەئەستاندنو بەربڵاوتربوونی نارەزاییەکانو بەدڵنیاییەوە لەوە بەدوا دەبێت ترسی دەسەڵاتدارانی پاوانخوازی ڕژیم نەك لە شۆڕشی مەخمەڵیو نارنجی بێت، بەڵکو چاوەڕوانی شۆڕشی سووری چینو توێژو نەتەوەکانی ئێران بن.

### کێشە ناوخۆییەکانی ئێران

سیاسەتی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەنانەت لەسەر ژیانی تاکەکەسی خەڵکانی ئێراندا کاریگەری نێگەتیڤی بووە. نارەزاییو وەتەنگهاتنی نەتەوەکانی ئێران وەك کورد، بەلوچ، تورك،... بەهۆی سیاسەتی شۆڤێنیستی ڕژیم ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندن دایەو هەر ڕۆژەی شاهیدی سەرکوتی نەتەوەکان لە ئێران دەبین. گرتنو زیندانی کردنی بە تاكو بەکۆی هەڵسوڕاوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕۆژنامەنوسان، هەڵسوراوانی کرێکاری، ژنان، خوێندکاران، بووەتە سیاسەتی ڕۆژانەی ڕژیمی ئیسلامی لە شارو گوندەکانی ئێران. لەوانە: داخستنی ڕۆژنامەکانو بڵاوکراوە خوێندکارییەکان، هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی ٥٤٨ ڕۆژنامەو گۆڤار، دەرکردنی حوکمی ئیعدام بۆ دوو ڕۆژنامەنوسو هەڵسوڕاوی مەدنی کورد، زیندانی کردنو بانگهێشتکردنی بەردەوامی ڕۆژنامەنوسان بۆ دادگاکان، دەستگیرکردنو ئەشکەنجەی ژمارەیەك لە هەڵسوڕاوانی کرێکاریی، خوێندکاریی، زیندانیانی سیاسی، فیلترینگی سایتو وێبلاگەکان، لەسێدارەدانی نزیکەی ٣١کەس لە سەراسەری ئێران لەمانگی ڕابردوو بە بیانوی جۆراوجۆر، کە هەر لەم ماوەیەدا ٣٢ کەس لە شارەکانی ئێران بە بەرچاوی خەڵکەوە لە سێدارە دراون. دەستێوەردانی هێزەکانی ڕژیم تەنانەت لە شێوەی جلو بەرگ پۆشینی خەڵك بەتایبەتی ژنان کە بە پێی ئامارەکان لەم ماوەیەدا نزیکەی یەك ملیۆن کەس لە پێوەند لەگەڵ حیجابدا لێپرسینەوەو توندوتیژیان لە گەڵدا کراوەو نزیکەی ٥ هەزار کەسیش لەم پێوەندەدا دەستبەسەر کراون. سەبارەت بە لەسێدارەدانی مێرمنداڵان لە ئێرندا، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکدا بەناوی "ئێران: دوایین جەلادی منداڵان" دەنوسێت کە ئەگەرچی ئێران لە واژۆکەرانی پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنیو سیاسیەکانو هەروەها کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠ەوە تا ئێستا لە ئێران زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر شاهیدی لەسێدارەدانی لاوانی ژێر ١٨ساڵ بووە. ئەم ڕێکخراوە ڕایدەگەیەنێت کە لە ساڵی ١٩٩٠ تا ئێستا لەسێدارەدانی ٢٤ تۆمەتباری مێرمنداڵ لە کۆماری ئیسلامی پشتراست کراوەتەوە کە یانزە کەس لەم قوربانیانە لە کاتی قوربانی بووندا کەمتر لە ١٨ساڵ بوون. ڕاپۆرتەکە هەروەها باس لەوە دەکات کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پاش دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ مێرمنداڵان، مەحکومەکان تا گەیشتن بە تەمەنی ١٨ساڵی لە زیندان دەهێڵنەوەو پاشان ئێعدامیان دەکەن.

### تۆپبارانی ناوچە سنوریەکانی باشوری کوردستان

هەواڵەکانی ئەم دواییەی میدیاکانی هەرێمی کوردستان باس لە هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن. تۆبارانکردنی ناوچە سنوریەکانی قەندیل، حاجی هۆمەرانو ئاواییەکانی سنوری شاری پێنجوێن کە تا ئێستا جیا لە زیانی مادیو سووتانی ڕەزو باخی خەڵکی ناوچەکە، چەندین کوژراو و بریندای لێکەتۆتەوە، خەڵکی ناوچەکەی بەرەو ئاوارەیی لە ماڵو حاڵی خۆیان بردووە. ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی وێنەو هەواڵی ئەم تاوانانەی کۆماری ئیسلامی باس لەوە دەکەن کە بەرپرسانی حکومەتی عێراقو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێوندییەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی ڕژیمی تاران، کۆماری ئیسلامییان ئاگادار کردوەتەوە کە دەستدرێژییەکان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان ڕابگرن و ئەم کردەوەی کۆماری ئیسلامی بە پێشلکردنی مافە نێودەوڵەتییەکان ناولێدەبەن. لە بەرامبەردا بەرپرسانی ڕژیمی تاران ڕاوەدونانو سەرکوتی چەکدارەکانی پارتی ژیانی ئازادی کورد(پژاك) سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا (پ ك ك) وەك پاساوی ئەم هێرشانە ناو لێدەبەنو ڕایدەگەیەنن کە ئامانجی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا سەرکوتی چەکدارەکانی پژاکە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە هێرشی هێزی سەربازیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچە سنورییەکانی کوردستانی عێراق مەبەستی تری لە پشتە. دەسەڵاتدارانی ئێران وڵاتی عێراق وەك گۆڕەپانی ململانێ لەگەڵ ئەمەریکا چاولێدەکەن. ئەمەش بە دەستێوەردان لە کاروباری باشوری عێراق لە ڕێگەی پشتگیری لوجستیکیو سەربازیی هێزە توندڕەوەکانی شیعەو تەنانەت هەندێك لە میلیشیاکانی سوننە مەزهەب بۆ هەموو کەس ئاشکرایە. ئێران بە ئامانجی لەناوبردنی سەربازەکانی ئەمەریکاو ڕێگەگرتن لە دروستبوونی ئارامییو ئاسایش لە عێراقو شکستهێنان بە پرۆسەی دەوڵەتی ئەمەریکا لە عێراق، بە تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆر هەموو هەوڵی خۆی بۆ تەیارکردنی میلیشیاکانی عێراق خستوتە گەڕ. ئەوەی شایانی ئاماژەیە هەرێمی کوردستان لە چاو ناوچەکانی تری عێراق ئارامییەکی ڕێژەیی بەخۆیەوە دەبینێت کە ئەمەش بووەتە چقڵی چاوی نەیارانێك وەك ڕژیمەکانی ئێرانو تورکیا. هەربۆیە هەر دوو ڕژیم بە تەنیاو جارجار بە شێوەی هاوبەش هەوڵی شێواندنی ئەم ئارامییەی کوردستان دەدەن.

لە لایەکی ترەوە ڕێی تێدەچێت کۆماری ئیسلامی ئەم هێرشانە وەك کارتێکی گوشار بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکار بێنێت تا بەهۆیەوە بتوانێت چالاکی حیزبە کوردیەکانی خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامی کە زۆربەیان بنکەسەرەکیەکانیان لە خاکی باشوری کوردستاندایە، بەرتەسك بکاتەوە.

# ساخکردنەوەی کۆمەڵە ئومێدەکان وکۆسپەکان

**ناسر حسامی**

ماوەیەکە، پێناسەی کۆمەڵە، ئامانجەکانی، سیاسەتەکانی، بینا حیزبییەکەی، ڕێبەرایەتییەکەی،پرەنسیبەکانی و ڕێگەکانی گەورە بوونەوە و بەرەوپێشچوونی، بوونەتەوە بە بابەتی لێدوانی ڕۆژانە لە نێو ریزەکانی کۆمەڵەدا. تێکۆشەرانی کۆمەڵە، سەرقاڵی گەلێك باسی گرموگوڕن لە بابەت پرۆسەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ئەو ئامانجانەی پێیان گەیشتین و، ئەو دۆخەی ئێستا تێیداین.

لە سەردەمی ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا، گەلێك هیوای گەورە گەشابوونەوە. فیداکاریی گەورە لە پێناویاندا دەکرا. ڕۆژانی سەخت و پڕ ئومێد تێپەڕکران. هەنگاوی گەورە بەرەو گۆڕان هەڵگیران. دوای ساڵها سستی و ناکامی، بووژانەوە هەستی پێدەکرا. دوای ساڵها شیعاری شکستخواردوو، کۆمەڵە دەهاتەوە ناو جەرگەی مەیدانێکی پڕ تەکان. دوای ساڵها بێزاری لە پەیوەندێکی کرمۆڵی پڕ لە ناتەبایی و بێمتمانەیی، بەرەبەرە متمانە و ڕاستگۆیی و بڕوا بەیەك کردن زیندوو دەبووەوە. دوای ساڵها یەکتر بوغزاندن، دوای ساڵها هەڕەشە و تۆمەت و ناو وناتۆرە لەیەکنان، دوای ساڵها کە لێپرسراوانی حیزبی بە زمانی "ئەساسنامە" مەرحەبایی ئەندامانیان دەکرد و، ئەندامان بە زمانی"تۆمار" و "فراکسیۆن" و"مەحفیل" و "گەرایش" لەگەڵ یەکتر دەدوان، لە سەردەمی ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا هەستی شۆڕشگێڕی و خۆ تەرخانکردن بۆ خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی ڕزگاریخوازانەدا هەستی خۆ بە بایەخدار زانین، گەرمای هێنایەوە ناو گیانی تێکۆشەرانی کۆمەڵە. تێکۆشەران نێوچاوانیان کرایەوە، دڵیان کرایەوە، زمانیان کرایەوە و لەوە دەچوو هەموو شتێك پاك بووبێتەوە. هیوای ئەوەمان هەبوو ئەو پرۆسەیە، کۆمەڵە هەتا ئاستی حیزبێکی ڕزگاریخوازی گەش و گەورە، بەرز کاتەوە.

> *لە سەردەمی ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا، گەلێك هیوای گەورە گەشابوونەوە. فیداکاریی گەورە لە پێناویاندا دەکرا. ڕۆژانی سەخت و پڕ ئومێد تێپەڕکران*

بەڵام ئەو پرۆسەیە ، بەسەر هێڵێکی ڕاست وبێگردا نەڕۆیشت. زۆر زوو جاڕی ئەوە درا"ڕاپەڕین تەواو بوو". زۆر زوو ڕاگەیەندرا "پرۆسەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە تەواو بوو". بە ئەندامانی کۆمەڵە ڕاگەیەندرا:(١): پرۆسەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە تەواو بووە، ئەو پرۆسەیە بە ئەنجامی خۆی گەیشتووە و ئەوانەی دەیانهەوێ کۆمەڵە گۆڕانی زیاتری بەسەردا بێ، بڕۆنەوە ماڵی خۆیان". ئەو قسەیە زۆر لەوقسەیەی خۆمەینی دەچوو کە هەر ڕۆژی دوای ڕاپەڕینی ئێران بە خەڵکی ڕاپەڕیوی گوت "ڕاپەڕین تەواو بووە. چەکەکان بدەنەوە بە ئەرتەش و خۆتان بڕۆنەوە ماڵ". لە ڕاستیدا، دەسەڵاتی بەپارێز ئاڵوگۆڕی تەنیا تا ئەو جێگایە دەوێ کە خۆی بە دەسەڵات بگا. لە دوای ئەوە، بەرانبەر بە ئاڵوگۆڕ و ئیرادەی پێکهێنەرانی ئاڵوگۆڕ دەوەستێ، هەڕەشەی لێدەکا، بە گێرەشێوێن ناوی دەبا و سەرەنجام سەرکوتی دەکا.

ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ڕەوتێك بوو ڕوو لە گۆڕانی بنەڕەتی. ئەو گۆڕانە دەمێك بوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا داوای دەکرا. کۆمەڵە چاوەڕوانیی ئەوەی لێدەکرا لە حاست ئەو هەلومەرجە تازەیەی کوردستان چاوبکاتەوە کە تێیدا ڕەوتی وەخەبەرهاتنی نەتەوەیی و وشیاریی نەتەوەیی، ڕەوتی گەشانەوەی ڕووناکبیری، ڕەوتی بایەخدانان بۆ نوێبوونەوە و ناسینی ڕاستییەکانی سەردەم هەتا دەهات پەرەی دەگرت. دیتبوومان خەڵکی کوردستان پشتیان لەو حیزبە هەڵکردووە کە لە جیاتی دانوستان لەگەڵ دیاردە نوێیەکان، لە حوجرەکانیدا حەدیسی مێژوو دەگێڕێتەوە و لە سیاسەت و کۆمەڵناسیدا خاوەنی گوتارێکە کە تەنیا ئاڵقەیەك لە تێکۆشەرانی لە مێژینەی خۆی تێی دەگەن. کۆمەڵە بەبێ ئەو گۆڕانە تێدا دەچوو. گۆڕانێك لە پێناوی ئەوەدا کە کۆمەڵە ببێتە حیزبی جەماوەری بەرینی خەڵکی ستەملێکراو و بێبەشی کوردستان. حیزبێك بۆ ڕێکخستنی خەباتی بێبەشان لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتیدا. بەشداریکردن لەو خەباتەدا پێویستیی بەوە هەبوو و هەیە کە کۆمەڵە:

١- ببێتە حیزبێکی کوردستانی. بەو مانایە کە شوێنی هەڵسووڕانی کۆمەڵە کوردستانە. داکۆکی لە هەموو مافێکی خەڵکی کوردستان دەکا و ئیتر داکوکی لە خەڵکی ژێر دەستی کوردستان و داکۆکی لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژارانی کوردستان، وەك داکۆکی لە ژێردەستان و چەوساوەکانی هەموو جیهان مایەی شانازی بێ و نەکرێتە بیانوو بۆ دەستەسازکردن لە "ڕاست".

٢- ببێتە حیزبێکی بەرین کە تێکۆشەرانی کۆمەڵگایەکی زیندوو بتوانن بیکەنە سەنگەری خۆیان. تێکۆشەران بتوانن بەسیمای خۆیانەوە، بێنە ناوی و بۆ درێژەدان بەخەباتی حیزبی ناچار نەبن لە فیلتێری ئیدئۆلۆژیك و لە پاڵ وێنەی قەبووڵی ئەو کەسانە تێپەڕ بن کە زەوقی خۆیان و زۆرجاریش وەهمەکانیان و بەرژەوەندەکانیان ناو دەنێن ڕێبازی کۆمەڵە و بەرژەوەندی کۆمەڵە. ببێتە حیزبێکی سیاسیی خاوەنی بەرنامەی ڕۆشنی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

٣- ببێتە حیزبێکی مودێڕن کەبینا حیزبییەکەی وەڵامدەرەوەی ناوەرۆکی ئازادیخوازانە و عەداڵەتخوازانەی بێ و هەروەها لەگەڵ سەردەمی نوێ و پێویستییەکانی سەردەمی خۆی بگونجێ. ئورگان و دەزگای حیزبی، دامەزراوەی حیزبی و کومیتە و پێکهاتەی دیکەی حیزبی، قەوارەکەی دروست بکەن.

٤-ببێتە حیزبێك کە دیموکراتیکترین ڕێسا بەسەر پەیوەندەکانیدا زاڵ بن. بەها دیمۆکراتیکەکان، تێیدا ڕێزیان لێ بگیرێ و کەسەکان تێیدا وەك سەربازە دارینەی شەترەنج چاویان لێنەکرێ. لەسەر ڕەخنەگرتن لە سیاسەتێك یان هێنانەگۆڕی باسێك کەس دەستەی لێ ساز نەکرێ و تۆمەتی لێ نەدرێ. بەتایبەت بەهۆی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو زۆر پێویست بوو کۆمەڵە چ لە پێڕەوی ناوخۆیدا و چ لە کردار و ڕەفتاری ڕۆژانەیدا، نیشان بدا ئیتر ئەو ڕابردووە تاڵە دووپات نابێتەوە. پێویست بوو کۆمەڵە لەم بابەتەوە سیمایەکی تازە لە خۆی نیشان بدا، بەجۆرێك کە بیرەوەرییە ناخۆشەکانی پەیوەندی دمکوتکەرانە و سەرکوتکەرانی پێشووی سەردەمی دەسەڵاتی کومونیزمی کارگەری لە زەینی هەڵسووڕاوانی خۆی و بزووتنەوەکە بسڕێتەوە. لەم بابەتەوە، پەروەندەی حیزبەکە، تەنیا لەگەڵ دواکەوتووترین و داخراوترین حیزبەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات قابیلی بەراوردکردن بوو.

٥-ببێتە حیزبێکی شەفاف و وەڵامدەرەوە، کە سیاسەتەکانی ڕوون بن. ڕاشکاوانە بن و ڕابگەیەندرێن. سیاسەتەکانی لە کۆبوونەوەی حیزبیدا و لە پلینۆمەکان و کۆنگرەکانیدا بێنە بەرباس و ڕاویژیان لەسەر بکرێ و کۆمیتەی ناوەندی و ئورگانەکانی ڕابەری لە بەردەم کۆنگرەکان و کۆنفرانسەکان و پلینۆمەکان وەڵامدەرەوە بن.

٦-ببێتە حیزبێك کە سیستمی ماڵی و داراییەکەی قابیلی لێپرسینەوە بێ و شەفاف بێ. ڕێگا بۆ ئەوە نەهێڵێتەوە کە وەك دەورەکانی پێشوو پرۆژە ماڵییەکانی نهێنی بن، تەنیا ژمارەیەك لە "ڕابەران" بە داراییەکانی بزانن و لەکاتی پێویستدا وەك گۆپاڵ لە دژی لایەنی بەرانبەریان بەکاری بێنن و تەنانەت بتوانن ڕەخنەگری خۆیان نانبڕاو و بێبەرگ و بێچەك و بێخێوەت بکەن. ببێتە حیزبێك کە کومیتەی ناوەندی یان ئورگانی دیکەی هەڵبژاردەی کۆنگرە، چاوەدێریی تەواوی بەسەر پرۆسەی خەرج وداهات و پرۆژە ماڵییەکانیدا هەبێ و ببێتە حیزبێك کە دەسەڵاتی ماڵی لە خزمەت دەستەبەندیی سیاسی و حیزبیی ناوخۆییدا بەکار نەهێنرێ.

٧-ببێتە ناوەندی بیروڕاگۆڕینەوەی ئازاد، پرسیارکردن، لێپرسینەوە، ڕەخنەگرتن، دیالۆگ، فێربوون و گەشەکردن.

ئێستا، ٦ ساڵ زیاتر لە کۆنفرانسی ساخکردنەوەی کۆمەڵە تێپەڕیوە. لەو ماوەیەدا ڕەوتی بەپارێز و دژ بە ئاڵوگۆڕ، لەناو ریزەکانی کۆمەڵەدا، بەرانبەر بە هەر هەنگاوێکی ئاڵو گۆڕ وەستاوە. ئەوەندەی توانیویەتی بەکردەوە پێشی پێگرتووە و هەرنەبێ، ڕەوتەکەی خاو کردووەتەوە.

گرنگترین بڕیارەکانی ئێمەی ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، کە ڕەوتی بەپارێز ملی لێ بادان، بەرانبەریان وەستا و سەرەنجام یان بێدەنگەی کرد یان نابەدڵ قەبووڵی کردن و ژێر بەژێر هەوڵیدا لە باریان بەرێ، ئەوانە بوون: بڕیاری هەڵبژاردنی ناوی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران"، بڕیاری کوردستانیبوون و خەباتی لێبڕاوانە لە پێناو بەدەستهێنانی ماڤی نەتەوەیی لە کوردستان، بڕیاری بەرەسمی ناسینی ئالای کوردستان وەك هێمای خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئەوەدا کە ناسنامە نەتەوەییەکەی ڕێزی لێ بگیرێ، بڕیاری پەیوەستبوون بە ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست، بڕیاری ئەوە کە خەڵکی کوردستان بۆیان هەیە پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ خەباتی خۆیان بدۆزنەوە، بڕیاری هەوڵدان بۆ دیموکراتیزەکردنی پەیوەندە حیزبییەکان و پەرەپێدانی ساختاری حیزبی و سەرەنجام بڕیاری پاوان نەکردنی دەسەڵات و دەزگای ماڵی بەو مانایە کە توانایی ماڵی نەکرێتە پاڵپشتی هێژمۆنیی سیاسی لە ناوخۆی حیزبەکەدا و تواناییە ماڵی وداراییەکان لە کێشەی سیاسیدا یەکلاکەرەوە و چارەنوسساز نەبن. ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە ، ئێستا تووشی کۆسپێك بووە. ژمارەیەك لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ڕەوتی ساخکردنەوە و پرەنسیپە حیزبییەکانی خراونەتە پراوێز. ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، پێویستە بەرانبەر بەو دیاردەیە بوەستێ و ئەرکەکانی خۆی لە پێناو کۆمەڵەیەکی گەش، ڕوو لە گەورەبوونەوە، ڕێزگر لە دیموکراسی و وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگا، بەرەوپێش بەرێ. ئەو دیاردانەی پێویستە ببنە جێگای سەرنجی تێکۆشەرانی ڕێبازی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ئەمانەن:

**حیزبێك بەبێ ڕێکخستنی حیزبی**

ئەوەی دەمێکە کراوەتە شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵە، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ شێوازی بەڕێوەبردنی حیزبێکی هاوچەرخ نایەتەوە. حیزبێك لە ئاساییترین پێکهاتەی خۆیدا بریتییە لە هیرەمێکی پێکهاتوو لە ئورگان ودەزگا و کومیتەکان. بە بێ ئەوانە حیزب شکڵ ناگرێ. کۆمیتەکان و ئورگانە حیزبییەکان، هەتا ڕادەی تواندنەوەیان، لاواز کراون. کاری کومیتەکان و لێپرسراوانی دەزگاکانی کۆمەڵە، دەخالەتی بانسەرانەی تێدا دەکرێ و بڕیارەکانیان هەڵدوەشێندرێتەوە. کۆمیتەکان و ئورگان ودەزگا حیزبییەکان بەبێ ئاییننامە بەڕێوە دەبرێن، هەتا هیچ ئایینامەیەك پێش بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە نەگرێ. سنووری دەسەڵاتی کۆمیتەکان بەپێی ئەوەی کێ ئەندامی کۆمیتەکان بێ دەگۆڕدرێ و قەوارەکەی هەرجارەی بەپێی بەرژەوەندی ناوەندی دەسەڵات دەسکاری دەکرێ.

لەمدواییاندا "ئینسجامی کۆمەڵە" و "پێویستی حیزبی پۆڵایین" کرایە ناوێکی نهێنی بۆ دەسەڵاتێکی مەرکەزی هەموو جووڵەیەکی کۆمەڵە بێنێتە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ. گەلێك بڕیاری کۆمیتەکان، لەلایەن ناوەندی دەسەڵاتەوە بە بێ هیچ بیانویەك هەڵوەشێندرانەوە. ژمارەیەك لە ئەندامانی د.س بە دەسەڵاتێکی واوەتر لە سنوورەکانی پێڕەوی ناوخۆ، بەسەر کومیتەکان و دەزگاکاندا بازدەدەن. کۆمەڵە بەشێوەی حیزبێکی پادگانی بەڕێوە دەبرێ، کە هەموو هەڵسووڕاوانی بریتین لە فەرمانبەر و سەربازی تاك، لە ژێر فەرمانی چەند گەورە سەرکردەیەکدا.

کۆمەڵە پێویستە ببێتە خاوەنی ڕێکخستنێکی مودێڕنی حیزبی، پێکهاتەی سوننەتی و بابمەزنانە، پێویستە بە خێرایی ماڵاوایی لێبکرێ .

**حیزب دەبێ نوێنەری ئیرادەی ئەندامانی بێ**

لە حیزبێکی ساخ و تەندروستدا، هەر بڕیارێك و پەسەندکرانی هەر سیاسەتێك ئەنجامی پرۆسەیەکی دیموکراتیکی ڕاوێژ، بیروڕا گۆڕینەوە و هەڵسەنگاندنە. بەپێچەوانەوە،لە قەوارەیەکی داخراو و نادیموکراتیکدا، بڕیاردان ئەنجامی سات وسەودا، سرتوخورت، زەدوبەند، بەرژەوەندخوازی و پاوانکردنی ناوەندەکانی بڕیاردانە. لەو قەوارەیەدا بێجگە لەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستە، هەر کەسی دیکە بیهەوێ بەشدارییەکی زیندوو لە دیاریکردنی داهاتووی سیاسیی حیزبیدا بکا، پێشی پێ دەگیرێ (٢)، بێدەنگ دەکرێ و دەخرێتە پەراوێز. نیشانەی حیزبی تەندروست، بەرینبوونەوەی بازنەی ئیرادەی گشتییە، نیشانەی حیزبی گەندەڵ، تەنگبوونەوەی بازنەی بڕیاربەدەستان و بەرینبوونەوەی بازنەی ئەو کەس وئورگانانەیە کە دەخرێتە پەراوێز و کز دەکرێن.

یەکێك لە نیشانەکانی هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنی ڕەخنەگران، هاومانا کردنی "ڕەخنەگرتن"و "دژایەتیی بەرژەوەندەکانی کۆمەڵەیە". واتا، ناوەندی دەسەڵات خۆی دەبێتە جێگای کۆمەڵە و، بەرژەوەندەکانی خۆی، ناو دەنێ بەرژەوەندی کۆمەڵە. ئەوە تایبەتمەندیی هەموو دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ، ناوەڵامدەرەوە و نادیموکراتیکە. لە قەوارەی دیموکراتیکدا، بەرژەوەندی گشتی، بەهاتنەمەیدانی ئیرادەی گشتی، لە ڕێگەی دەخالەتی ڕاستەوخۆ و دەنگدانەوە، نوێنەرایەتی دەکرێ. لە قەوارەی داخراودا، دەسەڵات، حەقانییەتی هەموو شتێك دیاری دەکا. ئەو ناوەندە لەبەر ئەوەی خۆی بە مافدار وخاوەنی هەموو شتێك دەزانێ. تەنانەت ئەو کاتانەی دێتە مەیدانی"دیالۆگ"، خۆی بەهاوشان دانانێ هەر بۆیە زمانی دیالۆگیان، تەوساوی، زبر و دژمنکارانەیە.

لەم دواییانەدا، لە چەند کۆبوونەوەی حیزبیدا، وتەبێژانی ناوەندی دەسەلات ڕەخنەگرانیان بەوە تاوانبار کردووە کە "بە پێچەوانی بەرژەوەندی کۆمەڵە دەجوڵێنەوە"(٣) و "موخالیفی خەتی ڕەسمی کۆمەڵەن". لەوە دەچێ مەبەست لە خەتی ڕەسمی، ئەوشتە بێ کە ناوەندی دەسەلات ئەمڕۆ کردوویەتە عەزمی خۆی. ئەگینا ئەگەر مەبەست لە خەتی ڕەسمی کۆمەڵە، بەڵگە و پەسندکراوەکانی کۆمەڵە بن، لە ڕاستیدا ئەوەی بەناوی خەتی ڕەسمی کۆمەڵە دەناسرێ و لە بەڵگەو پەسندکراوەکانی کۆنگرەکان و کۆبوونەوە بڕیاردەرە حیزبیەکاندا ڕاگەیەندراون، هەموویان بەرهەمی ویستی ئێمەی تێکۆشەرانی ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە بوون و زۆر جار ڕەوتی بەپارێز لە بەرانبەر پەسندکردنیاندا وەستاوە و موقاومەتی کردووە. قورساییەکی گەورەی ئەدەبییاتی سەردەمی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، بەرهەمی ئەوکەسانەیە کە ئێستا کەوتوونەتە بەر هێرشی نارەوای ناوەندی دەسەلات. هەندێك لە ئەندامانی ڕەوتی بەپارێز لەم ٦ساڵەی دوای ساخبوونەوەی کۆمەڵەدا، هەڵوێستیان بریتی بووە لە بازبازێنی فیکری و سیاسی و هەڵوێست گۆڕین بەپێی کەشوهەوا، خاوەنی ڕێچکەیەکی ناسراو نەبوون تا ناوی بنرێ خەت. ئەو هەموو بازبازێنە ناکرێ ناوی بنرێ خەتی ڕەسمیی کۆمەڵە.

**بەکارهێنانی دەسەڵاتی حیزبی لە دژی ڕەخنەگران**

لەم دواییانەدا زەمزەمەی ئەوە دەبیسترێ کە وەرگرتنی ئەندام لەدەرەوەی وڵات دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە نزیکەی ٩٥دەرسەدی ئەوانەی لە ٦ساڵی ڕابردوودا لە دەرەوەی وڵات بوونەتە ئەندامی کۆمەڵە، لە تێکۆشەرانی دێرینی کۆمەڵە بوون کە بە "تەیفی کۆمەڵە" ناسراون.

لە نیوەی دووهەمی هەشتاکانەوە و بەتایبەت لە سەرەتای دەیەی نەوەدی زایینیدا، سەدان کەس لە تێکۆشەرانی کۆمەڵە ڕوویان کردە وڵاتانی ڕۆژئاوا.چ ئەوانەی بەهۆی بریندار بوون لە سەنگەرەکانی شەڕدا ناردرانە دەرەوە و چ ئەوانەی دواتر"پرۆژەی ئیعزام" لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگای ئەنفال کردن، هەمیشە بە سەرمایەیەکی گەورەی کۆمەڵە زانراون. ئەوانە سەدان کادری بەناوبانگ، خۆشناو و تێکۆشەرن. ڕێژەیەکی گەورەی ئەندامانی ئێستای بەڕێوبەرایەتیی کۆمەڵە، هەر لەو کادرانەن کە لەو ساڵانەدا لە دەرەوە بوون. لە سەرەتای ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵەدا ئێمەمانان ماڵ بەماڵ گەڕاین و داوامان لەو تێکۆشەرانە کرد بۆ بەهێز کردنی ئەو ڕەوتە بێنەوە ناو کۆمەڵە. هەندێکیان پێشتر مەسئوولی دەبیرخانەی دەرەوەی کۆمۆنیزمی کارگەری ئەندامەتی لێ ئەستاندبوونەوە. ئەو هاوڕێیانە زۆریان وتیان لە بابەت گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵە تێبینییان هەیە و دەیانهەوێ تێبینییەکانیان لە بەرچاو بگیرێ. دەفتەری سیاسی ئەوکات، پێی ڕاگەیاندن بۆ تێکۆشان لە پێناو ئەو گۆڕانکارییانەدا با ئەو تێکۆشەرانە بێنەوە ناو کۆمەڵە و لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا و لە کۆبوونەوە بڕیاردەرە حیزبییەکاندا، هەوڵ بدەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانیان. کەچی لە یەکەم کۆنفرانسی سکاندیناڤیدا، هەر ئەو کەسانە لە لایەن "نوێنەری دەفتەری سیاسییەوە" پێیان ڕاگەیەندرا، ئەگەر تێبینییان هەیە، با لە کۆمەڵە بچنەدەر و لە دەرەوەی کۆمەڵە قسەکانیان بکەن. ئەوە ناتەبایە لەگەڵ سەرەکیترین ئامانجەکانی ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە، ناتەبایە لەگەڵ دیموکراسی ناوخۆیی و دیالۆگ، ناتەبایە لەگەڵ بەرەسمی ناسینی مافی ئەندامان بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان و کارتێکردنی بڕیارەکان بەدەنگدان لە کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا. ئەوانەی بەم جۆرە سەرەکیترین پرەنسیپەکانی حیزبایەتی پێشێل دەکەن و لە دژی بەهاکانی ڕەوتی ساخکردنەوە دەوەستن، ناتوانن بەناوی خەتی ڕەسمیی کۆمەڵە خۆ بناسێنن. ئەو ئیددیعایە تەنیا کاتێك ڕەواجی دەبێ، کە بە زەبری دەسەلات داسەپێندرێ.

**هەڵسووڕانی سیاسی و شەفافییەت**

ماوەیەکە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی سیاسی لە کۆمەڵەدا، چووەتە پەراوێزەوە. لە کۆنگرەکان و کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیشدا، ئەوەندەی کێشەی ناوخۆیی جێگای لێدوان بووە، ئەوەندە لێکدانەوەی سیاسی و بەڵگە و بڕیارنامەی سیاسی نەهاتوونەتە بەر باس. هەندێك نیشانەی ئاشکرا ئەوە دەردەخەن کە: ئەوە کە لە هەر قۆناغێکدا چ سیاسەتێك ڕەچاو بکرێ و چ ئەرکێکی سیاسی و حیزبی فوکووسی لەسەر بکرێ، تەواو پەیوەندی بەوە هەیە کە چ کەڵکێکی ناوخۆیی لێ وەردەگیرێ. بڵاوکراوەی ناوەندیی کۆمەڵە، تەنیا لە دوو سێ ساڵی یەکەمی ساخبوونەوەی کۆمەڵەدا بوو بە سەکۆی ڕاگەیاندنی هەڵوێستەکانی کۆمەڵە و شوێنی وتار نووسینی ئەندامانی ناوەندی و دەفتەری سیاسی. لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا، بە دەگمەن لێکۆڵینەوەیەك لە بابەت مەسەلە سیاسییە گرنگەکانی کوردستان و ئێران و ناوچەکە بە ئیمزای ئەندامانی دەفتەری سیاسی بڵاوکراوەتەوە. دەڵێی هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی ئەو هاوڕێیانە، نەك هەر پرۆژەکانیان، بەڵکوو خەتی فیکری و سیاسیشیان غەیری قابیلی خوێندنەوە بێ و هیچ هەڵوێستێك لە سەرخۆیان نەکەنە ماڵ تا هەموو ڕۆژێ ئیمکانی مانۆڕی تازەیان هەبێ. تەنانەت زۆرجار لە بۆنە گرنگەکاندا هەڵوێست و بەیاننامەی ناوەندی ود.س بڵاو ناکرێتەوە. ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی، کە بریتی بێ لە دەفتەری سیاسی، ئەوەندەی سەرقاڵی کێشەی دەستەبەندی، دەخالەت لە پرۆژە ماڵییەکاندا و بەکارهێنانی کارتی کایەی دەسەڵاتن، ئەوەندە خەریکی سیاسەت داڕشتن و نوێنەرایەتیی سیاسیی کۆمەڵە نین.

**دارایی و ناوەندی سیاسی**

لە حیزبێکی ساخ و تەندرووست دا، لە حیزبێکدا کە بیهەوێ خۆی لە مەترسیی گەندەڵی دوور ڕابگرێ، پێویستە ڕێگا نەدرێ دەسەڵاتی ماڵی، چارەنووسی هێڵە فیکرییەکان و ڕەوتە سیاسییەکانی ناو حیزبەکە دیاری بکا. دەفتەری سیاسی نابێ لە حیزبەکەی خۆیدا هاوکات کاری بانکیش بکا. بەشی دارایی حیزب وەك لە هەموو دنیای پێشکەوتوودا باوە، پێویستە بە دەزگایەك بسپێردرێ کە بە پێی بنەماو ڕێسای کارشناسانە، قابیلی حیساب ڕەسی و خاوەنی دەفتەر و ژمارەو ڕەقەم، بەڕێوە ببرێ و کومیتەی ناوەندی یان ئورگانی دیکەی هەڵبژاردەی کۆنگرە چاودێری تەواوی بەسەریدا هەبێ.

لە کونفرانسی دووهەمی سکاندیناڤیدا باسی لێپرسینەوەی بەشی دارایی هاتە گۆڕ. پێشنیار کرا دوو کەس چاوەدێریی دارایی هەڵبژێرین کە ئەندامی کۆمیتەکە نەبن و چاودێریی دارایی و خەرجەکانی کۆمیتەکە بکەن. نوێنەری ڕەوتی بەپارێزی ناو کۆمەڵە، دژ بە هەڵبژاردنی چاودێریی دارایی قسەی کردو ئیستدلالی ئەوە بوو کە "کۆمەڵە حیزبێکی نهێنیە و ناتوانێ حیسابی داراییەکانی بخاتە بەردەستی ئەم وئەو".

ئەوە کە سەرمایە و دارایی کۆمەڵە چەندە و کۆمەڵە لە کوێ سەرمایەی هەیە، دەکرێ نهێنی بێ، بەڵام ئەوە کە داهاتەکان چۆن سەرف دەکرێن، هەمیشە دەبێ قابیلی لێپرسینەوە بێ و ناکرێ بکرێتە "نهێنی" و مەتەڵۆکەی ئەمنییەتی. ئەوە تەنیا لێپرسینەوەیە کە سنووری نێوان شەفافییەت و گەندەڵی دیاری دەکا.

دەرباز بوون لەم دۆخە و زاڵ بوون بەسەر ئەم گرفتانەدا، هەوڵدانێکی کارسازی دەوێ کە تێیدا ڕیزەکانی کۆمەڵە و دڵسۆزانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بەشدار بن. ئەو هەڵمەتە پێویستە بەهەمووومان ڕێکی بخەین و بەشداری تێدا بکەین.

> **لە حیزبێکی ساخ و تەندروستدا،هەربڕیارێك و پەسەندکرانی هەرسیاسەتێك ئەنجامی پرۆسەیەکی دیموکراتیکی ڕاوێژ،بیروڕا گۆڕینەوە و، هەڵسەنگاندنە**

**پەراوێزەکان:**

(١) لە کۆنفرانسی یەکەمی ئەندامانی کۆمەڵەدا لە سکاندیناڤی، ستۆکهۆڵم، ئاپریلی٢٠٠٤، ئەبووبەکری مۆدەڕسی، کە وەك نوێنەری دەفتەری سیاسی خۆی ناساند، ئەو قسەیەی کرد. تائێستا دەفتەری سیاسی ئەو هەڵوێستەی وەرنەگرتووەتەوە. مودەڕسی وتی: "ڕەوتی ساخکردنەوەی کۆمەڵە تەواو بووە. هەرکەس بەتەمای ئەوە هاتووەتە ناو کۆمەڵە کە کۆمەڵە بگۆڕێ، با بڕواتەوە ماڵی خۆی و لە دەرەوەی کۆمەڵە هەوڵ بدا بۆ گۆڕینی کۆمەڵە". مودەڕسی وتی: "لەماڵی خۆشتان دەتوانن موبارزەی شەرافەتمەندانە بکەن".

(٢) ماوەیەك لەوەپێش، هێرشی عەلیزادە، پێشنیارێکی بۆ گۆڕینی بەندی یەکەمی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە هێنایە گۆڕ. هێرش لەسەر ئەوە ناو و ناتۆرەی لێدرا و بە شێواندنی کۆمەڵەو سەبەبکاری بێ ئینسجامی ناودێرکرا. تەنانەت کاتێك کە سکرتێری گشتی کۆمەڵە، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاسۆ ڕایگەیاند پێشنیاری گۆڕینی بەندی یەکەمی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە، یەکەم جار خۆی هێناویەتیە گۆڕ، هێشتا هێرش داوای لێبوردنی لێ نەکرا کە بۆچی لەسەر هێنانە گۆڕی هەمان پێشنیار بە شێواندنی کۆمەڵە تاوانبار کرابوو. ئەوە تەنیا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوانەی ملکەچ و بێ دەنگ نەبن، مافی ئەوەیان پێنادرێ تەنانەت بۆ تەئیدی سیاسەتەکانی کۆمەڵەش ئیزهاری وجوود بکەن.

ئەو کەسانەی لەسەر ئەوەی هێرش هەڵگری بۆچوونێکی سیاسی جیاوازە، سووکایەتیان پێکرد، لێیان نەپرسرایەوە. گەلێك شکایەتی دیکەش لە بابەت سەرپێچی کردنی لەم چەشنە چوونە بەردەستی دەفتەری سیاسی کە تێیاندا ڕەخنەگران شکایەتیان کردبوو کە جنێویان پێدراوە و هەڕەشەیان لێکراوە. دەفتەری سیاسی لەوشکایەتانەی نەپرسیەوە و ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی ڕەخنەگران فشاریان بۆ بهێنرێ. ئەوە ئەو شەپۆلەیە کە ڕاستەوخۆ بە پشتیوانی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە لە دژی ڕەخنەگران کەوتووتە ڕێ. لە کاتێکدا کە نهێنی ترین باسەکانی ناو کۆنگرەکان و پلینۆمەکان و کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی، لە کۆڕی ناسیاوانیاندا باسی دەکرێ، خەڵك لە دژی کەسانێکی دیاریکراو هەڵدەخڕێنن بەپاساوی ئەوەکە نهێنییەکان دەدرکێنن. هاوڕێیان بەتەمان ئەم کارانەیان بەناوی هەوڵدان بۆ"ئینسجام" لێ قبوڵ بکەین.

(٣) دەفتەری سیاسی لە نامەیەکدا بۆ سەباحی ئەمینی، کادری لەمێژینەو فەرماندەی ناسراوی کۆمەڵە نووسیویەتی: "بەدژی کۆمەڵە و بەرژەوەندەکانی کارتان کردووە" و"دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بڕیاری داوە کە تا ئاگادار کردنەوەی دوایی، لە هاتنەوە بۆ کوردستان و بۆ ئوردوگای کۆمەڵە خۆتان بپارێزن". مەعلووم نییە کام بەڵگەی حیزبی و کام پێڕەوی ناوخۆ ئەو دەسەڵاتەی بە دەفتەری سیاسی داوە هاتووچۆی کوردستان لە کەسێك قەدەغە بکا.

# چاکسازی ڕێگایەك بۆ یەکگرتن و گەشەکردن

***لە دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەدا، (کۆتایی مارسی ٢٠٠٧) کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، ڕاگەیەنرا. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، ڕوانگە و پێشنیاری ئەو کەمایەتیە لەسەر کۆمەڵێك مەسەلەی جێگەی باس بەیان دەکا***

ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە گەرچی لە بواری سیاسیدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا و بزووتنەوەیەکی بەرین لە دەوری پێکهات، بەڵام ئەو ڕەوتە لە بواری ڕێکخستندا بەو پێیە نەچووە پێش. ڕێکخستنی کۆمەڵە، چ لە باری بەرینایی و چ لە باری شێوازەکانی ڕێکخستن و میکانیزمەکان و ڕێساکانی، وەڵامدەرەوەی پێشڕەوییە سیاسیەکانی ڕەوتی ساغکردنەوە نیە.

ئەو ڕەوتە لەم ساڵانەی دواییدا، لە باری سیاسیشەوە گوڕ و تین و ئیبتیکاری پێویستی نەماوە و ئەدەبیاتە سیاسیەکەی لەباری چەندایەتی و چۆنایەتیەوە ڕووی لە کزی کردووە. ڕەوتی ساغکردنەوە دەرفەتی گەورەی بۆ کۆمەڵە خوڵقاند، بەڵام ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە نەیتوانی کەڵك لە هەموو ئەو دەرفەتانە وەربگرێ. پێویستە بوێرانە و بەوردی سەرنج بدەینە دەرفەتەکان و کەموکوڕیەکانی ئەم دەورەیە و بەتایبەت ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی و لەم بابەتەوە پێداچوونەوەیەکی ئاشکرا پێویستە. ئێستاش زۆر شانسی گەورە لەسەر ڕێی کۆمەڵەن کە پێویستە بە واقیعبینی بناسرێن، بایەخیان پێ بدرێ، وەگەڕ بخرێن و بگەشێندرێنەوە.

ئەو تێکۆشەرانەی کۆمەڵە کە بە ئومێدێکی گەورەوە لە ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵەدا بەشدارییان کرد، لە هەڵسووڕانی خۆیاندا لەگەڵ ئەو پرسیارانە بەرەوڕوو دەبن کە: بۆچی لە ڕێکخستنی کۆمەڵەدا لە ناوە و دەرەوە، نوێبوونەوە و گەشەکردنی پێویست نەهاتەدی؟ بۆچی ڕاگەیاندنی ئێمە لە ڕادەی پێویستدا نەچووەتە پێش و یەکەمین گوشارە ماڵیەکان ڕوو دەکەنە ئەو بەشە؟ بۆچی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانی ئێمە ناڕێكوپێك و ناڕێکخراو و ناسەقامگیرە؟ بۆچی ڕادەی پەیوەندی کۆمەڵە لەگەڵ نوخبە و ڕووناکبیر و چالاکانی سیاسی لە ئاستی واقیعی سیاسیی بزووتنەوەی کوردستان و لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی خۆشماندا نیە و سەرەڕای کارامەبوونی بزووتنەوەی کوردستان و لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی خۆشماندا نیە و سەرەڕای کارامەبوونی خەباتکارانی کۆمەڵە لە ناوەوە، ئەو پەیوەندانە نەبوونەتە ڕێکخستن و دامەزراوەی موتمەئین و سەقامگیر؟ بۆچی بەو هەموو سۆز و پشتیوانیەوە کە کۆمڵە لە کۆمەڵگای کوردستاندا لێی بەهرەمەندە، دامەزراوە مەدەنیەکانی کوردستان لە مەیدانی ڕێکخستن و تەنانەت نفووزی سیاسیی ئێمەدا نین و زۆر مەیدان لەو بوارەدا هەن کە هێشتا پڕ نەکراونەتەوە؟ بۆچی بەو هەموو دەسکەوتانە کە کۆمەڵە لە بزووتنەوەی ژناندا هەیەتی، ئێمە لە کاری ئێستامان لەو دەورەیەدا ناتوانین ڕازی بین؟ بە بڕوای ئێمە، پێبەپێی گۆڕانکاری و گەشەی سیاسی و گونجاندنی زمان و گتاری کۆمەڵە لەگەڵ سەردەم و گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵگا، دەبوو ئەو نوێبوونەوە و خۆگونجاندنە لە بواری ڕێکخستنی کۆمەڵەشدا، لە بنای حیزبی و شێوازی ڕێکخستنی ئێمەدا، خۆی نیشان دابایە.

ئێمە بە ئەنجام گەیاندن و بەجێهێنانی ئەو ئەرك و پێویستیانە، بە سەرچاوەی پێویستی چاکسازی و ریفۆرم لە کۆمەڵەدا دەزانین. ئێمە پێمانوایە هاتەکانێکی جیددی بۆ چاکسازیز و ریفۆرم لە سەرەوە تا خوارەوەی حیزبەکەمان، پێویستیەکە لە پلەی یەکەمدا و بە بێ ئەوە ناتوانین ببینە حیزبی وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری ئەرکەکانی ئەم سەردەمەی شۆڕشی کوردستان.

باسەکان و هەروەها گرفتەکانی زیاتر لە یەکساڵی ڕابردوو لەناو ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە و لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەشدا، ئەوەیان نیشاندا کە ئێمە لەناو خۆماندا لە باری ڕوانینمان بۆ حیزبی داهاتوو، ئەرکە سەرەکیەکانی داهاتوومان، ڕادەی دیموکراسی ناوخۆیی، دیموکراسی و ساختاری حیزبی و پێوەندیە ناوخۆییەکانی ڕێکخراوەیی و بەگشتی لە باری ڕوانینمان بۆ ئولگووی حیزبایەتی لەم هەلومەرجەی ئێستای کۆمەڵ و کوردستاندا، جیاوازیمان هەیە. هەروەها ئەوە دەرکەوت کە بەشێك لە هاوڕێیانی ئێمە تێگەیشتنێکی دیکەیان لە سیاسەتە ڕاگەیەندراوەکانی کۆمەڵە هەیە، یان لانیکەم پێویستیی ئەوە هەیە بە ڕوونیەکی زۆرتر ئامانج و سیاسەتەکانی کۆمەڵە بخرێتە بەر نەزەر، چونکوو وا هەست پێدەکرێ لەم بوارەشدا پێویستیمان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەبێ. تەفسیری جیاواز لەسەر ڕێبازی سیاسی و فیکریی کۆمەڵە لە ناو کادر و ئەندامانی ئێمەدا دەبیندرێ، بۆیە بە پێویستی دەزانین سیاسەتەکان و ئامانجەکانی کۆمەڵە، لە بەیاننامەیەکی ڕۆشنی سیاسیدا مانا بکرێنەوە و لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبەکەدا شی بکرێنەوە، تا لە ناوخۆ و دەرەوەی حیزبەکەدا نەبنە مایەی تێگەیشتنی جیاواز.

ئەم خاڵانەی لێرەدا ڕادەگەیەندرێن، بەکورتی ڕوانگەی ئێمە چەند کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، لەو بوارانەدا بەیان دەکەن. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم کارە یارمەتی دەدا بە ڕۆشن بوونەوەی جیاوازیەکان. بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکان و لێك تێگەیشتن و نزیکبوونەوەی زۆرترمان و پێکهێنانی هاودڵی و یەکیەتیەکی پتەوتر لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا.

بواری ڕێکخراوەیی

ئەلف- ڕێبەرایەتی و ئۆرگانە سەرەکیەکانی هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە دوو دەیە لە دەرەوەی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. بنکەکانمان لە خاکی کوردستانی باشوور بووە، هەڵسووڕانی چەکدارانە و هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنی بەرینمان لە ناوەوە نەبووە و هەلومەرجی دیکتاتۆری لە ناوخۆی ئێران و وەزعی سیاسیی ناوچەکە، نەیهێشتووە پڕبەپڕ ببینە حیزبی وەڵامدەرەوەی ئەرکەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان. ئەو دۆخە، شوێنەواری سیاسیی لەسەر کار و ئەرکی حیزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات داناوە و خاڵێکی لاوازی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتە و دەبێ لەبەرچاو بگیرێ. بە بڕوای ئێمە ئەوە هۆیەکی گرفتی ئێستای ناو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتە کە پێویستە بیناسین و بۆ چارەکردنی لە هەوڵدا بین. کۆمەڵە دەتوانێ و دەکرێ لەمبارەوە ڕچەشکێن بێ و بۆ ئەو مەبەستە دەست بداتە هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی دیکە و پلانی داهاتووی کاری ڕێکخراوەیی خۆی لە هەموو بوارەکاندا بەشێوەی سەرەکی بۆ چارەسەری ئەم گرفتە تەرخان بکات.

ب- لە ناو حیزبی ئێمەدا، لەمێژ ساڵە دەزگا و دامەزراوە حیزبیەکان جیا لە ئۆرگانەکانی دەوروبەری ناوەندی، یان هەر نین یان زۆر بە کەمی شکڵیان گرتووە. کۆمەڵە زۆرتر ڕەوتێکی جەماوەری و سیاسی بووە و خاوەنی بینایەکی حیزبیی شایستەی جێگا سیاسیەکەی و کارا بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی نەبووە. کۆمەڵە دەبێ ببێتە حیزبی سەقامگیری نیهاد و دەزگا و دامەزراوە حیزبیەکان بەجۆرێك کە هەڵسووڕاوانی حیزبی بەرئەنجامی کار و دەخالەت و ئیرادەی هەموو بەشەکان و دەزگاکانی بێ. لە کاتێکدا لە ناو ئێمەدا هەمووان ئەو پێویستیە دەسەلمێنن، بەڵام بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵناگیرێ. لە پێناو ئەو گۆڕانکاریەدا ئێمە ئەو هەنگاوانە بۆ دەسپێکردن بە پێویست دەزانین:

١: ئێمە خوازیاری ئەوەین کە کۆمیتە حیزبیە هەڵبژاردەکان، لە هەموو ئەو ماف و دەسەڵاتانە بەهرەمەند بن کە پێڕەوی ناوخۆ پێیان دەبەخشێ. لەو ڕووەوە، پێڕەوی ناوخۆ سەبارەت بە مەحدوود کردنەوەی "ڕێکخستنی تایبەت" پێویستە دەسکاری بکرێ.

٢: بە لێکدانەوەی توانایی و لێهاتوویی چالاکان و کادر و ئەندامانی ڕکخستنی نهێنی کە شارەزایی و ئەزموونیان هەیە، دەست بەکار بین بۆ وەڕێخستنی پرۆسەی دامەزراندنی خەت و کەرت و کۆمیتە حیزبیە نهێنیەکان لە شار و ناوچە و مەڵبەندەکانی کوردستان، بەجۆرێك کە بکرێ پێوەندی بەردەوامی خۆیان لەهەر حاڵێکدا لەگەڵ ناوەندیی کۆمەڵە ڕابگرن.

بەهۆی گرینگیی ئەو ئەرکە و ئەو ڕاستیەش کە بەڕێوەبەریی تا ئێستای کاری نهێنی نەیتوانیوە وەڵامدەرەوەی کارەکان و دامەزراندنی بینایەکی حیزبی بێت و بەشێوەی کاری ئێستاشی ناتوانێ ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ و کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیش نەیانتوانیەو لە سیاسەت داڕشتن و لێپرسینەوە و چاوەدێریکردنی کارەکانی ئەو بوارەدا دەور ببینن، بە پێویستی دەزانین بۆ بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی ئەم پرۆسەیە کاری ستادی ڕێکخستنی نهێنی (زاگرۆس) بە سێ کۆمیتەی خاوەند دەسەڵات بسپێردرێ و ماوەی لانی زۆر ٦ مانگ دیاری بکرێ ۆ جێخستنی ئەم پرۆسەیە و دامەزراندنی قەوارەیەکی حیزبی لە ناوەوە. لە ماوەی ئەم ٦ مانگەدا بەرپرسانی ئەو سێ کۆمیتەیە لەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بن کە شارەزایی پێویستیان هەیە. پێویستە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی ڕاستەوخۆ داڕشتنی سیاسەتە دەورەییەکانی کاری نهێنی وەئەستۆ بگرن و ئەوە بە ئەولەویەتی کاری خۆیان دابنێن. لە کۆتایی ئەو پرۆسەیەدا و بە هەڵسەگاندنی ڕادەی بەرەوپێش چوونی کارەکان، چۆنیەتیی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخستنی نهێنی چاوی پێدا بخشێندرێتەوە. وەزعی ئێستای تەشکیلاتی نهێنی و نەبوونی قەوارەیەکی جێکەوتووی حیزبی تەنانەت بووەتە هۆی ئەوە کە چەشنێك بێ سەرەوبەرەیی تەشکیلاتی پێك بێت و بە ئاشکرا نهێنی پارێزی و بنەماکانی کاری نیهێنی پێشێل دەکرێن و پتەویی ڕێکخستن و بەربەرەکانێ لەگەڵ پۆلیسی سیاسی کز و لاوازە.

مەسەلەی سەرەکی بۆ ئێمە لەو بابەتەوە ئەوەیە: کۆمەڵە دەبێ قورسایی و بەشێك لە بینا حیزبیەکەی بە بەڕێوەبەرایەتیی مەیدانیەوە بگوێزێتەوە ناوەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، تا ببێ بە حیزبێکی هەمیشە حازر لە نێو جەماوەردا و ڕێکخستن و کادری ناوەوە بتوانن گەشە بکەن، واتە نەك هەر بە ئۆتۆریتە و سوننەت و پێوەندی لەگەڵ تاکەکان، بەڵکوو بە دامەزراوەگەلی حیزبی، ببێ بە حیزبی موستەقەڕ و جێگیر لە ناوەوەی کوردستان. هەلومەرجی سیاسی کوردستان و توانایی ئێستای هەڵسووڕاوانی نهێنیی ئێمە و بزووتنەوەکە دەخوازێ و بە بڕوای ئێمە ئیمکانی هەیە کە کارێکی چڕوپڕ بکرێ بۆ ئەو مەبەستە. بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسەیە و گۆڕانکاری لەو بوارەدا، بە ڕادەیەکی زۆر کۆمەڵە لە حاڵەتی حیزبی تەبعیدیەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی ڕێکخستنی بەرینی مەیدانی. بۆیە پێمانوایە ئەوە گرینگترین ئەرکی ئەم دەرەیەی ئێمەیە کە سەرمایەی ئینسانیی کۆمەڵە تێیدا گەشە دەکا و ئیمکانی موتوربە کردنی ڕێبەرایەتیی ئێستای کۆمەڵە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی مەیدانیی ناوەوە دەرەخسێنێ و هەروەها مەیدان دەدا بەوەی لە پاڵ ڕێبەرایەتیی تا ئێستادا، کادری دیکەی ڕێبەرایەتی پەروەردە بن و خوێنێکی تازە و وزەیەکی گەورە بێتە ناو لەشی کۆمەڵە و ڕێبەرایەتیەکەی.

٣: پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پێویستە بۆ یەکخستنی زیاتری لەگەڵ پێشڕەویە سیاسیەکانی کۆمەڵە و هەروەها بە قازانجی ڕێگاکردنەوە بۆ بەشداریکردنی زۆرتری کادر و ئەندامان لە پرۆسەی بڕیارداندا، ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێ. سنووری ماف و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی و ئۆرگان و دەزگا حیزبیەکان، بە کۆمیتەی ناوەندی و ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیشەوە، پێویستە بە شێوەیەکی ڕوونتر لە پێڕەوی ناوخۆدا دیاری بکرێن. هەروەها پێویستە میکانیزمێك دیاری بکرێ کە لە نێوان دوو کۆنگرەدا چاودێریی کاری کۆمیتەی ناوەندی و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی بڕیارەکانی کۆنگرە بکات. پێویستە بە ڕوونی ڕابگەیەندرێ کە گرووپبەندیی سیاسی و کەمایەتی ناو کۆمەڵە مافی خۆیان ئازادانە دەنگیان دەربڕن و بەپێی قورساییان لەناو ئەندامان و ڕێکخراوەکەدا، لە ئۆرگانە حیزبیەکاندا نوێنەرایەتی بکرێن و لە هەمان کاتدا ئەرکیانە هەموو دیسپلینی حیزبی بپارێزن و چالاکانە لە ئەرکەکانی کۆمەڵەدا بەشدار بن.

٤: لە کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵەدا، ئێمە تەئکید دەکەین لەسەر پێویستیی دیالۆگی هاوڕێیانە، مەوەدادان بە ڕەخنەگرتن، لێپرسینەوە، لێکتێگەیشتن، فێربوون و تۆلێرانس لە حاست یەکتر. لە هەمان کاتدا ئێ٘/ە پێمان وایە گەشەپێدانی هەڵسووڕانی حیزبی و سیاسی و پێشڕەوی لە ئەرکەکانی بزووتنەوەکەدا، چالاکبوونەوەی زیاتر لە ناو بزووتنەوەی کوردستان و گواستنەوەی

بۆ ل ٧

زۆرتری ڕێکخستن و سیاسەتەکانمان بۆ ناو جەماوەر ، زەمانەتی سەرەکیە بۆ تەبایی و یەکڕیزی و گەشانەوە لە ناوخۆی حیزبەکەشدا.

ئێمە رامان وایە پەنابردن بۆ ئامرازی دەسەڵاتی حیزبی بۆ چارەسەی گرفتی ناوخۆیی و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوخۆیی، هەروەك تا ئێستا لە کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستدا نیشان دراوە، تەنیا تواناییەکانمان بە فیڕۆ دەدا. پاکتاو کردن (تەسفیە)، بێدەست کردن و پاڵپێوەنان، لە ناو کۆمەڵەدا، هەرکات خۆی نیشان دابێ، مێژوویەکی تاڵ و شکست خواردووی هەیە. ئەم شێوازە لەگەڵ بەربەرەکانێی توند بەرەوڕوو دەبێتەوە. ئێمە رەخنەی جیددیمان لە سیاسەتەکانی ئەم دەورەیەی لایەنێك لە ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە هەیە کە هەوڵیدا بە بەکارهێنانی ئامرازی دەسەڵاتی حیزبی وەڵامی گرفتەکان بداتەوە و بەشێك لە تەشکیلات بداتە بن باڵی خۆی و چاوپۆشی لە خەتاکانی بکا و بەشێکی دیکەی وەك نەیار چاو لێبکا. ئێمە ئەوە بە هۆکارێکی تەشەنەکردنی ناکۆکیەکان دەزانین و لەو بڕوایە داین کە ئەو رەفتارە نەك کەلەبەرەکان کەم ناکاتەوە، بەڵکوو گەورەتریشیان دەکات و بەمجۆرە تواناییەکانی کۆمەڵە بە فیڕۆ دەدات.

ئێمە تەئکید دەکەینەوە کە پابەند بوون بە دیسپلین و ئینزیباتی حیزبی و راگرتنی پرەنسیپە ڕێکخراوەییەکانی کۆمەڵە، ئەرکی بێ ئەملاوئەولای هەموو کادر و ئەندامانە و کەمتەرخەمی لەو بوارەدا و لاواز بوونی هەستی بەرپرسیاریەتی لە ئاست حیزب و ئۆرگانەکانی، بە هۆکارێکی دیکەی پێکهاتنی گرفتی ناوخۆیی دەزانین.

٥: پێویستە بەرپرسایەتیی ئۆرگانە سەرەکیەکانی دوای کۆمیتەی ناوەندی بە پێی لێهاتوویی، بە پێوانەی دیموکراتیك، بەپێی ڕێسای دیاریکراو، بە پرسکردن بە کادر و ئەندامانی ئەو ئۆرگانانە دیاری بکرێ. خوازیاری ئەوەین کە دەزگای ناوەندیی کۆمەڵە بە زیادکردنی ئەندام، جێگر و راوێژکار بەرفراوانتر بکرێتەوە بە شێوەیەك کە هەموو بەشەکانی ڕێکخستن خۆیانی تێدا ببیننەوە و نوێنەرایەتی بکرێن و هەروەها مەیدان بدرێ کە بەرەی تازە پێگەیشتوو لە پاڵ کەسانی بە ئەزموونتر، توانایی و ئیبتیکاری بخاتە گەڕ، تا ناوەندی بڕیاردان پشتیوانیی بەرینی هەموو بەشەکانی کۆمەڵەی لەگەڵ بێت. هەڵس‌وکەوتی ئەم دەورەیە نیشانیدا دژایەتی لەگەڵ ئەم پێویستیە نابێتە هۆی ئینسیجامی تەشکیلاتی.

٦: ئێمە خوازیاری ئەوەین کە لە بنکە و مقەڕەکانی کۆمەڵە (تەشکیلاتی ئاشکرا)ش، بەڕێوەبەرایەتی و هەڵسووڕانی ئۆرگان و کۆمیتەکان یاسامەند بکرێ و سنووری ئەرك و دەسەڵاتیان لە بەڵگەی ئاییننامەییدا دیاری بکرێ.

٧: بەهۆی پێشینە و ڕێبازی کۆمەڵە لەمەڕ خەبات بۆ مافی ژن و بەهۆی ئەوە کە خەباتی ژنان و زیادکردنی دەوریان لە هەموو بوارەکانی بەڕێوەبەرایەتیدا، نەك هەر نیشانەیەکی سەرەکیی پێشکەوتوویی و مۆدێرنیزمی حیزبێکی ئەمڕۆییە، بەڵکوو نیازێکی جەماوەری بوونەوەی خەباتی رەوای کۆمەڵە و خەڵکی کوردستانیشە، ئێمە دەخوازین ژنان لە هەموو کۆمیتەکانی تەشکیلاتدا بەشدار بن و لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا لانیکەمی سەهمێك بۆ ژنان لەبەرچاو بگیرێ. ئەوە بڕیارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە کە تەئسیر دەکاتە سەر داب‌ونەریتی کۆمەڵگا و مەرجێکی گرینگی هەنگاونانە بەرەو پێشکەوتنخوازی و کۆمەڵە دەبێ و دەکرێ ئیمکانی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بڕەخسێنێ.

**بواری دیموکراسیی ناوخۆیی**

بەو پێناسەیە کە لە کۆمەڵە و روانگە فیکریەکەی دەیکەین، دەبێ بینا حیزبییەکەشی وەڵامدەرەوەی ناوەڕۆکەکەی بێت. بۆیە ئێمە بڕوامان بەوە کە پەرەدان بە دیموکراسیی ناوخۆیی لە ئێستای حیزبی ئێمەدا پێویستیەکی هەنووکەیی و گرینگە بۆ گەشەکردنی ڕێکخراوەکەمان، جەماوەری کردنەوەی و بۆ دوور کەوتنەوەی زۆرتر لە حاڵەتی سێکت و فیرقە. تەئکیدی ئێمە لەسەر دیموکراتیك کردنەوەی پرۆسەی بڕیاردان، پێوەندی و دیالۆگی زۆر و مونەزەم و پێناسەکراوی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ کۆمیتەکان، بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکان، کادر و ئەندامان، بەڕێوەبردنی ڕێسای دیاریکردن و هەڵبژاردنی بەرپرسان و کاربەدەستانی حیزبی لە هەموو ئاستێکدا بەپێی توانایی و بەڕێوەبردنی ئەرك و کاری رۆشن و تەئکید لەسەر لێهاتووییان، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. سانترالیزمی بەهێز و زۆرجار بێکۆنترۆڵ لە کۆمەڵەدا، لە کەم بایەخبوونی پێوەندیی دیموکراتیکی ئۆرگانەکان و سەقامگیر نەبوونی قەوارە و چوارچێوە و بینای حیزبیدا خۆی دەنوێنێ و ئێمە ئەوە بە یەکێك لە دەردەکانی لەمێژینەی حیزبی خۆمان دەزانین کە چەندین جار بووەتە هۆی کارەسات. پێویستە بە قبووڵی دەردەکە و لە ئاکامدا ئەنجامی ئەو ریفۆرمانەی وا سەرووتریش ئاماژەیان بۆ کرا، چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە تا دیموکراسی ناوخۆییش بتوانێ سەقامگیر بێ و مەودا بۆ گەشەکردنی بڕەخسێ و گەشەی هەمووان ڕێگای بۆ بکرێتەوە. ئێستاش فەرهەنگی پێشێل کردنی دیموکراسی و بەرهەڵستی کردنی توندی هەر دەنگێکی جیاواز بە دەسەڵاتی تەشکیلاتی، لەناو ئێمەدا هەر خۆی کێش دەکات و بەتایبەتی لە کاتی کێشە ناوخۆییەکاندا بە ئاشکرا گیانی تێ دێتەوە. پێویستە هەوڵی بنەبڕکردنی یەکجارەکیی ئەو دیاردەیە بدرێ تا کۆمەڵە و سەقامگیریەکەی زەمانەت بکرێ. با بە روونی بڵێین: سەردەمی حیزبی لێنینی و ئەو سانترالیزمە رەوها و توندەی کە سەرەتای سەدی بیستەم لە سۆڤیەت هاتە ئاراوە و دواجاریش بوو بە ئولگووی حیبایەتی هەموو حیزبە چەپەکانی رۆژهەڵات، بەسەر چووە. ئەزموونی مێژوویی و هی خۆشمان نیشانیداوە کە ئەم چەشنە ئولگووەی حیزبایەتی، یانی حیزبی ژمارەیەکی بچووکی "شۆڕشگێڕانی حیرفەیی" و فەرهەنگەکەی، کارامەیی نەماوە و لە هەل‌ومەرجی ئێستا کۆسپێکە لە بەرامبەر جەماوەری بوونەوە و بوون بە حیزبێکی کۆمەڵایەتیی چەپ لە بزووتنەوەیەکی گشتی و هەمە لایەندا. لە دنیای ئەمڕۆدا و لەو زەمانەدا کە پێوەندی و ئیرتیباتی ئینسانەکان و ئاسان و چڕوپڕ بووەتەوە، حیزبێك دەتوانێ هاوکات لەگەڵ ئەوە کە گەورە و جەماوەریە، بە دیسپلین و چالاك و کاراش بێ کە هەموو ئەندامان و کادرەکانی هەست بە هاوپشتی، دیموکراسی تەواو، ئەمنیەت و ڕێز لێنان و وەفای زۆر بکەن. تەنیا حیزبێك کە تاکەکانی هەست بە سەربەرزی و ئازادەگی بکەن، دەتوانێ حیزبی پتەو، حیزبی فیداکاری و بەڕێوەبردنی کاری گەورە بێ. مێژووی کۆمەڵەش تەنیا و تەنیا لەو کاتانەدا زۆرترین "ئینسیجام" و فقیداکاریی تۆمار کردووە و پێچەوانەکەشی، هەروەك خۆمان دیومانە، دڵساردی، چکۆلە بوونەوە و هەڵوەرینی بەدوادا هاتووە.

**حیزبەکەمان، پێویستیەکە لە پلەی یەکەمدا و بە بێ ئەوە ناتوانین ببینە حیزبی وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری ئەرکەکانی ئەم سەردەمەی شۆڕشی کوردستان**

**بواری سیاسی**

**ئەلف- پێناسەیەکی کورت**

کۆمەڵە حیزبێکی شۆڕشگێڕی کوردستانی چەپ و سۆسیالیستە کە خەت و بنەما نەزەریەکەی پێداگریە لەسەر سۆسیالیزمێکی دیموکراتیك و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵ بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگایەك تێدەکۆشێ کە بناغەکەی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا لەسەر بیروبۆچوون و روانگەگەلی دیموکراتیك و یەکسانیخوازانە دابمەزرێ. هەموو تاك و ئینسانەکانی کۆمەڵگا دەبێ بە تەواوی و لە هەر بوارێکدا بە یەکسان بەهایان پێبدرێ و مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ. کۆمەڵگایەك کە ئینسانەکانی (وەك تاك) بتوانن ئازاد و بەرابەر بن و بکرێ بە کۆمەڵیش، یەکگرتوانە و بە هاوپشتی و هاوکاری پێکەوە بژین. کۆمەڵگایەك کە ئەوەندەی دیموکراسی و ئازادی تێدا هەبێ کە ئیمکانی ئەوە بڕەخسێنێ بە خەباتی سیاسی، بکرێتە وڵاتێکی بێ چەوسانەوە و بێ جیاوازیی چینایەتی و دابەشبوون بە چینی ژێردەست و باندەست. ئێمە بۆ کۆمەڵگایەك هەوڵ دەدەین کە ستەم و چەوسانەوە و دیاردە دزێوەکانی نیزامی سەرمایەداری تێیدا بسڕدرێتەوە و دیاردەی چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بە یەکجاری بنەبڕ بکرێ. بەو روانگەگەلەوە کە بنەماکەی لەسەر تەبایی و لێکهەڵپێکرانی سۆسیالیزم و دیموکراسی دامەزراوە، پێمانوایە کۆمەڵە هەوەك زۆرجار باسی کراوە ناتوانێ و ناکرێ لە چەشنی حیزبە کۆمۆنیستەکان بێ و بیری دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا پەیڕەو بکات و حیزبێکی ئیدئۆلۆژیك بێت. بەڵ:وو کۆمەڵە دەبێ حیزبێکی سیاسیی سۆسیالیست و کۆکەرەوە و ڕێکخەری هەموو بزووتنەوە جەماوەریە یەکسانیخوازەکان بێ و وەك رەوتێکی کۆمەڵایەتیی عەداڵەتخوازی چەپ، پێناسە بکرێ و ئاڵاهەڵگری دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بێ.

پێمانوایە ئەوانەی سەرووتر باسیان کرا، خەت و جیهەتی کۆمەڵەن کە پێویستە بە رۆشنیەکی زیاتر بخرێنە بەرچاو. پێویستە هەر لێرەدا سنووری خۆمان بە ئاشکرا هەم لەگەڵ ئەوانەی کە خۆیان تەنیا بە دابینکردنی دیموکراسی سیاسیەوە مەحدوود دەکەنەوە و لە بۆچوونی خۆیاندا سۆسیالیزم و عەداڵەتخوازی بە رادەیەکی زۆر دەخەنە پەراوێزەوە و هەم لەگەڵ روانگەی کلاسیکی کۆمۆنیستی یان "کۆمۆنیزمی ئۆردووگایی" دیاری بکەین و رایبگەیەنین.

لە نەزەر ئێمە کۆمەڵە هێزێکی کوردستانیە و ئەوەش بەو مانایەیە کە کۆمەڵە پارێزەری بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان و شۆڕشەکەیەتی و سیاسەتی ناوچەیی و جیهانیی خۆی بەو پێیە دیاری دەکات. کۆمەڵە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی و رزگاریخوازانەیە و لەو بزووتنەوەیەشدا پارێزەری بەرژەوەندی چینی چەوساوە و بێبەشی کوردستانە. لە هەمان کاتدا کە بۆ هاوپشتی و برایەتی و هاوخەباتیی هەموو گەلانی ئێران تێدکۆشێ، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە مافی رەوای ئەو میللەتە دەزانێ. پێویستە بە راشکاوی بڵێین کۆمەڵە پێداگری دەکات لەسەر مافی رەوا و دیموکراتیکی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی، بەڵام لە هەل‌ومەرجی ئێستای ئێران و کوردستاندا و بۆ رەخساندنی ئیمکانی پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ناو ئێران، فیدرالیزم بە دروشمێکی گونجاو دەزانێ و بۆ چەسپاندنی تێدەکۆشێ و ئەو دروشمە بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێراندا بە پێویست دەزانێ.

ئەم پێناسەیەی سەبارەت بە چەپ بوون و کوردستانی بوونی کۆمەڵە، سەرووتر باسی کرا، هەوڵێکە بۆ هێنانە ئارای شەفافیەتی زۆرتر لە بۆچوونی کۆمەڵەدا و دەربڕینی روانگەکانی خۆمان کە دواتر بە وتار و نووسراو لەسەری دەدوێین و دەنووسین.

**ب- پێوەندیی لەگەڵ حیزبە کوردیەکان و بەرەی کوردستانی:**

جیا لە دروشمی بەرەی کوردستانی بۆ کوردستانی ناو ئێران و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی، وەك ئەرکێکی گرینگی ئێستامان، پێویستە کۆمەڵە تا دەتوانێ ڕێگای هاوکاری لەگەڵ هەر حیزبێکی کوردستانی خۆش بکات و هەنگاوی جیددیتر باوێژێ بۆ پێوەندی لەگەڵ هەموو حیزبە کوردیەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان. سەرەڕای جیاوازی لە بیروبۆچووندا دەبێ کارێك بکەین کە هاوئاهەنگی و هاوکاری لە نێوان بزووتنەوەی کوردیدا پەرە بستێنێ و پێوەندی خۆشمان لەگەڵ لایەنە کوردیەکان دۆستانە و پتەو بکەین و لە هەل‌ومەرجی ئێستادا و تا ئەو رادەیەی لە دەست ئێمەدایە، بەر بە ئاڵۆزی و سازبوونی کێشەی لاوەکی لەگەڵ لایەنە کوردیەکانی ناو بزووتنەوەی کوردی، لە هەموو پارچەکانی کوردستان بگیرێ.

ئێمە پێمان باشە لە هەل‌ومەرجی سیاسیی ئێستای کوردستان و ئێراندا و بۆ بەهێزکردنی رەوتێکی چەپی کوردستانی و لە ناویشیاندا کۆمەڵە، حیزبی ئێمە بە جیددی و راشکاوانە بانگەوازی دیالۆگ بۆ یەکگرتنەوەی هەموو ئەو کەس و لایەنانە بکات کە بڕوایان بە سەربەخۆیی کۆمەڵە هەیە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستە بە ئاشکرا دەرگای دیالۆگێکی هاوڕێیانە روو بە هەموو ئاڵقەی کۆمەڵە، بکەینەوە. پێمانوایە ئەو کارە بەرەی پێشکەوتنخواز و عەداڵەتخواز لە کۆمەڵگای کوردستاندا بەهێز دەکات و ڕێگایەکە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو خەسارانەی تا ئێستا لە رەوتی کۆمەڵە کەوتوون. سازدانی سمینار، گۆڤارێك کە هەموان تێیدا بنووسن، دانیشتنی هاوبەش و... دەتوانن دەسپێکی باش بن بۆ ئەو مەبەستە.

بۆ ل ٨

# راگەیاندنی دەست بەکار بوونی رەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە

چوار مانگ لەوە پێش ٥ کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە بەیانییەیەکدا لە ژێر ناوی "چاکسازی رێگایەك بۆ یەکگرتن و گەشەکردن"، روانگە و پێشنیارەکانی خۆمان سەبارەت بە چۆنیەتی چاکسازی و کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە بڵاو کردەوە. هەر وەك پێشتریش باسمان کردوە، ئەو بەیانییە و نوسراو و وتووێژەکانی ئەو هاورێیانە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ناو بەشێکی زۆری حیزبی کۆمەڵە و لە ناو دۆستان و دڵسۆزانی بزوتنەوەی کوردستان، لە ناوخۆ و لە دەرەوەی وڵات و، هەروەتر لە ناو رەوتی پێشکەوتوو و عەداڵەتخوازدا، بەحس و ئەدەبیاتێکی سیاسی بەرین چ بە دەربڕینی تێبینی، تەکمیلکردن و رەخنەگرتن و، چ بە موخالەفەت لەگەڵ بەشگەلێك لە بەیانییەکە، بێتە ئاراوە. ئەو راستییە هەموانی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە ئەو روانگەگەلە تەنیا بۆچوونی چەند کەس نییە، بەڵکوو نوێنەرایەتی نەزەر و روانینی بەشێکی بەرچاوی هاورێیانی کۆمەڵە و کۆمەڵێکی زۆر لە دڵسۆزانی کۆمەڵە و بزوتنەوەی کوردستان دەکات. دوای گۆڕینەوەی بیرورا و راوێژ لەگەڵ هاورێیانێکی زۆر لە هەموو بەشەکانی تەشکیلات، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە رێککەوتنەکانی ناو کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە نەیتوانی خۆی لە کردەوەدا بنوێنێ و ببێتە عەمەلی، بە تایبەتی دوای ئیسرار لەسەر گرتنی کۆنگرەیەکی یەك لایەنە و جیناحی، هەمووومان بەوە گەیشتین کە: لە لایەکەوە، ئورگانیسمی کەمینەی ناو کومیتەی ناوەندی ئیتر ناتوانێ هەموو باڵا و بەرینایی ئەو رەوتە بنوێنێ و، لە لایەکی دیکەوە دێموکراسی و پرەنسیپەکانی بەیانییەی "چاکسازی رێگایەك بۆ یەکگرتن و گەشەکردن" دەخوازێ کە هەموو ئەو هاورێیانەی دیفاعی لێدەکەن و سەرەرای وردە تێبینی، لەگەڵ خاڵە گشتیەکانی ئەو بەیانییە هاونەزەرن، بتوانن ئیرادە و نەزەری خۆیان لەو رەوتەدا بنوێنن تا فورسەتی گەشە و چاکسازی لە کۆمەڵەدا لەقیس نەچێ. بۆیە لەوە بەولاوە کەمینەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە نامێنێ و لەجیاتیان "رەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە" وەك ئۆرگانیسمێك رادەگەیەندرێ. ئەو رەوتە لە چوارچێوەی تەشکیلاتی کۆمەڵەدا و لە هەموو ئەرکەکانی حیزبی بە پێی پێڕەوی ناوخۆ بەشداری دەکات و لە رێگای ئۆرگانیسمی حیزبییەوە دەیهەوێ تەئسیر دابنێ بۆ گەشە و چاکسازی لە کۆمەڵەدا. ئێمە پێمانباشە و خوازیارین زابیتەی کارمان بە دیالۆگ لەگەڵ هاورێیانمان لە رەهبەری کۆمەڵەدا دیاری بکەین. پێویستە بگوترێ لە راگەیاندنێکی دیکەدا، بە شێوەی کۆنکرێت خاڵە گشتی و ئەسڵییەکانی بۆچوونی خۆمان بۆ پرەنسیپەکانی کار و ئەرکەکانی داهاتووی کۆمەڵە دەخەینە بەر نەزەری هەموان.

---

**ج- سیاسەتمان لەمەڕ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی**

ئێمە لەو بڕوایەداین کە بە بێ دانپێدانان و بە رەسمی ناسینی مافی خەڵکی کوردستان، لە لایەن بەشدار بووانی هەر ئیئتیلافێکی داهاتوو و ئیحتیمالیی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، کۆمەڵە نابێ ملکەچی هیچ پەیمان و خۆبەستنەوەیەکی ئەوتۆ بێ کە روانین و بڕیار بۆ چارەسەی مەسەلەی نەتەوەیی، بەتایبەتی مەسەلەی کورد، بە نارۆشنی و لێڵی باس بکات یان بیهێڵێتەوە بۆ تەوافوقاتی نادیاری داهاتوو.

بە بڕوای ئێمە دەبێ بە بایەخێکی زۆرترەوە کۆمەڵە و گەلی کورد، دروشمی بەرەی دیموکراسیخوازی لە ئێران بەدەستەوە بگرن. ئەوە ئاڵقەیەکە کە کورد و

***پێویستە ئەوەش بڵێین کە سیاسەتی چاوەڕوانی، ئێستا روانگەیەکی دیارە لە ناو بزووتنەوەی کوردیدا و تەنانەت لە ناو ریزەکانی خۆشماندا رەنگدانەوەی هەیە. کۆمەڵە دەبێ دژ بە سیاسەتی چاوەڕوانی، کە دەبێتە هۆی دەستەوستانی لە ناو خەڵك و بزووتنەوەی جەماوەریدا، هەڵوێست و روونکردنەوەی هەبێ***

کۆمەڵە بۆ دەورگێڕان لە سیاسەتی ئێرانیدا پێویستە گرینگیی پێبدەن. پێمانوایە لە گۆڕانکاریەکانی داهاتوودا ئەم زەرفەیە کە زۆرتر لە "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران" هێز کۆدەکاتەوە و ئاڵترناتیوی داهاتووی ئێران لەم رەهەندەوە دیاری دەکرێت. بەرەی نەتەوەکانی ئێران تەنیا دەتوانێ بەشێك لەو ئاڵترناتیڤە بێت (بە مەرجێك کە پێکهاتەکەی خۆی بە تەواوی دیموکراتیك بێ). پێویستە بڵێین سیاسەتی ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران دەبێ وشیارانە و چەشنێك خەتی سوور دانان بێ بەرامبەر بەو رەوتانە کە لە بازنەی پێشکەوتنخوازیدا جێیان نابێتەوە. لەم دەورەیەدا کەس و لایەنگەلێك هاتوونەتە ناو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران کە نە قورساییان هەیە و نە پۆیان بە پێشکەوتنخوازیەوەیە و چەشنێك فاشیزم نوێنەرایەتی دەکەن کە بۆ کۆمەڵە و رێبازەکەی قبووڵ ناکرێت. با بە رۆشنی بڵێین کۆمەڵە ناتوانی لەمبارەوە بێدەنگ بێ و هەر ملکەچی بڕیاری ئەکسەریەتی ئەو کۆنگرەیە بێ. پێویستە بە جیددی چاوێك بخشێنینەوە بەسەر تەرکیبی بەشداربووانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران و مەرجە سەرەکیەکانی کاری ئەم دامەزراوە سیاسیەدا.

**د- بزووتنەوە ناوخۆییەکانی ئێران و قورسایی و شوێنیان**

بۆ سازکردنی بەرەی دیموکراسیخوازی لە ئێران بە پێویستی دەزانین تەئکید لەسەر دوو خاڵی گرینگ بکەین:

**یەکە:** ب سەرەگرتن و سازدانی بەرەی دیموکراسیخوازی لە ئێران دەبێ قورسایی خۆمان بخەینە سەر راکێشان و پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ناوەوەی ئێران و چەندە لەوبارەوە بتوانین سەرکەوتوو بین، بەو ئەندازەیەش لێك نزیککردنەوە و پێکگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنی دەرەکیش ئاسانتر دەبێتەوە.

**دووهەم:** کۆمەڵە دەبێ لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەری و مەدەنیەکانی ناو ئێران، وەك بزووتنەوەی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و موعەلیمان و... راستەوخۆ و وەك هێزێکی بزووتنەوەی کوردستان، پێوەندی بگرێ و وەك بەشێکی گرینگی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی قبووڵیان بکات، دیفاعیان لێبکات و بیانناسێنێ و پێداگری بکات بۆ بوونیان لە هەر هاوپەیمانەتیەکی داهاتووی ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا.

بەپێویستی دەزانین ئەوەش بڵێین کە لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا، کۆمەڵە دەبێ بۆ ئاڵترناتیڤی داهاتووی ئێران، بە رۆشنی لایەنی کۆماریخوازی بگرێ و بەرامبەر بە گەڕانەوەی نیزامی پاشایەتی هەڵوێستی راگەیەنراوی هەبێ. هەرچەند هەر ئەوە هەڵوێستی کۆمەڵە بووە، بەڵام بۆ جارێکی دیکەش رەسمی کردنەوەی بە قازانجی کۆمەڵە، بەرەی دیموکراسیخوازیی ئێران و بزووتنەوەی کوردستانە.

لە رێگای بەهێز کردنی بەرەی دیموکراسی و تەئکید لەمەڕ هەڵبژاردە بوونی هەر رەدەیەکی دەسەڵات لە ئێراندا، چۆنیەتیی پێوەندی لەگەڵ رەوتی پاشایەتیخوازیش، باشتر دیاری دەکرێت.

**بواری نیزامی و چەکداری**

کاری چەکداری و وەزنی هێزی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی کوردستاندا و لە وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراو و حکوومەتێکی داپڵۆسێنەری وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە دروستکردنی تەوازونی سیاسیی ناوچەکەدا، هێشتا هەر قورسە و بۆیە دەبێ لەو وەزعە هەستیارەی ئێستای کوردستان و ئێراندا، کۆمەڵە تێبکۆشێ کە بە خێرایی هێزی چەکدار و پێشمەرگەی خۆی هەم بە چەندایەتی زیاد بکات و هەم لە باری چۆنایەتیەوە گەشە و نەشەی پێبدات. بۆ ئەو مەبەستە دەکرێ و دەگونجێ لە دوو بواردا کار بکەین: **یەکەم**، لە هەنگاوی یەکەمدا دوو مەڵبەندی جوغرافیایی بۆ هێزی پێشمەرگەی ئاشکرا دیاری بکەین، بەو روانگەیەوە کە مەڵبەندەکان بەپێی گەشەی چەندایەتیی هێزەکە لە داهاتوودا، زیاتر بکرێن تا لە درێژەی خۆیدا چەندین گوردان و تیپ لە هەموو ناوچە و مەڵبەندەکان شکڵ بگرن و بەڕێوەبەرایەتیی خۆیان هەبێ و لە باری نیزامیەوە بە باشی رایان بهێنن. **دووهەم**: هاوکات لەگەڵ ئەو کارە، هەر لە ئێستاوە کار بکەین هێزێکی نیزامیی نهێنی لە ناوەوەی کوردستان و بە تەواوی جیا لە رێکخستنی نهێنی و راستەوخۆ لە ژێر چاودێریی کۆمیتەی ناوەندیدا رێك بخەین، رایان بێنین و تەیاریان بکەین بۆ ئەو مەبەستەی هەرکات پێویست بێ وەگەڕیان بخەین و بیانخەینە کارەوە تا هێزی عەلەنی و هێزە نهێنیەکە هەوێنی هێزی گەورە و جەماوەریی نیزامیی داهاتووی کوردستان بن. کۆمەڵە دەبێ بایەخی تەواو بەو ئەرکە بدات. ئێمە پێمانوایە ئەوەش یەکێکی دیکە لە فاکتەرەکانی دەرهاتن و کەمکردنەوە لە حاڵەتی حیزبی تەبعیدیە.

**بواری ماڵی و دارایی**

لە بواری ماڵی و داراییدا پێویستە خەزێنەی کۆمەڵە و پرۆژە ماڵیەکانی وەها دابمەزرێ و کۆنترۆڵ بکرێ کە هیچکەس و لایەن و دەسەڵاتێکی تایبەت نەتوانێ پاوانی بکات یان لە کێشەی چاوەڕواننەکراودا بۆ بەرژەوەندی خۆی و بە دژی نەیارانی بەکاری بێنێ. هەموو دارایی کۆمەڵە و پرۆژەکانی قازانج دەرهێنان، نەك بە ناوی تاکەکەس، بەڵکوو بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی و بە ناوی دەزگا و جەمعەوە سەبت بکرێ.

**پێوەندی دەرەکی و نێونەتەوەیی**

مەسەلەیەکی دیکە کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ پێوەندیە دەرەکی و نێونەتەوەییەکانە. ئێمە نەزەرمان وایە کە هەرچەشنە پێوەندیەك لەگەڵ دەوڵەتان دەبێ بە بڕیارنامە و پەسندکراوی رۆشن و نووسراوی کۆمیتەی ناوەندی بێت. خوازیاری ئەوەین کە هەموو ئامانج و سیاسەتێکی ئێمە لە هەر پێوەندیەکدا دیاریکراو و رۆشن بێ و کۆمیتەی ناوەندیی دیاری بکات و بنرێتە ئیختیار کادر و ئەندامان. لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێ کۆمەڵە تێبکۆشێ پارێزەری سەربەخۆیی خۆی و بزووتنەوەی کوردستان بێ و لەسەر ئەو بنەمایە، راشکاوانە جۆر و رادەی پێوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتان و دونیای دەرەوە، دیاری بکات.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە سیاسەتی چاوەڕوانی، ئێستا روانگەیەکی دیارە لە ناو بزووتنەوەی کوردیدا و تەنانەت لە ناو ریزەکانی خۆشماندا رەنگدانەوەی هەیە. کۆمەڵە دەبێ دژ بە سیاسەتی چاوەڕوانی، کە دەبێتە هۆی دەستەوستانی لە ناو خەڵك و بزووتنەوەی جەماوەریدا، هەڵوێست و روونکردنەوەی هەبێ. بۆ بەرگرتن بە پەرەسەندنی سیاسەتی جەماوەر و رۆشنی بکاتەوە کە دونیای دەرەوەش، تەنیا لە قەدەر هێز و قورسایی خۆمان و بزووتنەوەکەمان لە گۆڕەپانی سیاسیدا، رێزمان لێدەگرن و حیسابمان بۆ دەکەن.

ئێمە خوازیارین کە کاری پێوەندیەکانی دەرەوە لە حاڵەتی ئێستادا نەمێنێ و بەشێوەی کۆمیتەیی بەڕێوە بچێت. کۆمیتەیەك کە هەم توانایی کارەکەی هەبێ و نوێنەرایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بکات و هەم لە ناو کادر و رێکخستنەکانی دەرەوەدا ئۆتۆریتەی هەبێ و بتوانێ هاوئاهەنگیان لەگەڵ بکات.

لە کۆتاییدا، ئێمە رادەگەیەنین کە خەباتی ئێمە رووی لە زەمینە رەخساندنە بۆ کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو، گەورە و گەش، هەر بۆیە هەر هەنگاوێك بەرەو جیابوونەوە و دابڕان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا، یان تەنانەت هەرچەشنە دڵساردکردنەوەیەك کە ببێتە هۆی هەڵوەرینی هێز لە ریزەکانی کۆمەڵە، لە بنەڕەتەوە بە ناتەبا لەگەڵ ئامانجەکانی خۆمان دەزانین. داوا لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵە دەکەین بەوپەڕی دڵسۆزی و بەدەربەست بوونەوە ئەرکە حیزبیەکانیان بەڕێوەبەرن و لەم هەلومەرجەدا نموونەیەکی بایەخدار لە پابەندبوون بە پرەنسیپە حیزبیەکان و پێڕەوی ناوخۆ و رێزگرتن لە بڕیارە حیزبیەکان و لە یەکتر نیشان بدەن.

**ناسری حیسامی، جەمیلەی رەحیمی، نەویدی میهرئاوەر، رەزای کەعبی، عومەری ئیلخانیزادە**

**١٤-٠٤-٢٠٠٧**

**٢٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ی هەتاوی**

# وتووێژی رۆژنامەی ئاسۆ لەگەڵ هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە ئەندامی سەرکردایەتیی رەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە

کاوان عومەر

*کاوان عومەر رۆژنامەنووسی رۆژنامەی ئاسۆ، سەبارەت بە کێشەکانی ناوخۆی کۆمەڵە، وتووێژێکی لەگەڵ هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە ئەندامی سەرکردایەتیی رەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە، سازداوە. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، دەقی ئەو وتووێژەیە کە لە رۆژنامەی ئاسۆدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.*

پ: دوای بەستنی کۆنگرەی ١٢ی کۆمەڵە، جیاوازیەکان لە نێوان ریزەکانی کۆمەڵەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو سەری هەڵدا. ئەم جیاوازیانە چین و چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟

و: ئەوەی راستی بێت، ئێمە کۆنگرەی ١٢ بە کۆنگرەی هەموو کۆمەڵە نازانین، بەڵکوو بە کۆبوونەوەی لایەنێکی دەزانین و هەر واشمان راگەیاندووە. هەر بۆیە لە کاتی کۆنگرەدا ئێمە سمیناری خۆمان بەست. هەرچەندە بەشێك لە هاوڕێیانمان پێیان باش بوو ناوی بنێین کۆنگرە، بەڵام بەشێکی دیکەمان رازی نەبوو، چونکە وتمان کاتێك کۆنگرەکەی ئەوان بە کۆنگرەی لایەنێك دەناسین، چ هۆکارێك هەیە بۆ ئەوەی کە لایەنێکیتر ئەو کارە بکات. دەبێت ئەو راستیە قبووڵ بکەین کە دوو لایەنین و هەر کارێکیش دەیکەین ئەگەر گشتی بێت بۆ هەموو کۆمەڵەیە، دەبێت هەموومانی تێدابێت، دەنا هەر کەسە و کۆبوونەوەی لایەنی خۆی گرتووە و بڕیار و قسەش بۆ لایەنەکەی خۆی پەسند دەکرێت.

## ئێمە کۆنگرەی ١٢ بە کۆنگرەی هەموو کۆمەڵە نازانین، بەڵکوو بە کۆبوونەوەی لایەنێکی دەزانین و هەر واشمان راگەیاندووە

ئەو کۆنگرەیە نوێنەرایەتی ٤٠٪ لە ئەندامانی کۆمەڵە دەکات. لە هەموو کۆنگرەکانی ئێمەدا ٣٠ تا ٣٣٪ی نوێنەرایەتیی ئێمە لە ناوەوەی کوردستان بوون، بەڵام لەم کۆنگرەیەدا یەك دەنگیان نەبووە، یەکێك لە کێشەکانی ئێمە ئەوە بوو کە زیادی بکەین بۆ ٣٥٪، ئەوان بە ئەندام گیریەکی ناڕەوا کە مانگ و نیوێك پێش کۆنگرە کردوویانە ٢٥٪ ئەندامیان زیاد کردووە و لە نەسر و باریکە ئەندامیان هێناوە کە ئەمانە بە بێ پەیوەندی تەشکیلاتی بووە، لە هەمان کاتدا دەیان کەسی ئێمە کە ٣ تا ٥ ساڵە پێشمەرگە بوون، داوای ئەندامیەتیان کردووە لەبەر ئەوەی لایەنگری رەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە بوون، ئەندامێتیان نەدراوەتێ، بەمانەشەوە لە تەشکیلاتی ناو کوردستانیشدا ٤٠٪ی ئەندامان بەشداریان کردووە.

پ: جیاوازیەکان چیە؟

و: ماوەی ٢ ساڵە ئێمە بە نووسراو و خۆم شتم داوە بە کۆمیتەی ناوەندی و پێموابووە کە رەوتی چاکسازی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری کۆکردەوە گەشەی کردووە، بەڵام رێبەریی کۆمەڵە نەیتوانی وەڵامی پێداویستیەکانی ئەو قۆناغە و ئەو رەوتە و ئەو بزووتنەوەیە بداتەوە.

دووهەمین شت کە بۆ ئێمە گرنگ بوو، ئەوە بوو کە ئێمە هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵات بەتایبەت کۆمەڵە و دیموکرات کە دوو حیزبی گەورەن و خەڵك خۆشی دەوێن، بوونەتە حزبی تاراوگە. ئێمە زیاتر لە ٢٠ ساڵە لەسەر خاکی خۆمان نین لە نێو نەتەوە و میللەتی خۆمان هەین لە کوردستانی باشوور، بەڵام ئەوە خاکی ئێمە نیە، لە راستیدا پەیوەندیی ئۆرگانیی ئێمە پساوە.

سێهەم مەسەلە ئەوەیەن سانترالیزمێکی بەهێز لە هەموو حزبەکاندا و بەتایبەت لە کۆمەڵەدا هەیە کە تەنیا کۆمیتەی ناوەندیە و ٨٠٪ی بەڕێوەبەران نەك بە هەڵبـژاردن، بەڵکوو کۆمیتەی ناوەندی بە بەرگوماری دایان دەنێت، کە ئەوە بوو حزبێکی وەك کۆمەڵە کە دەڵێت من مودێرنیزم و خەڵکێکی رووناکبیر و تێکۆشەری لێ کۆبۆتەوە و لە دەوری ساغکردنەوەی کۆمەڵەدا هەموو هیوایان پێ بەستبوو کە چەشنێکی کە لە حزبایەتی بێنێت قبووڵ ناکرێت و ئێمە خوازیاری شتەکانی ئەو سانترالیزمەش بووین. ئەوە بەو مانایە نیە کە حزب سانترالیزمی ناوێت، بەڵام ئەوانە بۆ حزبێك کە پارەی نیە و فەرمانبەری نیە و ئیدارەی نیە، بەڵکوو هەمووی بیر و باوەڕە ئەوانە بە تێگەیشتن، بە دیالۆگ و بە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان ئۆرگانەکانی سەرەوە و خوارەوەدا دەکرێت. ئێمە هاوارمان ئەوەیە، ئەمڕۆ پژاك لە کوردستانی ئێران سەر بە پەکەکەیە و مەرج نیە هەتا سەر خۆی بە بزووتنەوەی کوردستانی ئێران پێناسە بکات، بەڵام خەریکی کاری رێکخستن و چەکداریە. ئێمە ناتوانین دڵی خۆمان خۆش بکەین کە پژاك وەك پارتی چارەسەرە لە کوردستانی عیراق. پارتی چارەسەر لە وڵاتێك کار دەکات کە دوو حزبی گەورەی خاوەن دەسەڵاتی تێدایە کە پێشمەرگەی زۆریان هەیە و لەسەر خاکی خۆشیانن و دەوڵەتە زلهێزەکانیش بە رەسمی دەیانناسن. دیارە ئەو حزبە ناتوانێت بچێتە پێش و گەشە بکات. بەڵام ئێمەی لە تاراوگە دانیشتوو دەستمان بە بزووتنەوە سیاسیەکەوە نەبێت، یێکخستنەکانی ناوەوەمان لەسەر پێی خۆیان نەوەستابن، لانیکەم هێزی سەربازیمان لە ناوەوەی کوردستاندا نەبێت، یەکێکیتر ئێستا خەریکە کار دەکات لە کوردستانی ئێران بە دڵنیاییەوە ئەگەر بمانەوێت لە رابردوومان بخۆین ناتوانین چارەسەری ئەو بارودۆخە بکەین. بە رای من ئەگەر بێت و کۆمەڵە و دیموکرات نەبن، ئەو شۆڕشە بە لاڕێدا دەچێت. هەر بۆیە نابێت چاوپۆشی لێ بکرێت و بە هەموو توانامانەوە لە هەوڵی ئەوەداین لە پرۆسەیەکدا ببین بە حزبێکی جێگیر لە کوردستان.

شتێکیتر کە دەبێت ئاماژەی پێبدەم و بەداخەوە هاوڕێیانی ئێمەی بە هەڵەدا برد کە بە تۆماری دەنگی قسەی کاك عەبدوڵا هەیە، کە منیش لە بەرامبەریدا قسەم کردووە، ئەوەیە کە ئەو هاوڕێیانە ساڵێك لەمەوپێش گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ئێران لە ئانوساتدایە و زۆر زوو دەگۆڕێت و ئەمریکا نموونەی عیراق لە ئێران دووپات دەکاتەوە، کە ئەمە ئەوانی خستە پەلە و لێکدانەوەی نادروست. گومانم لەوەدا نیە کە ئەمریکا کێشەکانی لەگەڵ ئێران قووڵتر دەبێتەوە و زەختی خۆی زیاتر دەکات، لە هەمان کاتدا گومانیشم نیە کە بزووتنەوەی کورد و حزبی کوردی دەبێت لەگەڵ هەموو زلهێزەکانی جیهان و ئەمریکاش پەیوەندیان هەبێت، بەڵا/ لەگەڵ ئەوانەشدا ئەمریکا لە عیراق و ئەفغانستان سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و تووشی گرفتی زۆر گەورە بووە و پاشانیش ئەمرکا لە ئێران ئاڵتەرناتیڤی نیە و ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتووش نیە بتوانێت پشتی پێ ببەستێت. دەبێت ئەوە باش بزانین کە ئەمریکا فایلێکی لەسەر کورسیەکەی دانەناوە کە ئۆپۆزسیۆنەکان یەك بخات. دەمەوێت ئەوە بڵێم روانگەکان جۆرێك بوو کە بە پێچەوانەی ئەو قسانەی کە عەبدوڵا موهتەدی کە دەڵێت هیچ جیاوازیەکی سیاسی نیە، جیاوازی لەسەر بنەماکانی ئەوەی کە کۆمەڵە کوردستانیە، چەپ و سۆسیالیستە نیە، بەڵام ئەگەر دێینە سەر تاکتیك و جۆری حزبایەتی، زۆر بە ئاشکرا جیاوازیەکان دیارە و بە هەلومەرجی سیاسیی ئێستاشەوە پەیوەندی بە هەیە.

پ: پێتوایە جیابوونەوەیەك بێتە ئاراوە؟

و: من هیوادارم وا نەبێت. ئێمە دوو ساڵە هەوڵی خۆمان داوە ئەو جیابوونەوەیە نەکرێت، بەڵام ئەگەر راشکاوانە بڵێم بەستنی کۆنگرەی ١٢ لە کاتێکدا بە ئیمزای ٨٠٠ کەس لە ناوەوەی کوردستان دژایەتی کراوە و بەشداری کەمینە بە ئەندامانەوە بەستراوە، بە بڕوای من کۆنگرەکە لێدانی تەپڵی جیابوونەوە بوو. پێموایە ئەو هاوڕێیانە جیابوونەوەی خۆیان ئەنجام داوە.

پێم خۆشە ئەوە رابگەیەنم کە لە کۆنگرەی خۆیاندا دەنگی نارەزایەتیەك هەستاوە و هەرە لە ئێستدا چەند کەسیان بەشداریان کردووە و کەسانێکیشیان ئێستا وردە وردە دەنگی نارەزایەتیان هەڵبڕیوە.

پ: چی بکرێت بۆ ئەوەی جیابوونەوەیەك نەیەتە ئاراوە؟

و: پێش ئەوەی کۆنگرەکەیان تەواو بێت، ئێمە رازی بووین بە کەمتر لەوەی کە هەین تێیدا بەشدار بین. وتمان بە رێژەی ئەوانەی تێیدا بەشدار نەبوون با نوێنەریان هەبێت، بەڵام ئەوان ئەوەیان لێ قبووڵ نەکردین. وتیشمان بەو رێژەیەی ناوەوەی کوردستان هەر هیچ ئێوە کەستان نەهێنا با لە جیاتی ئەو کەسانەی کە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بەشداریان نەکردووە بەو رێژەیە لە کۆمیتەی ناوەندی بەشدار بین کە دەیکردە ٤٥٪. ئێمە بە کەمتر لە ٤٠٪یش رازی بووین. ئێمە رازی بووین یەك لە سێی زیادەیەکمان بێت بۆ ئەوەی لە پلنیۆمەکاندا نەتوانن بڕیاری هەڵە بدەن، بەڵام ئەوەشیان قبووڵ نەکرد و لە کۆنگرەدا پەیرەوی ناوخۆشیان گۆڕی.

ئەوان بە ئێمەیان دەوت بنەماکانی کۆمەڵە دەگۆڕن، بەڵام خۆیان دەستیان برد و گۆڕییان. ئەوەی



دیموکراسی هەیە لە پەیڕەوی ناوخۆدا لەناویان برد. ئەوان مافی کەمینەیان هەڵگرت، مافی ئەوەی کە کۆمیتەی ناوەندی سکرتێر هەڵبـژێرن، لە کۆمیتەی ناوەندی سەندراوەتەوە و تەنانەت لە راگەیاندنێکدا کە لە کۆتایی کۆنگرەکەیاندا داویانە، سکرتێر و بەشێك لە ئەندامی سەرکردایەتی و کۆمیتەی ناوەندی ناوی لێ نەبراوە، بەڵکوو وەك رێبەرێك جیاوازە لە کۆمیتەی ناوەندی بە یاسا و هەتا ٣ ساڵ جارێکیش هەر کارێك بکات کۆمیتەی ناوەندی ناتوانێت بیگۆڕێت. ئەمانە بەڕاستی نیشانی دەدات کە هەموو هەوڵی ئەو هاوڕێیانە بەرتەسککردنی دیموکراسیە و سیاسەتی پاکتاو کردن بەڕێوە دەبەن.

ئەمانە نیشانی دەدا کە ئێمە جیاوازی زۆرمان هەیە و چاکسازیی رەوتی چاکسازی کە دەیوت سانترالیزمی دیموکراسی ئیتر کۆنە و لە سۆڤیەتەوە هاتووە و حزبی لنینی باوی نەماوە و دەبێت دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان رێبەری و خوارەوەی رێبەریدا بکرێت، راستمان دەکرد. گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ لە لایەن ئەو هاوڕێیانەوە نیشانیدا کە دەیانویست کۆمەڵە و رێبازەکەی و شێوازی کارەکەی بگۆڕن.

پ: ئێوە پێتان خۆش بووە کە چاکسازیەکە لە ناوەوەی کۆمەڵە ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوان رازی نەبوون. ئایا وایە؟

و: بەڵێ بە راستی ئەوان رێگەی هەموو شتێکیان لەم بابەتە گرت. ئێمە پێش کۆنگرەکە کەمینەی کۆمیتەی ناوەندیمان هەڵوەشاندەوە و رەوتێکمان لە هەموو تەشکیلاتدا کە زۆرینەی کۆمەڵە و رێکخستنەکانیشی لەگەڵدا بوو راگەیاند و ناردمان بۆ کۆنگرەکەیان، بەڵا/ ئەوان وەڵامیان نەدایەوە و هیچ گرووپێکی سیاسیی لە ناوەوەی حزبدا قبووڵ ناکەن، بۆیە ئێمە پێشنیارمان داوە وەك دوو باڵی کۆمەڵە کار بکەین.

پ: مەبەستت لە دوو باڵ، دوو حزبی جیاوازە؟

و: مەبەستم دوو فراکسیۆنە لە ناو کۆمەڵەدا، کە هەرکامەیان رێبەری خۆیان هەبێت و رێبەرێکی هاوبەشیش دابنێن.

پ: پێتوایە رازی بن؟

و: باوەڕ ناکەم، بەڵام بۆ ئەوەی دەست لە یەکتر بەرنەدەین با بۆ یەك ساڵ پیادەی بکەین تا بتوانین کۆنگرەیەکی هاوبەش گرێبدەین.

بۆ ل ١٠

پ: ئەگەر ئەوان قبووڵیان نەکرد، ئایا ئەوکات ئێوە جیا دەبنەوە؟

و: ئێمە ڕێگایەکی‌ترمان بۆ نامێنێتەوە لەو حزبەدا. ئەو پێشنیارانەی ئێمە بۆ ئەوەیە کە ئەوان لەو بڕیارەنی کۆنگرەی خۆیان بکشێنەوە. من ڕۆژێك پێش تەواو بوونی کۆنگرەکەیان چوومە ناو کۆنگرەکەیان و وتم هاوڕێیان بڕیارەکانتان ڕاگرن، با بیهێڵینەوە بۆ دیالۆگ، ئەوان تەنیا کارێك کە کردوویانە ٥ کوردسی‌یان لە کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە. ئێمە پێش کۆنگرە پێمان وتوون نە ٥ و نە ٨تان لێ قبووڵ ناکەین، خۆتان تووشی زەحمەت مەکەن. وتوومانە بۆچی ٥ کورسی دەدەن بە ئێمە، بۆچی دەبێت کورسی بدرێت بە عومەر ئیلخانیزادە، جیا لەوەی کە قبووڵمان نیە، کارەکەیان نادیموکراتیە.

پ: ئێوە چەند هیوادارن کێشەکان چارەسەر بکرێت؟

و: ئەگەر بە ئارەزووی خۆم بێت زۆر هیوادارم، بەڵا/ بەوەی کە دەیبینم بەداخەوە بە دڵنیاییەوە جیابوونەوەیە.

پ: بۆچی کاك عەبدوڵا کەمتر لەوبارەیەوە قسە دەکات؟

و: کاك عەبدوڵا و هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی دەیانەوێت هیچ شتێك نەدرکێت و نەچێتە دەرەوە و بە زۆرینەیەك کە لە کۆمیتەی ناوەندی هەیانە، هەموو مەسەلەیەك چارەسەر بکەن. بە تەواوی ڕەوتی چاکسازی بخنکێنن. ئەوان بە دەرکردن، هاوڕێیانی خۆیان بە نەیارانی کۆمەڵە پێناسە کرد، ئەندام و کادیری کۆمەڵە لە دانیشتنەکانی کۆمەڵە دەرکران، ڕێگەنەدان بە ئەندامی ٢٨ی ساڵەی کۆمەڵە کە نابێت بێتەوە بۆ ئۆردووگاکانی کۆمەڵە. کارگەلێکیان کرد کە لە مێژووی کۆمەڵەدا بێوێنە بووە و ڕەوتی چاکسازی و ریفۆرم دژی هەموو ئەوانە وەستاوەتەوە و نووسراومان هەیە. دەبێت ئەوەش بڵێم مومکین نیە ئێمە هەر ڕێککەوتنێکیش بکەین لەسرە بنەمای چاکسازیی و بەهێز کردنی کۆمەڵە و دەرهاتن لە حزبی تاراوگەیی پاشەکشە بکەین. ئێمە خوازیاری ئەوە بووین کە قسە کردن ئازاد بێت، تەنانەت لە دەرەوەش. حزبێك کە نەوێرێت مەسەلەکانی ناوخۆی لەم سەدەیەدا و لە کوردستانێك کە هەزاران ئازاری چەشتووە، بە خەڵکەکەی خۆی بڵێت، چۆن دەتوانم بڵێم ڕێبازی کاك فوادی مستەفا سوڵتانی هەیە کە وتووێژی هەموو ڕۆژەی لەگەڵ دەوڵەت و چەمرانی بۆ خەڵك دەگێڕایەوە. ئەگەر ئەوانە نەکرێت سەربەرزیەکانی کۆمەڵە نامێنێت و ئێمە دەمانەوێت کۆمەڵە هەر سەربەرز بێت.

پ: ئەو هێزانەی کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە هاتوون بۆ پاراستنی ئۆردووگاکانی کۆمەڵە چ هێزێکن و هۆکار چیە بۆ هاتنی ئەو هێزانە؟

و: ئەوانە هێزی وەزارەتی ناوخۆن و بەداخەوە کە وای لێهات سەد بریا منیش مەرگی خۆم ببینیایە، ئەوەم نەدیبایە لە کۆمەڵەدا، بەڵام ئەوان بەراستی دڵسۆزانە هاتوون بۆ ئەوەی مەسەلەیەکی نەخوازراو ڕوو نەدات. ئەوە بەراستی جێگەی داخە، حکوومەتی هەرێم لەم قۆناغەدا دەخاڵەت دەکات و ناهێڵێت ناکۆکی نێوان حیزبە کوردیەکان بگاتە ئاستێك کە ناخۆشی لێ بکەوێتەوە و شتێکی باشە و بەشبەحاڵی خۆم ڕێز لە ئەرکی هەموو ئەوانە دەگرم و هەموو هاوکاریەکیشیان لەگەڵ دەکەین.

پ: ئایا بەراوردتان کردووە کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کام لایەنیان زیاتر قبووڵە؟ یاخود ئومێدێکیان بەم ڕەوتی چاکسازیە هەیە؟

و: بە بڕوای من خەڵك لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە زۆریان پێ خۆش بووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە جیابوونەوە و دابڕان کاریگەری نگەتیڤی هەیە و کارەکەی ئێمە سەختتر دەکات. هەر ئەوەی کە ئێمە خوازیاری بووین کە خەڵکی ناوەوەی کوردستان لە کۆنگرەکەدا زیاتر بەشدار بن، دیارە ئێمە بەشی زۆری پێگە و هێزی خۆمان لەوە دەبینین.

پ: لە ئەگەری جیابوونەوەدا ئێوە بە چ ناوێکە چالاکی دەکەن؟ ئایا پێتوایە بتوانن بە هەمان ناوی کۆمەڵەوە بمێننەوە؟

و: هیچ هێزێك و قودرەتێك ناتوانێت ئێمە لە کۆمەڵە بشواتەوە. ئەوە مومکین نیە. ئێمە بۆ خۆمان حزبێك بووین بە ناوی کۆمەڵەوە و هاوڕێیانی خۆشمان کە لە دەرەوەی ئێمە بوون لە کۆمەڵەبوون نەمان شتوونەتەوە. لەوانەیە جیاوازیەك لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام ئەو جیاوازیە دەبێت لیژنەیەکی ڕەسمی ڕەوتی چاکسازی و گەشە کە دیموکراتی بێت، بڕیاری خۆی لەسەر بدات. من ئێستا ناوێك دیاری ناکەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە کۆمەڵەین و خوازیاری یەکگرتنەوەی هەموو کۆمەڵەی گەورەین.

پ: تا ئێستا وتووێژتان کردووە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران کە پێیان وایە کارکردن لە ژێر ناوی کۆمەڵە و نەمانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران باشترین ئاڵتەرناتیڤە، یان هەست بە نزیکیەك دەکەن؟

و: لام وایە هێشتا لە ڕووی سیاسیەوە دوورین، نازانم ئەو هاوڕێیانە چی دەکەن، بەڵام ئێمە چەندین جار ڕامانگەیاندووە کە خوازیاری دیالۆگین. وەك پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ و تەشکیلاتی نەمانبووە و تا ئێستا هیچ دانیشتنێکمان نەکردووە.

پ: ئەوان وەڵامی داواکاریەکەی ئێوەیان داوەتەوە؟

و: ئەوەی کە بیستوومە ئەوانیش وردە وردە دێنە سەر ئەو ڕایەی دیالۆگ لە نێو کۆمەڵەدا بەگشتی ساز بدرێت. کەس ناتوانێت ئەو پاوانخوازیەی کە هەر کەسێك بەخۆی دەڵێت کۆمەڵە و ئەوی دیکە خۆی بە کۆمەڵە پێناسە بکات، بەراستی ئیتر ناگونجێت. خەڵکی کوردستانیش قبووڵی ناکەن. لە ئاکامدا دەبێت ئەو هەلە برەخسێنین کە لە نێو هەموو کۆمەڵەدا دیالۆگ هەبێت و ڕێبازێکی چەپی کوردستانی بتوانێ جێگەی خۆی بکاتەوە. تەنانەت ئێمە خوازیارین بەرەیەك بین لە ناو هەموو کۆمەڵەدا. هەرچەندە ئەوە کاتی دەوێت، بەڵام ئەوە کارێکی پیرۆزە کە دەبێت هەوڵی بۆ بدەین.

پ: وورەی پێشمەرگەکان لە ئۆردووگا چۆن دەبینیت؟ پێتوایە بەجۆرێك لە جۆرەکان سێبەرێکی تاریکی ماتەمینی ئۆردووگای داگرتبێت؟

و: لام وانیە مرۆڤ بیر لە دابڕان لە هاوڕێکانی بکاتەوە و شاد بێت. بەهەر هۆکارێك بێت، بۆ هەر کارێکی گەورەش بێت. دیارە هەموان ناڕەحەتین، بەڵام مرۆڤ لەگەڵ ئەمری واقیعدا ڕووبەڕوو دەبێت و بەپێی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵە بڕیار دەدات.

پ: ئەگەر جیابوونەوەیەك بێتە ئاراوە ئێوە چی دەکەن؟ ئایا لێرە دەمێننەوە یان ئۆردووگا دابەش دەکرێت؟

و: هیوادارم لە گفتوگۆی هاوڕێیانی خۆماندا ئەوانە چارەسەر بێت. دەنا یاسا و حکوومەتی هەرێم هەیە. دیارە ڕێژە لە هێزدا لە نێوان هەر دوو لادا هەیە.

پ: ئێستا پاش تەواو بوونی کۆنگرەی ١٢ بارودۆخەکە چۆن دەبینی؟

و: پێموایە بەستنی کۆنگرە و کۆتایی هاتنی بەو چەشنە، دوو بەرەکایەتیەکەی زیاتر کرد، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە خەریکە هێورتر دەبێتەوە و هەمووشمان لە هەوڵی ئەوەداین بارودۆخەکە هێور بکەینەوە. دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە گوایە تەقەیان لە یەك کردووە، ئەمانە ڕاست نین و هیوادارم قەت شتی وا لە کۆمەڵەدا ڕوو نەدات. چونکە ئەوە بۆ هەموومان هەر شکستە.

**کاك عەبدوڵا و هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی دەیانەوێت هیچ شتێك نەدرکێت و نەچێتە دەرەوە و بە زۆرینەیەك کە لە کۆمیتەی ناوەندی هەیانە، هەموو مەسەلەیەك چارەسەر بکەن. بە تەواوی ڕەوتی چاکسازی بخنکێنن**

پ: لە سمینارەکەدا کە ئێوە بەڕێوەتان برد، ئایا کۆمیتەی ناوەندی یان ڕێبەرتان هەڵبژارد؟

و: بەو قسانەی کە لەو سمینارەدا ئەنجامدارەوە، بە وتووێژ لەگەڵ ئەندامانی دەرەوە کە ئەوانیش کۆبوونەوەی زۆریان ئەنجامداوە و هەروەها بە ڕاوێژ و پرسیار لەگەڵ ئەندامانی ناوەوەی کوردستان بڕیارماندا ئەوانەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی ١١ بوو کە کۆنگرەیەکی بەرحەقە، ٦ کەسیان کە نەچوونەتە کۆنگرەی ١٢ و پەیڕەوی کۆنگرەی ١٢ نین دەتوانن ڕێبەری کۆمەڵە بن و بۆ خۆشیان دەتوانن تا ٣ مانگی‌تر خەڵکێکی‌تر بە خۆیان زیاد بکەن و پاشان کۆنفرانسێکی ڕەوتی چاکسازی دەگیرێت و ڕێبەری خۆی هەڵدەبژێرێت.

پ: ئەو کەسانەی کە تا ئێستا وەك جەنابتان ئاماژەتان پێدا نەبوونەتە ئەندام، ئایا لە لایەن ئێوەوە وەك ئەندام کۆنگرە وەرگیراوە؟

و: ئێمە هەموو ئەوانەمان وەك ئەندام وەرگرتۆتەوە و هەموو ئەوانەش کە لە کاك حسێن شەبەق و یونس بلووریەوە بە ناحەق دەرکراون و ٤ تا ٥ ساڵ لەمەو پێش قڕەمان لەسەر کردوون و هەموو ئەو دەرکراوانەی کە لەسەر بیروبڕوا بوون، بڕیاری دەرکردنەکەیان هەڵوەشاوەتەوە.

پ: پێتان ڕاگەیاندوون؟

و: نەخێر ئێستا پێمان ڕانەگەیاندوون.

پ: بەڕێوەبەرانی کۆنگرەی ١٢ پێیانوایە کە کۆنگرە بە سەرکەوتوویی تەواو بووە و ئامانجەکانی خۆی پێکاوە؟

و: پێموایە ئەو هاوڕێیانە تێداماون، هەروەك چۆن لە بەرامبەر نووسراوەکەی ئێمەدا وتیان ٧٠ تا ٨٠ لە سەدی بیری هاوبەشە، بەڵام نەیانوت ئەو ٧٠ و ٨٠یە چیە. بەراستی تێداماون لەوەی کە بۆچوونی سیاسیی خۆیان دەربڕن. لە گۆڕینی بەندی یەکی ئەساسنامەشدا نازانن چی بکەن و چۆنی بگۆڕن و لەنێو خۆشیاندا یەك دەنگ و یەك دەست نین. ئەوان بە هیچ شێوەیەك نایانەوێت قسەی سیاسی بکەن وەك چۆن کاك عەبدوڵا حەوت هەشت مانگە ئەو هەمو کێشەیە لە ناو کۆمەڵەدا هەیە و بێدەنگی هەڵبژاردووە. دیارە لەم بابەتەشەوە ئەو سیاسەتە پەیڕەو دەکەن. ئێمە پێکەوە لەگەڵ کاك ئەبووبەکر مودەڕیسی ئەندامی کۆمیسیۆنی ئامادەکاری کۆنگرە بووین لە مانگی مارسەوە، بەڵام یەکجاریش دانیشتمان نەبووە و قسەیەکمان نەکرد. هەر پێشووتر ئەوان بڕیاریاندا بەو ڕێگەیەدا بڕۆن. ئەوان حیزبیان لەناو حزبدا دروست کرد. لە دوو ساڵ لەمەوپێشەوە بە ڕێبەری کاك عەبدوڵا موهتەدی کە سکرتێر بوو، هەر چەندە چەندین جار پێم ڕاگەیاندووە کە ئەو کارە مەکە ئەوە کاری تۆ نیە. ئەو خۆی چۆتە ناو فراکسیۆنێکەوە ئەوجا دەڵێت فراکسیۆن قەدەغەیە. ئەوان نە خەڵك ئاگادار دەکەن و نە قسەی سیاسیش دەکەن. بەڕای من چەشنێك ناشەففافی لە سیاسەتەکانی کۆمەڵەدا دێنێتە پێش. ئێمە بەڕاستی نامانەوێت لە سیاسەتی کۆمەڵە هەم لێکدانەوەی چەپی لێ بکرێت و هەم لێکدانەوەی ڕاست.

پ: پەیوەندیتان ئێستا چۆنە؟ ئایا قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن؟ ئەو گەرموگوڕیە ماوە؟

و: نا نەماوە. بەراستی بە دڵ پێم ناخۆشە، بە دڵیش هاوڕێکانم خۆش دەوێت، بەڵام زۆر موخالیفی ڕەوشی سیاسی و تەشکیلاتیانم. بەڵام من لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی دیکەش کە بەشێکیان ٦ ساڵ و ٧ ساڵە لە حیزبی کۆمۆنیست ماونەتەوە و نەمدیون، ئێستاش دڵم بۆیان دەکورکێنێ چ بگات بەو هاوڕێیانەی کە ٧ ساڵ لە ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵەدا پێکەوە کارمان کردووە.

پ: تا چەندە ڕاستە کە دەڵێن ئێوە ئیمزاتان کردووە کە ڕازین بە بەستنی کۆنگرەی ١٢؟ بەڵام دواتر ناچنە ناو کۆنگرە؟

و: ئێمە لە پلنیۆمی مانگی مارسدا لەسەر بەروارێك بۆ بەستنی کۆنگرە ڕێککەوتین. هەر لەو پلنیۆمەدا کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیەندرا و هەر کەسە هێزی بۆ خۆی کۆ دەکردەوە بۆ کۆنگرەکە. بەڵام لە مانگی ٧ەوە دیالۆگێك لە نێوانماندا دەستی پێکرد و لایەنی سێهەمیش داوانامەیەکی هاوبەشی دابوو بە هەر دوو لا. ئێمە چەند شتێکمان پێشکەش کرد لە ئاکامدا قبووڵیان کرد. دوای دانیشتنەکانمان هەر درێژەی کێشا و لە کۆتایدا لەسەر شتێك ساغ بووینەوە کە ٨ تا ٩ خاڵی تێدا بوو. لە نێو ئەوانەدا ٢ خاڵ هەبوو کە هەر دوو لا بە بەشداریی کاك عەبدووڵا و من دادەبەزنە ناو تەشکیلات و ڕێکخستنەکان، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ئاسایی بکەنەوە و دووهەم بە میکانیزمێکی گونجاو کە هەر دوو لا پێی ڕازی بن، هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی ١٢ بکرێت و تەنانەت ئەگەر ویستیان داوا بکرێت لە چاودێرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام بەداخەوە ئەو دوو خاڵە سەرەکیە جێبەجێ نەکرا. ڕاستە ئیمزام کردووە، بەڵام ئەگەر یەك خاڵیش بەڕێوە نەچێت ئەوانی تریش قبووڵ ناکرێت. بە ڕاشکاویش وتوومە پاشگەز نیم لەو ڕێکەوتنە، بەڵام ئەگەر خاڵێك ئەویش خاڵێکی سەرەکی جێبەجێ نەکرێت، ئیتر کامە ڕێکەوتن. ئەوە ئەوانن پێیانوابوو بە ئیمزا وەرگرتنێك و بە فریوی هاوڕێکانیان دەتوانن کارەکانیان بەرنە پێش.

# سمیناری ڕەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە

ڕۆژی ١٥ی مانگی ئاگۆستی ڕابردوو، لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە، بە بەشداریی نزیکەی ١٠٠ کەس لە ئەندامانی لایەنگری چاکسازی لە کۆمەڵە، سمینارێك بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکانی ئەم دەورەیەی کۆمەڵە و پێویستیی چاکسازی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵەدا، ساز درا و لەم سمینارەدا ڕەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە بە ڕەسمی دەست بە کار بوونی خۆی لە ناو ریزەکانی هەموو بەشەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵەدا ڕاگەیاند.

دوای بە ئەنجام نەگەیشتنی بە کردەوەی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەر دوو باڵی ناو کۆمەڵە و ژێر پێ نان و شکاندنی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەر دوو لا لە لایەن هاوڕێیانی باڵی دەفتەری سیاسی، ئەو باڵە بڕیاریدا بە ناوی کۆمەڵەوە کۆنگرە بگرێت و هیچ قسە و دیالۆگێکی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەرەوەی کۆمەڵە و هەڵسووڕاوان و کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی لەمێژینە و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردی بۆ وەدوا خستنی کۆنگرە و ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی کە نوێنەرایەتیی هەر دوو باڵی ناو کۆمەڵە بکات، نەیتوانی ئەو هاوڕێیانە لە بڕیارەکەیان پاشگەز بکاتەوە و لە مەترسی کەوتنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە مەبەستەکانیان پاشگەزی نەکردنەوە. بەو هۆیانەی سەرەوە و بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە هەوڵەکانی باڵی دەفتەری سیاسی بە کردەوە ڕێگای بەشداری کردنی باڵی ریفۆرمخوازی لە کۆنگرەدا بەربەست کردبوو و بە دوای بەستنی کۆنگرەیەکی یەکدەستەوە بوو، باڵی ریفۆرمخوازی کۆمەڵە بڕیاری دا بەشداری لە وەها کۆنگرەیەکدا نەکات کە نەك ناتوانێ بەرژەوەندیە گشتیەکان بپارێزێت، بەڵکوو نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی بۆچوونەکانی ناو کۆمەڵەش ناکات. هەر بۆیە هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوەی هاوڕێیانی باڵی دەفتەری سیاسی، باڵی ریفۆرمخوازی ناو کۆمەڵە بانگەوازی سازدانی سمینارێکی چاکسازی و گەشەی دا و سمینار بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە دەستی بە کارەکانی کرد.

سەرەتا دوای خوێندنەوەی سروودی بانگەواز، سروودی ڕەسمیی کۆمەڵە، کۆمیتەی ئامادەکاری سمینار ڕاپۆرتێکی لە چۆنیەتیی ئامادەکاریەکانی سمینار بە بەشداربووان پێشکەش کرد. پاشان بەشداربووانی سمینار دەستەی بەڕێوەبەری سمیناریان هەڵبژارد و دوای پێشنیار کردنی چەندین باس و بابەتی گشتی، سمینار بە دەنگی بەشدار بووان، ٣ تەوەرەی بۆ قسە و باس و دیالۆگ و ڕا گۆڕینەوە پەسند کرد.

باسی یەکەمی سمینار تەرخان کرا بۆ تاوتوێ کردنی هەل‌ومەرجی ناوچەکە و ئێران و کوردستان. لەم باسەدا هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە وەك پێشکەشکاری باس، تیشکی خستە سەر گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە و کاریگەریی لەسەر دۆخی کوردستان و لەو سۆنگەیەوە ئەرکە هەنووکەییەکان و ستراتیژی کۆمەڵەی بۆ ئەم دەورە لە خەبات شی کردەوە. لەم باسەدا بە شیکردنەوە و سەنگ و سوژن دانی گۆڕانکاریەکان و سیاسەتی زلهێزەکانی حازر لە ناوچەکە و لە سەروو هەموویانەوە ئامریکا، ئیدانەی سیاسەتی چاوەڕوانی و دانیشتن بە هیوای هێزی دەرەکی کرا و تەئکید لەسەر ئەوە کرایەوە کە کۆمەڵە دەبێ بە پشت بەستن بە هێزی جەماوەری و پێگەی لە ناو گەلی کوردا جارێکیتر حوزووری خۆی لە ناو جەرگەی کوردستان بسەلمێنێت و بە چالاك کردنەوەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناوخۆ و ڕێکخستنی قەوارەی حیزبی بۆ ئەم مەبەستە، لە قاڵبی حیزبێکی تاراوگە نشین دوور بکەوێتەوە و بە هێز و بە سیاسەت حوزووری چالاك و کارامەی لە خەباتی ڕۆژانەی کوردستاندا بێت و لێرەوە ڕۆڵی کاریگەر و دیاریکەری بێت لە چارەنووسی دواڕۆژی کوردستاندا و وەك حیزبێکی پشت ئەستوور بە هێزی جەماوەر بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی بڕیار و تاکتیکی زلهێزەکان بێت، خۆی ئامادە بکات بۆ ڕێکخستنی خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستان و لەم پێناوەدا بەشێك لە پێکهاتەی حیزبیی بە ڕێبەریەکەیەوە بگوازێتەوە ناو کوردستان و وەك هێزێکی مەیدانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕێبەرایەتیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات زیاتر لە جاران بگرێتە ئەستۆ.

لە بەشێکی دیکەی ئەم باسەدا و لە درێژەی باس لەسەر ئەرکەکانی کۆمەڵە، تەئکید لەسەر ئەوە کرا کە پێویستە کۆمەڵە لە پێناو پتەوتر کردنی ریزەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پێشەنگی هاوکاری و کاری هاوبەش لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان بێت و لەم پێناوەدا لە جیاتی چاندنی تۆوی دوژمنایەتی و دووبەرەکایەتی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە، هەوڵ بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدانی مەیدانی کاری هاوبەش لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان بدات.

باسی یەکەمی سمینار بە قسە و باسی بەشداربووان و ئاڵوگۆڕی ڕا و بۆچوونی جیاواز، تەکمیلتر کرا و بە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان لە لایەن هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادەوە، کۆتایی پێهات.

باسی دووهەمی سمینار لە ژێر ناوی "ڕوانینمان بۆ کێشە ناوخۆییەکان" لە لایەن هاوڕێ ڕەزا کەعبی پێشکەش کرا.

ئەم باسە بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو ڕوانین و ڕوانگە جۆراوجۆرانە دەستی پێکرد کە لە دوای ساغکردنەوەی کۆمەڵە و هاتنە دەر لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەرکەوت. پێشکەشکاری باسەکە ئاماژەی بەوەدا کە هەر لە دوای ساغکردنەوەی کۆمەڵە، ڕوانین و تەفسیری جیاواز بۆ خەتی ڕەسمی کۆمەڵە و سیاسەت و ستراتیژیەکەی، لە هەموو لایەکەوە دەبینرا و هەر کەس بە گومانی خۆی دەیڕوانیە سیاسەتەکان و ئەمە بەرهەمی جۆرێك لە شەفاف نەبوونی سیاسی بوو کە داوێنی کۆمەڵەی گرتبووەوە. پرۆسەی ساغکردنەوەی کۆمەڵە و گەرمی و گوڕیی هەڵسووڕاوان و پێشوازی بێوێنەی خەڵکی کوردستان لە ساغکردنەوەی کۆمەڵە، گوڕ و تینی دیکەی دا بە خەبات و هەڵسووڕان و لە ساڵەکانی یەکەمدا، کۆمەڵە گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیەوە. بەڵام لەگەڵ نیشتنەوەی ئەو کەف و کوڵە، ئەمجار کێشە و ناڕێکیەکانی ناوخۆ، دەرکەوتن و کەم‌وکوڕیەکان زەق بوونەوە. هەر بۆیە لە کۆنگرەی ١٠دا بڕیاری چاکسازی لە تەشکیلاتدا پەسند کرا و هەموان لەسەر پێویستیی گۆڕانکاری و چاکسازی لە ئاستی تەشکیلاتدا کۆك بوون. بەڵام دوای کۆنگرە هەموو ئەو قسە و باسانە پشت گوێ خرا و چاکسازی و گۆڕانکاری نەك هەر نەخرایە دەستووری کار و بەرنامەی کۆمەڵەوە، بەڵکوو بەرە بەرە ژمارەیەك لە هاوڕێیان هەوڵیاندا هەموو دەسەڵاتی حیزبی لە دەست خۆیاندا کۆ بکەنەوە و بڕیاردەری هەموو مەسەلەکانی تەشکیلات بن.

لە درێژەی ئەم باسەدا هاوڕێ ڕەزا وێڕای ئاماژە بە هاوتەریب نەبوونی خەتی سیاسی و قاڵبی تەشکیلاتی لە دوای جیابوونەوە، شیکاریی ئەوەی کرد کە لە جیاتی هەوڵ بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و قەیرانەکانی ناو تەشکیلات، هەوڵ درا قەیرانەکان بە قەیرانی دیکە داپپۆشرێن و بەمجۆرە تەشکیلات نەك هەر بەرەو چارەسەری گرفتەکانی نەچوو، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ تووشی قەیرانی زیاتر هات و کێشە و گرفتەکان تا دەهات زیاتر لەسەر یەك کەڵەکە دەکرا.

ئەم باسە بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ قەیران و گرفتەکان دەبێ لە گۆشەنیگا و ڕوانینی دروست و گونجاو و بە میتۆدی زانستی جێبەجێ بکرێت، بە باس و قسەی هاوڕێیانی بەشدار لە سمینارەکە، دەوڵەمەندتر کرا و کۆتایی پێهات.

لە دوایین باسی سمیناری چاکسازی و گەشەی کۆمەڵەدا کە هاوڕێ عومەر ئیلخانیزادە پێشکەشکاری بوو، وێڕای ڕاگەیاندنی دەست بەکار بوونی ڕەسمیی ڕەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە، چۆنیەتیی کاری ڕەوت و پەیوەندیەکانمان و چۆنیەتیی کارکردن لەگەڵ هاوڕێیانی باڵی دەفتەری سیاسی تاوتوێ کرا. لەم باسەدا وێڕای شیکردنەوەی خەسارەکانی هەوڵ بۆ جیابوونەوە و لێکترازانی هەر دوو باڵەکەی ناو کۆمەڵە، باس لە چۆنیەتیی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی زەمینەی لەبار و گونجاو بۆ کاری هاوبەش لە نێوان هەر دوو لایەن کرا و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە سەرەڕای هەموو ئەو لەمپەر و گرفتانەی خراوەتە سەر ڕێی لایەنگران و ئەندامانی ڕەوتی ریفۆرم، هەوڵ بدرێت بۆ جێ خستنی دیالۆگ و دوور خستنەوەی ریزەکان لە باسی لاوەکی و پەڕاوێز.

لە کۆتاییدا بڕیار درا کۆنفرانسێك بە بەشداری ئەندامانی ڕەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە ساز بدرێت و تا ئەوکات و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ڕێبەرایەتی، هاوڕێیانی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی و ئەو هاوڕێیانەی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١١، کە لە کۆبوونەوەی باڵی دەفتەری سیاسی لە ژێر ناوی کۆنگرەی ١٢دا بەشدار نەبوون، وەك کۆمیتەی کاتیی ڕێبەرایەتیی ڕەوتی چاکسازی و گەشەی کۆمەڵە دەست نیشان کران، کە بە هاوکاری و ڕاوێژ لەگەڵ کادر و ئەندامان، ئەرکی ڕێبەرایەتیی ڕەوت بگرنە ئەستۆ.

ئەم سمینارە دوای ٢ ڕۆژ کاری چڕ و پڕ و باس و دیالۆگی تێر و تەسەل، سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا و ڕۆژی ١٧ی مانگی ئاگۆست، لە کۆبوونەوەیەکی بەریندا بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگران و بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و بەشدار بووانی سمینار، کۆتایی سمینار ڕاگەیەنرا.


سمیناری چاکسازی وگەشەی کۆمەڵە

# کاك فواد ڕێبەرێك بۆ هەمیشە

ئا: دواڕۆژ

هاوڕێ فواد مستەفا سوڵتانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە ئاوایی "ئاڵمانە"ی مەریوان لەدایك بوو. ساڵی ١٣٤٦ چووە زانکۆی سەنعەتیی تاران و هەر لەوێوە تێکەڵ بە کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی بوو. ساڵی ١٣٤٨ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی کۆمەڵەیان پێکهێنا. ساڵی ١٣٥٣ لە لایەن "ساواك" گیرا و تا مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی زیندانی کرا. شۆڕشگێڕی و خەباتکاریی کاك فواد هەر لە زیندانەوە بوو بە ویردی سەر زمانی هاوبەندەکانی و وەك نموونەی خۆڕاگری و قارەمانێتی، لە ناو خەڵکی کوردستاندا ناوی دەرکرد. هەر لە ناو زیندانەوە ڕێبەرایەتیی چەندین مانگرتن و نارەزایی زیندانیەکانی وە ئەستۆ گرت و لەوێوە بوو بە سیمایەکی خۆشەویست و جێ متمانەی هەموان و وەك ڕێبەر و هاوڕێیەکی دڵسۆز ناسرا. دوای ئازاد بوون لە زیندان گەڕایەوە شاری مەریوان و لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، لە جەرگەی خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە کوورەی ئەو خەباتە ڕەوایەدا قاڵ بوو و زۆر زوو وەك ڕێبەرێکی کارامە و سیاسەتمەدارێکی بە توانا و ڕووناکبیرێکی وشیار دەرکەوت و لە ماوەیەکی کەمدا توانی یەکڕیزیەکی کەم وێنە لە ناو جەماوەری کوردستاندا پێك بهێنێت و لەوپەڕی شارەزاییدا ڕێبەریی و ڕێنوێنیی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان بکات. کاك فواد لە دەورەی کورتی تەمەنی دوای زینداندا، ڕێبەریی بزووتنەوەی جەماوەری و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستانی بە لێهاتووییەوە بەڕێوەبرد و هەر هەنگاوێك پێشڕەویی کۆمەڵەی دەستنیشان دەکرد و دەستکەوتەکانی بە جەماوەری خەڵك نیشان دەدا و بێ دواکەوتن، ئەم دەسکەوتەی دەکردە پێگەی هەنگاوەکانی دواتر. تایبەتمەندیی کاك فواد لەو دەورانەدا ئەوە بوو کە لە کاتێکدا کە لە تاکتیکی ڕێبەری کردنی بزووتنەوەی عەمەلی و خەباتکارانەدا نەرم و نیان بوو، بەڵام هیچکات ئامانجەکانی فیدای قازانجە بەرتەسك و تاکەکەسیەکان نەکرد و لە پەرەپێدانی ئاواتی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی ماندوو نەبوو و بۆ ساتێکیش لە وشیار کردنەوەی خەڵکی کوردستاندا نەوەستا.



لێهاتوویی و توانای ڕێبەرایەتیی کاك فواد لە ئاستێکدا بوو کە زۆربەی ڕێکخراوە دیموکراتیکەکانی ئەوکاتی ناو کۆمەڵگای کوردستانی، سەرەڕای هەموو جیاوازیەکانیان لە دەوری یەك کۆ کردەوە و نموونەیەکی بەرچاوی لە دیموکراسی و ئازادیی ڕا دەربڕین و پێکەوە ژیانی سیاسیی بە هەمووان نیشاندا و بوو بە هێمای بڕوا بە دیموکراسی و ئازادیخوازی. کاك فواد ئەگەرچی دوای ئازادبوون لە زیندان، کەم ژیا و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان زۆر زوو ئەو ڕێبەرە ئەفسانەییەی لەدەست چوو، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا وەها نموونەیەکی بەرزی لە ڕێبەرایەتی و پێشەنگی و دڵسۆزی و متمانە بە جەماوەر نیشاندا، کە بۆ هەتاهەتایە وەك سومبولی ڕێبەرایەتی و ئوستوورەی شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازی و دیموکراسیخوازی، ناوی لە لوتکەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا تۆمار کراوە و بۆ هەمیشە وەك ڕێبەری خەڵکی کوردستان دەمێنێتەوە.

کاك فواد ڕۆژی ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە دژی هێزەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، لە ئاوایی "بەستام" لە نێوان شارەکانی سەقز و مەریوان، گیانی ئازیزی بەخت کرد. لە ساڵڕۆژی شەهید بوونی کاك فوادا بەڵێن دەدەین لەسەر ئەو پراتیکە کۆمەڵایەتیانە و دەرس و ئەزموونەکانی و لەسەر ئامۆژگاریەکان و ڕێبازی کاك فواد پێ دابگرین و تا سەقامگیر کردنی کۆمەڵە لەسەر ڕێبازی کاك فواد و ساغکردنەوەی کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو و گەشە سەندوو و جێی متمانە و پشتیوانی خەڵکی کوردستان، بۆ ساتێکیش هەدا نەدەین. یادی کاك فواد موستەفا سوڵتانی، ڕێبەریی ئەفسانەیی خەڵکی کوردستان، بۆ هەتاهەتایە بەرز و بەڕێزە و ڕێگای پڕ لە ڕێبواری شێلگیر.

# سدیق کەمانگەر ئوستوورەی پشت بەستن بە جەماوەر

ئا: دواڕۆژ

١٣ی خەرمانان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، یەکێك لەو ڕۆژانەیە کە ریزی شۆڕشی حەقخوازانەی کوردستان تێیدا تووشی خەسارێکی گەورە بوو، کە قەرەبوو کردنەوەی هەتا ئێستاش کارێکی ئەستەم دەنوێنێت. ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، لە وەها ڕۆژێکدا دەستی ڕەشی داگیرکەرانی کوردستان، دڵی یەکێك لە هەرە خۆشەویستترین و دڵسۆزترین و شۆڕشگێڕترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی بۆ هەمیشە لە لێدان خست. ڕێبەرێك کە هەموو شانازیەکانی، پشتیوانی لە خەڵك و فیداکاری بۆ چەوساوەکان و بە گژ دوژمن و داگیرکەردا چوونەوە بوو. هاوڕێ سدیق کەمانگەر، ڕێبەری ناوداری بزووتنەوەی کوردستان و لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و یەکێك لە لێهاتووترین کادرەکانی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە، بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، شەهید کرا و دڵی پڕ لە هیوای لە لێدان کەوت. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهید بوونی کاك سدیق، پەژارە و ماتەم سەرتاسەری کوردستانی داگرت و خەمی ئەم خەسارە بەسەر شانی یەکە یەکەی دایك و باوك و لاوانی ئەم کوردستانەوە قورسایی دەکرد. خەمی لە دەست دانی پاڵپشت، خەمی لە دەست دانی ڕێبەر، خەمی لە دەست دانی دڵسۆزێکی بە تەواو مانا، بە ڕوخساری هەموانەوە دیار بوو. چی وای کردبوو مەرگی کەسێك ئا بەو چەشنە کاریگەر بێت لەسەر خەڵك و خەبات و هیواکانیان؟ شۆڕشی حەقخوازانەی کوردستان بە درێژایی مێژووی خوێناویی خۆی، گەلێك ڕۆڵەی فیداکار و شۆڕشگێڕ و لەخۆ بوردووی لە دەست دابوو. بەڵام بۆچی خەمی لە دەست دانی کاك سدیق لەگەڵ هەموو ئەو کۆستانەی دیکە جیاوازی بوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئاشکرایە. کاك سدیق لە خەڵك و پشت ئەستوور بە خەڵك بوو و تا دوا هەناسە بە خەمی خەڵکەکەیەوە بوو.

کاك سدیق هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە تێکەڵ لەگەڵ خەڵك و ئاگاداری خەمەکانیان بوو و بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا خەمێك لەسەر شانیان کەم بکاتەوە و لە بەرامبەر ملهوڕیی داگیرکەراندا تا دەتوانێ پاڵپشتیان بێ و داکۆکی لە مافەکانیان بکات. دوای چوونیشی بۆ زانکۆ ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ جەماوەر پتەوتر و بەرینتر بوو و پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی باڵا، ئەمجارەیان سوورتر و کارامەتر و بە ئەزموونتر لە هەمیشە، وەك مافناسێکی لێهاتوو و پارێزەرێکی تێکۆشەر، خۆی بۆ داکۆکی و پشتیوانی لە مافەکانی خەڵك و بەش مەینەتان و چەوساوەکان تەرخان کرد و لەم ڕێگایەدا درێغی لە هیچ شتێك نەکرد و بە هەموو توانایەوە لە پێناو سەرکەوتن و بەختەوەریی خەڵکەکەیدا تێدەکۆشا. لەگەڵ گەشە کردن و پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری لە ساڵی ٥٧، کاك سدیق وەك هەمیشە چووە ریزی پێشەوەی خەڵك و بە پشت ئەستوور بوون بە خەڵك، بوو بە ڕێبەر و ڕێکخەری خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە دژی حکوومەتی پاشایەتی. وتارە ئاگرینەکانی کاك سدیق لە دیفاع لە ئازادی و عەداڵەت و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، بوو بە ویردی سەر زمانی هەموو کەس و هەموان کاك سدیقیان وەك دەنگی دلێر و بوێری حەقخوازیی خۆیان دەناسی و لە هەر جێیەك ستەمێك لە خەڵك دەکرا، کاك سدیق دەبوو بە دەنگی مافخوازیی چەوساوەکان و بەمجۆرە هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە بوو بە ڕێبەری خۆشەویست و جێ متمانەی خەڵکی کوردستان.



لە ڕۆژانی سەختی ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ و دوای ئەو، کاك سدیق ئیتر ببوو بە ڕێبەرێکی ناسیاو و وتەبێژی جەسوور و فیداکاری خەبات و تێکۆشانی جەماوەری کوردستان. لە ڕەشەمەی هەمان ساڵدا بە پشت بەستن بە جەماوەری خەڵکی کوردستان، بوو بە ئەندامی کارا و لێهاتووی شورای شاری سنە و خەبات و بەرخۆدانی قارەمانانەی خەڵکی شاری سنەی لە دژی پادگانی گەورەی شار گرتە ئەستۆ و لە بەرامبەر سەرکوتی پادگانیەکاندا خەڵکی یەکڕیز کرد و لە دژیان وەستایەوە. خۆشەویستیی کاك سدیق لە ناو خەڵکی بە تایبەت ناوچەی ئەردەڵان، وای کرد کە کۆمەڵە لەو ناوچەیە زۆر بە خێرایی ببێتە هێزی سەرەکی و خەڵکی ناوچەکە لە ڕێگای کاك سدیقەوە متمانەی خۆیان بە کۆمەڵە ببەخشن.

کاك سدیق ئەمجارەشیان لە بەرگی ڕێبەریی بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستاندا، زیاتر لە جاران پشتی بە خەڵك بەست و هەموو هێز و توانای لە جاران زیاتر بۆ خەڵك تەرخان کرد و لە ریزەکانی کۆمەڵەشدا بە سیمای ڕێبەرێکی کەم وێنە و دڵسۆز و فیداکاری بزووتنەوە دەناسراوە و بوو بە ئۆڵگووی کار و خەبات و بەرپرسیارێتی وە ئەستۆ گرتن و نموونەی فیداکاری و لەخۆبوردوویی.

کۆماری داگیرکەری ئیسلامی، باش دەیزانی کە کاك سدیق دەوری کاریگەری لە خەبات و بەرخۆدانی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا هەیە و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەجۆرێك ئەم ڕێبەرە خۆشەویست و جەماوەریە لەناو بەرێت و لەم ڕێگایەوە بزووتنەوەی کوردستان تووشی شکستێکی گەورە و خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە بکات. هەربۆیە بەردەوام لە بیری پیلانێکدا بوو بۆ تیرۆر کردنی کاك سدیق، تا ئەوەی سەرەنجام نیوەشەوی ١٣ی خەرمانانی ١٣٦٨، ئەم پیلانە نگریسەی لە لایەن یەکێك لە بەکرێگیراوەکانیەوە بە ئەنجام گەیاند و یەکێك لە کەم وێنەترین ڕێبەرانی خەڵکی کوردستانی شەهید کرد و بەمجۆرە گورزێکی کاریگەری لە جەستەی بزووتنەوەکەمان وەشاند کە هەتا ئێستاش ئاسەواری بە جەستەی کۆمەڵە و خەباتی گەلی کوردەوە دیارە.

کاك سدیق بە پشت بەستن بە خەڵك پێگەیشت و هەمیشە لە سەنگەری خەڵکدا مایەوە و تا دوایین هەناسە تەنیا بە هێزی خەڵك پشت ئەستوور بوو. بۆیە بۆ هەتاهەتایە لە ناو دڵی پیر و لاوی ئەم نیشتمانەدا دەژی و یادی ئازیزی، وەربەخشی خەباتی نەپساوەمانە بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان و ڕزگاریی چەوساوەکانی کوردستان.

یادی بەرز و ڕێگای پڕ ڕێبوار

# کۆمەڵە و پرۆسەی پەڕینەوە

## لە پەراوێزی ناکۆکیە ناوخۆییەکانی کۆمەڵەدا

ن: ناسر ئێرانپوور
و: فوئاد

ماوەیەك لەمەوپێش بەیاننامەیەکی کوردیم خوێندەوە بەناوی"چاکسازی ڕێگەیەك بۆ گەشە کردن و پێشکەوتن" بەدوای ئەوەشدا، یەکێك لە ئیمزا کەرانی بەیاننامەکە، لوتفی کرد و تەلەفوونی داوای لێکردم، بیخوێنمەوەو بیخەمە ژێر ڕەخنەی بێ لایەن و بێ ڕەحمانەی خۆم. منیش بابەتەکەم بە تامەزرۆیەکی زۆرەوە خوێندەوە.

بەتایبەت لەبەر ئەوەی کەپێوەندی بە کێشە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە، ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، یەکێك لە پارتە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی کوردستانەوە هەبوو کە گۆڕانکاریەکانی کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەبووەو دەبێ.

هەڵبەت پێویستە ئەوە روون بکەمەوە کە من هیچ کات پێوەندیی ڕێکخراوەییم بەم پارتەوە نەبوو. کەواتە دەشێ بۆچوونەکانم تەواو درووست نەبن. ئاشکراشە ئەو وێنەی لێرەدا لەم پارتە دەکێشرێتەوە، مەرج نییە لەگەڵ وێنەی ئەوانەی لە نزیك یان لە نێو کۆمەڵەن، یەکسان بێ. ئەمە بەتایبەت بەشی کۆتایی ئەم باسە دەگرێتەوە کە باس لەو ڕێگە سیاسیە دەکات کە بە رای من دەبێ ئەم پارتە پێیدا بڕوات.

وەك دیارە کۆمەڵە جارێکی تر تووشی کێشە هاتووە. چۆن سەیری ئەم کێشە بکەین؟ ئاخۆ ئەم کێشە دەبێ تووشی ساردبوونەوە و قەیرانمان بکات؟ بێ گومان نە. چونکوو ئەم کێشانە بەجۆرێك سرووشتین و بەرهەمی ئەو هەل ومەرجەن کە ئەم پارتە تووشی هاتووە.

١-کۆمەڵە لە لایەکەوە پارتێکی کوردستانییەو لە لایەکی دیکەوە ئێرانی:

٢-شوێن و گۆڕەپانی چالاکیەکەی لە لایەکەوە باشووری کوردستانە و لە لایەکی دیکەوە دەرەوەی وڵات و هەندەران:

٣-هەم خۆی بەسوسیالیست دەزانێ و هەم بە پارتێکی کوردیی نەتەوەخواز:

٤-لەلایەکەوە دەیەوێ تەواو خەڵکی وجەماوەری بێ، لە لایەکی ترەوە پێشڕەو و ڕووناکبیر.

٥-لەلایەکەوە سیاسی بێ و لە لایەکی ترەوە چەکداری:

٦-هەم کاری نهێنی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)بکات و هەم کاری ئاشکرا (باشووری کوردستان و هەندەران)

٧-هەم لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکی بکات وهەم لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان سەربەخۆ بمێنێ.

٨- هاوکات بەم بۆنەوەش زەختی کۆماری ئیسلامی نەهێنێتە سەر باشووری کوردستان:

ئەمانە، ئەو کۆمەڵە تایبەتمەندیی، گرفت و کێشانەن کە ئەم پارتە و هەر دوو پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، گیرۆدەین. ئەم گرفتانە نەك هەر کاریگرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر چوارچێوە و بونیادی ڕێکخراوەیی دادەنێ، بەڵکوو لە دیاریکردنی سیاسەتیشدا گرفت دروست دەکات.

جگە لەم هۆکارانە، ئەوەی تایبەتە بەکۆمەڵە ئەو ڕەوتە فیکری، سیاسی و ئایدۆلۆژیکیەیە کە ئەو پارتە و بەڕێوەبەرانی بڕیویانە.

لەلایەنی فیکر و ئایدۆلۆژیکەوە تا ئێستە ئەم گۆڕانکاریانەمان لەم پارتەدا بینیوە: سەرەتا مائۆییزمی سەرەتایی و سوسیالیزمی کوردستانی و ڕێبازی سێ جیهانی، پاشان مارکسیزم- لینینیزم و خەتی سێیی، دوای ئەوەش ئاوانگاردیزم و ئانارشیزمی سەربازی - شۆڕشگێرانە و پۆپۆلیسمی کوردستانی، پاشان کۆمونیزمی ئێرانچی، دوای ئەوەش مەیل بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری و جیهانی، پاشان پێداگریی لەسەر کۆمۆنیزمی ئێرانی بێ ناسیۆنالیزم، دوای ئەوەش گەڕانەوە بۆ خاڵی یەکەم، واتە ناسیۆنالیزمی کوردستانی، بەڵام ئەمجارەیان بێ کۆمونیزمی ئێرانی و لەباتی ئەوە هۆگریی کەم تا زۆر بۆ سوسیال دێموکراسی ئەوڕوویی. ئەم پرۆسە هێشتا بەردەوامە.

ئەو گۆڕانکاریانەش کە لە بواری ڕێکخراوەییەوە بەسەر ئەو حیزبە هاتووە، لەگەڵ هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی ئێرانی و کوردستانی بەراورد ناکرێ: کوردستانی بوون، پاشان یەکگرتن لەگەڵ گرووپێکی بچووکی ڕۆشنبیری ئێرانی و گۆڕان بۆ پارتێکی"سەراسەر"ی، پاشان هاتنە دەرەوە لەم یەکگرتنە و گۆڕان بۆ پارتێکی کوردستانی.

زیاد لە هەموو ئەم گۆڕانکاریە فیکری، سیاسی و ڕێکخراوەییانەش، دەبێ هەندێ فاکتۆری وەك دوور بوون لە خەڵکی کوردستان{بە فیزیکی}، زاڵبوونی کولتوور و بنەمای لێنینی کاری حیزبی و هەروەها نەریتی بوون و دواکەوتوویی ڕێژەیی ئەو کۆمەڵگایەی کە ئەم پارتەی لێ هەستاوە.

ئاخۆ بەم هەڵ و مەرجەوە نائاساییە ئەم پارتە جاربەجار تووشی گرفت و کێشە بێت؟ بە رای من نائاسایی نییە. ئاخۆ هیچ پارتێکی سیاسی ئێرانی هەیە کە لە دوخێکی وەك پارتە کوردستانیەکاندا بووبێ؟ کەچی، کامیان هەن{بێ ئەم دۆخەش} چەندین جودا بوونەوە و لقیان تێدا درووست نەبووبێ؟ ئیتر پارتە چەپەکان هیچ، کەدەڵێی جیابوونەوە لەگەڵیان لەدایك بووە. پارتە ڕاستەخوازەکان حاڵیان لەمەش شڕترە. هەر ئەوەندە بەسە بزانین نزیك بە ١٢ بۆ ١٣ "بەرەی نەتەوەیی ئێران" هەن!

بەڕای من کێشەی ناوخۆیی و کەمینە و زۆرینەی ڕێکخراوەیی، فراکسیۆن، ئۆپۆزیسیۆن وهتد نەك هەر سەلبی و نەریتی نییە، بەڵکوو جێگەی خۆیەتی تەنانەت وەك دەرکەوتەی زیندووبوون و دینامیکیەت سەیر بکرێ. هەموو ناکۆکییەك دەرفەتێکی تێدایە.

هیچ مرۆڤێکی هۆگری دێموکراسی نابێ بچێتە نێو ڕێکخراوێکەوە کە ململانێ و کێشەی تێدا نەبێ و هەموویان هاوڕا و هاوبیر بن و کەشەکە کەشی سەربازخانە بێ. لە بنەڕەتدا ئەو پارتە بەختی گەشەکردنی هەیە کە کێشەی تێدابێ، بەڵام بە مەرجێك ئەم دژایەتی و کێشەیە کاناڵیزە کرابێ. مەگەر دیالیکتیك خۆی گەشەی لێکدژی و ناکۆکی نییە؟ لام سەیرە دەبینم هەندێ جار ئەو پارتانە لە لێکدژی دەترسن کە خۆیان بە مارکسیست وسوسیالیستیش دەزانن و تەنانەت لە بەرنامەی سیاسیشیاندا باسی " ئازایی ڕەها و بێ سنوور"یش دەکەن.

بەم پێیە، ئەوەی لای من گرفتە ، نەك کێشە و ناکۆکی خۆی، بەڵکوو میکانیزمەکانی "چارەسەرکردنی" ئەم لێکدژیەیە: ئەو مکانیزمانەی کە ڕەخنە دەگۆڕێ بۆ دژایەتی، دژایەتی دەگۆڕێ بۆ بەریەککەوتن، بەریەککەوتن دەگۆڕێ بۆ قەیران، قەیران دەگۆڕێ بۆ جودا بوونەوە و هەندێ جاریش جودا بوونە بۆ لێکدانی فیزیکی.

دیارە هەموو جودا بوونەوەیەك جێگەی سەرکۆنە نییە، بەڵکوو تەنانەت هەندێ جاریش شیاوی ستایشە. بەڵام زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە جودا بوونەوە پێویست، ژیرانە و بەپێی ناچاری بێ، کەچی وەك دیارە زۆربەی پارەتە ئێرانیەکان یان بەرهەمی جودابوونەوەن، یان تائێستە چەندین جودابوونەوەیان بەسەردا تێپەڕیوە و ئەم ڕەوتەش بەداخەوە هێشتا بەردەوامە .

وێڕای ئەمە، نابێ لێکدژی، قەیران و جودابوونەوە جۆرێکی هەستەکی- ئەخلاقی سەیر بکرێ و یەك لایەنە حوکمی لەسەر بدرێ: ئەم دابڕانانە دەبێ لە ڕیشەوە لێك بدرێنەوە و هۆ و هاندەرەکانی دیاری بکرێن.

ڕەنگە بەکورتی بتوانین بڵێین، هۆی یەکەمی جودایی، نەبوونی بونیاد، مکانیزم و پەیوەندی ڕێکخراوەیی دیمۆکراتێك، نەبوونی مکانیزمی سەلمێنەری لێکدژی و کاناڵیزە کردنی لێکدژی، زاڵبوونی ناوەندی دەسەڵات خوازی نادمۆکراتیك، ئاییینی، کەسایەتی ڕێبەرانی حیزبی، جودا و نادیاریی ڕادەی دەسەڵاتیان، نیگەرانی کاتی بەرپرسیاریەتیان، بە زەرەری دەزگایەکی چارەسەری گرژی وکێشە، نەپارێزرانی ئابروویی و ئابووریی ئەوانەی بەهۆی جیاوازی واز دێنن، بونیاد و ستراکچێری هێرارشی و بەرپرسیار نەبوونی ڕێبەران و بەرپرسانی پلەبەرزی ڕێکخراوەیی بەرانبەر خوارەوەی هەرێمی دەسەڵات و خەڵك.



هەڵبەت ناخۆشی و گرژیی تاکەکەسێك نێوان ڕێبەرانیش نابێ لەبیر بکرێت.

بە ڕەوای نازانم بچمە نێو ئەو باسانەوە کە ئەم چەند هەفتەی پێشوو لە سایتەکان و نامەکانی باڵە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵە بینیومانە. ناشمەوێ یەکلایەنە و بە تەنیا حوکم بدەم و لایەنێك بگرم. بەڵام بێ گومان ئەم ناکۆکییانە شتێکن واقیعی و هەن. لام وانیە دەستەیەك لە خۆڕا ڕاپەڕیون، بیانوو دەگرن و لە خۆڕا پەنایان بردۆتە بەر بیروڕای گشتی. تەنانەت ئەو بەیانییەی کە هەندێ لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بەناوی "کەمینەی کومیتەی ناوەندی "دەریان کردووە.

وێڕای ئەو ڕەخنانەی لەسەری هەمە- زۆر بە ئەرێنی و باش دەزانم. ئەویش بەر لە هەموو شتێك لەبەر ڕاشکاوی و نائاسایی بوونەکەی.

کۆمەڵە، ڕەوتی بەرپرسەکانی کەی باسی ڕووداوێکی مێژووی بکەن، بەردەوام و نالێبوردانە و بە زۆرەوە و تەنانەت جۆرێکی ئایین ئاسا باسی "نەریتی باش"،"ڕاستگۆیی"،"فیداکاری"، وهتدی خۆیان و ڕێکخراوەکەیان دەکەن، چما ئەم بەهایانە تەنیا لە نێو ئەواندا هەیە و تەنیا ئەوان دەگرێتەوە و تەنانەت لەگەڵ ئەوانیش ناگونجێ کە لێیان دابڕاون و ڕێگەیەکی دیکەیان گرتۆتە بەر.

بە لێدوانە هەستەکی- حەماسیەکانی ئەم کەسانەدا وادیارە کە کۆمەڵەیی هەر لەبەر کۆمەڵەیی بوونەکەی چاك و پاکە.

کەم باسی چەپ ، سوسیالیست و کۆمۆنیست بوونی کۆمەڵە لە ڕابردوودا دەکرێ، چما ڕاگۆڕیی ئەو هاوڕێیانە، مێژووەکەشی گۆڕیون! بەردەوام دەڵێن کۆمەڵە فلان و فیسار کاری بۆ ژنان کرد. کەچی نازانم، لە کۆمەڵگادا چ کارێکی بنچینەیی بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاری ژنان کردووە،....

لەقسەکانیاندا باسی ئەو ڕەوتە پڕ هەوراز و نشێوە سیاسی، فیکری و ئایدۆلۆژیکیە ناکرێ بەسەر ئەم ڕێکخراوەدا هاتووە و چەند جودابوونەوەی چێشتووە و چەند ناهاوڕێیەتی

کۆمەڵە خۆی بەپارتێکی "شۆڕشگێر" دەناسێنێ، بەڕای من دەبێت لەبواری کردەوەیی و سیاسیشەوە خۆ لە "شۆڕشگێڕ" زانین و بە "شۆڕش" زانینی ناڕەزاییەکان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بپارێزن. ئاخر کامە شۆڕش؟ پێوەرمان بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەك بڵێین "شۆڕش چییە"؟ بابیرمان بێت وشەی "شۆڕش" لەبیری کۆمەلانی خەڵکی ناوچەکەدا، بەتایبەت لە ئێران وعیراق، کە هەموو رۆژ چەندین و چەندجار لە لایەن ئورگانە رەسمی و دەوڵەتیەکانەوە ئەم وشەیان بەرگوێ دەکەوێ، ئەم وشە خەریکە دەبێتە شتێکی نەریتی و خراپ و، ئەو رێکخراوەیە ئەم وشە بەکار بێنێ، لەوانەیە هەمان دەسەلاتی "شۆڕشگێرانە"ی هەنووکەیی و زاڵ بیری خەڵك بخاتەوە.

ئەم بەیانە کۆمەڵە وەك پارتێکی" کوردستانی" دەناسێنێ، لەکاتێکدا بێ گۆمان مەبەستی کوردستانی کوردستانی رۆژهەلاتە. کەوابوو دەبێ ئاوەڵناوی "ئێرانی" بەدوای "کوردستانی"یەکەشدا بێت، بەتایبەت کە کار و بەرنامەکانی بۆ رۆژهەلاتی کوردستانە. بەیانەکە دەڵێ کە کۆمەڵە پارتێکی سوسیالیستییە. هەمووان دەزانین کە هەم پارتە سوسیال-دیمۆکراتییەکان (وەك فەرانسە)خۆیان بەسوسیالیست دەزانن و هەم پارتە کۆمۆنیستەکان. کۆمەڵە خۆی بەکامیان پێناسە دەکات؟

بەیانەکە دەڵێ: "کۆمەڵە لەسەر سوسیالیزمی دیمۆکراتیك" پێ دادەگرێ. ئایا مەبەستی نووسەران سوسیالیزمە یان سوسیال دیمۆکراسی؟ لەم ئەدەبیاتە سیاسییەی سەرەوەدا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان سوسیالیزمی دیمۆکراتیك و سوسیال دیمۆکراسیدا هەیە.

سوسیالیزم لەسەر گشتی یان دەوڵەتی کردنەوەی کەرەسەکانی بەرهەم هێنان دەوەستێ، بەلام سوسیال دیمۆکراسی لە سەر" ئابووری بازاڕی کۆمەلایەتی" پێدادەگرێ، واتە پاراستنی کاپیتالیزم و مۆڵکداری تایبەت بە هۆگریی سوسیالیستیەوە. لێرەدا دیار نییە مولکداری تایبەت و رکەبەری چیان بەسەر دێت. ئایا ئەم هاوڕێیانە قایل بە نەهێشتنی مولکداری تایبەت و دەوڵەتی کردنەوەی کەرەسەکانی بەرهەم هێنانن؟ چارەنووسی چینە کۆمەلایەتیەکانی دیکە و نوێنەرانی فیکری و بەرژەوەندییەکانیان چییە؟ بە ڕێکەوت شاکلیلەکە هەر لەم خاڵەدایە. رستەی جوانی کورت لە پاڵ یەکدا تەنیا ناروونی ولێڵی هەڵوێستەکان زیاد دەکات. روون بڵێین رستەکانی سەرەتایی بەیانەکە تێکەڵەیەکە لە بیری کۆن و نوێ، بیری سوسیالیستی و سوسیال دیموکراتیك بێ ئەوەی بە ئاشکرا ئەم یان ئەویان بێت. بۆ نموونە مەبەست لە (کۆمەڵگایەکی بەدوور لە چەوسانەوە و چینی بالادەست و بن دەست) چییە؟ ئایا مەبەست ئەوەیە کۆمەڵە دەیەوێ کۆمەڵگایەکی ناچینایەتی (کۆمۆنیستی) بونیاد بنێ؟ مەبەست لەوەی دەوترێ "کۆمەڵە داوای کۆمەڵگایەك دەکات دیاردە ناحەزەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری تێدا نەبێت" چییە؟ لە دواییدا ئەم کۆمەڵگای باسی دەکرێ سەرمایەدارییە یان نا؟ بەیانەکە لیبرالیزم و کۆمۆنیزم رەت دەکاتەوە و پێشنیاری رێگەیەکی ناوین دەکات ئایا ئەمە هەمان سوسیال دیمۆکراسی نییە؟ (نامەوێ لەسەر ئایدیا سەرکۆنەی کەس بکەم ، بەلام ئەوەی بۆ من وەك هاوولاتییەك دیار نییە ئەوەیە ئەو هاوڕێیانە و کۆی کۆمەڵە ئاڵترناتیڤیان چیە)

٥-بەیانەکە بە دروستی جەخت لەسەر مافی سەربەخۆیی کوردستان دەکاتەوە. دوایش دەڵێ بە پێی بارودۆخی هەنووکەیی کوردستان و ئێران فدرالیزم بە بوارێکی باش دەزانێ بۆ چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی لەسەر کورد. تائێرە کێشەیەك نییە و تەواوە. ئەوەی لای من کێشەی هەیە ئەو جەختەیە لەسەر دروست کردنی سیستەمێکی فیدراڵ لە ئێران و بەم جۆرەش مانەوەی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا دەکرێ. ئەم هاوڕێیانە هەمیشە رەخنەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان دەکرد کە بە بەرزکردنەوەی دروشمی سەربەخۆیی کوردستان خۆیان رەحەت کردووە و لێیان دەپرسین "ئەی چۆنە کوردستان نەیەوێ جودا ببێتەوە" باشە، ئاساییە دەتوانین لێرەشدا بپرسین ئەی چۆنە گەر لە ئێراندا سیستەمی فیدراڵ دروست نەبێ؟ بەڕای من مەرجی مانەوە لەئێراندا (کە من خۆم لایەنگریم) دەبێ نەمانی ستەمی نەتەوایەتی بێ لە رێگەی دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵەوە. هەربۆیەش وازهێنان لە سەربەخۆیی دەبێ بەمەرجی دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵەوە گرێ بدرێ. واتە، گرێدراوی ئێمە (کورد)بە "پاراستنی یەکێتی خاکی ئێرانەوە" گرێدراوە بەدانانی هێزە زاڵەکانی کۆمەڵگای ئێران بەمافی چارەی خۆ نووسینی گەلەکەمان. وەکی تر، ئێمە فیدرالیزممان بەپێی هەل و مەرجی ئێستەی کوردستان و ئێران ناوێ، بەڵکوو تەواو بەپێچەوانەوە: ئەگەر دۆخی هەنووکەیی بەردەوام بێ، هیچ پاساوێك بۆ وازهێنان لە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ لە ئارادا نییە. هێزە کوردستانیەکان دەبێ جەخت لەوە بکەنەوە کە هێنانە ئارای باسی فیدرالیزم لە لایەن ئەوانەوە ، کارێکی تاکتیکی نییە، بەڵکوو هۆکاری فیکری و پراگماتیستی هەیە. ئێمە ئارەزوومەندانە بەحەزی خۆمان دەمانەوێ شان بەشانی گەلانی دیکەی ئێران سەر لە نوێ کۆمەڵگای ئێران بونیاد بنێینەوە. بەلام هەر ئەوەندەی کە ئەم شتە لەلامان بەڵگە نەویستە، مادام ئەو ستەم و نادادپەروەریەی هەیە بەردەوام بێ، هەر بەو رادەیەش لامان ئاسایی و بەڵگە نەویستە راشکاو داوای سەربەخۆیی بکەین و کاری بۆ بکەین. فیدرالیزم گەرەنتییەکە بۆ گرێدراوی ئێمە بۆ چوارچێوەی جوگرافیای ئێران. بەلام ئەگەر ئەو گەرەنتییە نەبێ ئێمە بە مافی رەوای خۆمانی دەزانین جودا ببینەوە. ئەنجام، مافی سەربەخۆیی (وەك مافی تەلاق) دەبێ لە جێگەیەکدا واتا و پێویستی پەیدا بکات.

٦-لە بەیانەکەدا بەدروستی باسی "سیستەمی کۆماری"کراوە، بەلام ئەم جەختە بەتەنیا و لە خۆیدا تەواوکەر نییە، چونکوو دیار نییە ئاخۆ مەبەست "سیستەمی سەرۆك کۆماری"یە یان "سیستەمی پارلەمانی". دیار نییە ئاخۆ مەبەست سیستەمێکە تێدا زۆرینەی خەڵك سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێرن و ئەویش کابینە هەڵدەبژێرێ (وەك فەرانسە)، یان سەرۆك کۆمار زیاتر دەزگایەکی تەشریفاتییە و سەرۆکی حکوومەت نییە و حکوومەت لە رێگەی فراکسیۆن یان یەکگرتنی زۆربەی پارلەمانتارانەوە هەڵدەبژێردرێ(وەك ئاڵمان)؟ بەڕای من بەپێی زەمینەی ئەتنی - نەتەوەیی ئێران جۆری یەکەم زۆر کێشە دارە. هەربۆیەش زۆر گرنگە ئەوە روون بکەینەوە کە بۆ ئێران کام سیستەمی هەڵبژاردن بە گونجاو دەزانین. لەم بوارەشدا، هێشتا پارتە سیاسیەکان بێدەنگن. نازانین ئەگەر ئەوان حەز نەکەن چۆنییەتی چوونە پارلەمانی فیدراڵ دیاری کرێ، کێ دەبێ حەز بکات؟

********

وەکی تر، لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردیدا، جێگەی ئەم باسە چۆڵە کە بەپێی ئاڵترناتیوەکەی ئەوان دەبێ چ جۆرە سیستەمێك بێتە سەر کار. چارەی پلۆرالیزم چییە؟ سیستەمی حیزبی لە کوردستان چۆن دەبێ؟ پێوەر بۆ ئازادی چالاکیی پارتەکان چی دەبێ؟ ئەرتەش چی بەسەر دێ؟ چۆن مامەڵەی ئایین و دەزگای ئایینی وەك ئەوقاف و مزگەوت و هتد دەکرێ؟ مولکداری تایبەت چی بەسەر دێت؟ چ جۆرە سیستەمێکی ئابووری و کۆمەلایەتی لە کوردستان دادەمەزرێ؟ سیستەمی هەڵبژاردن لە سانترالیزم لە کوردستان چی بەسەردێ؟ چی لەگەڵ دابەشکاریی پارێزگای ئێستا دەکرێ؟ رایان لەسەر دروست بوونی "پارێزگای موکریان" هەر لەم سیستەمە سیاسیەی ئێستەدا چییە؟ بە چ کەرەسەیەك چوار بنەمای دیمۆکراسی، خۆشگوزەرانی، پێشکەوتن و ئاسایش دابین دەکرێ؟ چ جۆرە دیمۆکراسییەك پەیڕەو دەکرێ؟ ولامی ئەم پرسیارانە و گەلێ پرسیاری تر نەك هەر لەم بەیانەدا، بەڵکوو لە بەرنامە و پەیڕەوی سیاسی پارتەکانی کوردستاندا نادیارە. کۆمەڵە پاش ساخ بوونەوە، بەڵێنی هەندێ باسی گەرمی لەسەر ئەم بابەتانە دابوو. بەلام تا ئێستە تەنانەت باسێکی تیۆریك و رادیکاڵ لەسەر دروشمەکانیشیان نابینرێت. بەداخەوە تەنیا ئەوکاتە هەندێ لایەنی فیکری ئاشکرا دەبێ کە بەرانبەر پارتە نەیارەکان (کۆمەڵە، رێکخراویی کوردستانیی پارتی کۆمۆنیستی ئێران) بوەستن، یان ئەوکاتەی کەسایەتییەکی حیزبی لەگەڵ میدیایەکی ناوخۆیی یان دەرەوەیی چاوپێکەوتن بکات. بۆنموونە کۆمەڵە چەندین جار باسی پێویستی دامەزراندنی "بەرەی دێمۆکراسی" کردووە، بە بێ ئەوەی بۆ خەڵکی روون بکاتەوە ئەم بەرەیە چییە. ئایا ئەو مەشرووتە خوازانەش کە دەڵێن لایەنگری دیمۆکراسین لەم بەرەدا دەگونجێن؟ ئاخۆ ئەگەر حیزبێك وتی بڕوای بۆ نموونە بە "یەکیەتی خاکی" ئێران هەیە و لەو چوار چێوەیەی ئەو یەکیەتییەدا "گەلان"یش یەکسانن، لەم بەرەدا جێگەی دەبێتەوە؟ ئایا ئەو رێکخراوە سیاسییەی دژی فیدرالیزمەو دەڵێ خەبات بۆ دامەزراندنی دیمۆکراسی دەکات، دەتوانێ بێتە نێو بەرەوە؟ بەڕای من سیاسەت و لایەنگری سیاسی تەنانەت گەر راست و تەواویش بێت، بە بێ باس وخواس و قووڵ بوونەوە، خۆی دەبێتە هۆی گرفت و نەهێشتنی متمانە. ناکرێ لە فازێکی سیاسییدا چەندین هێڵی فیکری لێکدژ و ناکۆك بگرێتە بەر و پاشان وازیان لێ بێنێ، بەبێ ئەوەی روون کردنەوەیەکی تەواو بۆ راستی و هەڵەیی ئەم کارە بە خەڵك بدەی. هیوادارم ئەم پارادۆکسە چارەسەر ببێت و پارتە کوردیەکان هەنگاوێکی پتەوتر بەرەو وێنەکێشانەوەی ئایندەیەکی باشتر هەڵبگرن. دیسانیشەوە جەخت دەکەمەوە کە ئەم کێشانە رەگیان لەو دۆخە تایبەتیانە دایە کە پارتەکانی رۆژهەلاتی کوردستان تێدا دەژین. لە دواییدا جێگەی سەرنج و جەخت کردنەوەیە کە دیمۆکراسی بەبێ بوونی حیزب وێنە ناکرێ. حیزبەکانیش بە شەوێك نابن بە کوڕێك و پێویستیان بە پەڕینەوە لە خولی چەپ ڕەوی و ناکامڵی هەیە، پێویستیان بە گۆڕان بۆ پارتی بەرپرسیار و پۆختە و ئایندە بین هەیە. هەموو حیزبەکانی کوردستانی ئێران کەوتوونەتە نێو ئەم رەوتە زیندووە، هەربۆیەش دەرکەوتنی قەیرانی ناوخۆیی تێیاندا وەك ژانی چاك بوونەوە، سروشتی، ناچاری، ئەرێنی و کاتییە.

سەرنوسەر
رەزا کەعبی

نەخشەساز
سەحەر تەحویلی

E_mail:
dwaroj@gmail.com

DwaRoj

# خاوەران گۆڕستانی هیواکان!

سەحەر تەحویلی

*هاوینی ١٣٦٧ یەکێك لە رەشترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە کە تا هەتایە وەك پەڵەیەکی رەش بە ناوچاوانی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێرانەوە دەمێنێتەوە. هاوینێك کە تێیدا شەمشەمە کوێرەکانی تاریکی و نەزانی بە مەبستی قەڵاچۆ کردنی رووناکی و کپ کردنی هەر ترووسکەیەکی هیوابەخش کەوتنە گیانی ئەستێرە گەشەکانی شەوەزەنگی ئاسمانی ئەو خەڵکە و گۆمی خوێنیان خستە رێ. ١٩ساڵ لەوە پێش و لە رۆژانێکی وەك ئەمڕۆدا رووداوێك لە ئێران روویدا کە ویژدانی هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و خاوەن هەستی هەژاند.*

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ماڵ وێرانکەری دەوڵەتانی عیراق و ئێران کە کۆمەڵگای ئێرانی تووشی هەژاری و ماڵ وێرانی و ماندوویی و شەکەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کردبوو، لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دەسەڵاتی ئیسلامیی خستبووە پەراوێزو لاکەوتەییەوە، ئێران لەبەر دەمی تەقینەوەی گەلێك رووداودا بوو. بە ملیۆن کەس لە بەرەکانی شەڕدا تێداچووبوون و "پیری جەماران" پیاڵە ژەهرەکەی بە سەرەوە نابوو. بەڵام ئەم شەڕە لە پێناو چیدا بوو؟ بۆ هەڵگیرسا و لەبەرچی کۆتایی هات؟ دەسەڵاتدارانی ئیسلامی بە تەمای چی بوون کە ئاوا بە هەڵەداوان و پەلەپرووزە داگیرکردنی "قودس"یان لە رێگای کەربەلاوە گۆڕیەوە بە ئاگربەس و کۆتایی هێنانی شەڕ؟ مەگەر ئەوان بە تەما نەبوون لە رێگای ئەم شەڕەوە سێبەری ئیسلامی راستەقینەی محەمەدی (ناب محمدی) بەسەر هەموو گۆی زەویدا بکێشن؟

کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئیسلامیەوە بە شەڕی "خوا" دژی "شەیتان" و "بەرگریی پیرۆز" و "دیاری ئاسمانی" ناوزەد دەکرا، بێگومان بۆ پێشگرتن لە مەرگ و تێداچوون هەزاران لاوی ئێرانی و بێ ماڵ و حاڵی و دەربەدەری بە میلیۆن بنەماڵەی دانیشتووی ئەم وڵاتە نەبوو، چونکە لە راستیدا ئەمان خۆیان دوژمنی راستەقینەی خەڵکی ئێران بوون و لە ناوخۆی وڵات لە بیری جێبەجێ کردنی دەیان و سەدان تراژیدیادا بوون بەرامبەر بەم خەڵکە وەگیان هاتووە.حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە دزینی بەرهەمی خەبات و راپەڕینی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە دژی رژیمی پاشایەتی و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێران، هەر لە سەرەتاوە کەوتە بەر نەفرەت و بێزاریی خەڵکی خەباتکاری ئێران و هەموو کردەوەکانی ئەم رژیمە سەرکوتگەرە لە لایەن چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئێرانەوە لەگەڵ پەرچەکردار و جووڵانەوەی نارەزایی رووبەڕوو دەبووەوە، هەر بۆیە مێژووی دەسەڵاتی ئەم رژیمە هەر لە سەرەتاوە لێوان لێوە لە کوشتار، کۆمەڵکوژی، جینایەت و قەڵاچۆکردن و بەندیخانەکانی حکوومەتی ئیسلامی بوونە مەنزڵی هەزاران تێکۆشەر و ئازادیخوازی رێگای رزگاری و سەربەستی.بە کۆتایی هاتنی شەڕ، حکوومەتی ئیسلامی تووشی گەلێك قەیرانی ناوخۆیی و دەرەکی بوو. لە لایەکەوە لە ئاستی نێونەتەوەییدا، کەوتبووە پەراوێزەوە و لە ناوخۆش لەگەڵ وڵاتێکی کاول بوو، ئابووریەکی داڕووخاو و بێ پلان و شەپۆلی نارەزایەتیە جەماوەری و کۆمەڵایەتیەکان و... دەستەویەخە بوو.لەو ساڵانەدا بەندیخانەکانی رژیم پڕ کرابوون لە ئازادیخوازان و خەباتکاران و بیرجیاوازان، کە زیندانەکانیان کردبووە مەیدانی ململانێ و بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆمەپەرستی و سەرکوتگەری. رۆژ نەبوو لایەنە نهێنی و شاراوەکان جینایەتی رژیم لە قاو نەدرێ. بەگشتی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی زۆر بە جیددی هەستیان بە لەرزۆك بوونی پایەکانی حکوومەتی ئیسلامی دەکرد و دڵنیا بوون کە ئەم رژیمە بەو وەزعەوە بەرگەی دەریای خرۆشانی جەماوەر ناگرێ کە شەپۆلی تووڕەیی و نارەزایەتیەکانی خەڵکی ئێران و گەلانی بندەستی ئەم وڵاتە رۆژ لە رۆژ زیاتر سیستمی دەسەڵاتی ئیسلامی ئێرانیان دەکردە ئامانجی خۆیان. بەمجۆرە خومەینی و هاودەستەکانی لە دەسەڵاتدا کە ترسی رووخان سەرتاپای وجوودی تەنیبوون و بە خستنە زیندانی تێکۆشەرانی سیاسی و بە ئازار و ئەشکەنجە و سەرکوتی جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان نەیانتوانیبوو بەربەستێك بۆ راگرتنی دەسەڵاتی لەرزۆکیان دروست بکەن، وەك پێشەی هەموو دیکتاتۆرێکی خوێنرێژ و خولیای شێتانەی هەموو جەلادێك و وەك ئامرازی دەستی هەموو دەسەڵاتێکی "تۆتالیتێر" بڕیاری لە سێدارەدان و ئیعدامی هەزاران زیندانی سیاسیان وەك بڕیاری رزگاریدەری ئەم رژیمە لە قەیرانی مەشرووعیەت و مانەوە، دەرکرد.خومەینی بەم بڕیارە درندانەی لاپەڕەیەکیتر لە مێژووی پڕ لە جینایەتی خۆی رەش کردەوە و چووە ریزی خوێنڕێژترین دیکتاتۆرەکانی مێژووەوە.

خومەینی لە بەشێك لە پەیامەکەیدا دەڵێ:

*"لەو جێیەوە کە "مونافقینی خائین" بە هیچ جۆرێك باوەڕیان بە ئیسلام نیە و بە دان پێدانانی سەرکردەکانیان لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە و لە باکوور و رۆژئاوا و باشووری وڵات لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی شەڕیان کردووە و هاوکار و سیخوڕی حکوومەتی بەعس و سەدام حوسێن لە دژی گەلی موسڵمانی ئێران و بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەیکە لە زیندانیشدا لەسەر بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان واتە دژایەتی لەگەڵ خودا پێداگری دەکەن. ئەوانە لە زیندانەکانی سەرتاسەری ئێراندا مەحکووم بە ئیعدامن.*

خومەینی گەورە جەلادی حکوومەتی ئیسلامی لە بەشێکیتری پەیامەکەیدا بانگەوازی هەموو دامودەزگاکانی حکوومەت دەکات کە بە هیچ جۆرێك لە کوشتنی زیندانیانی سیاسیدا تووشی دوودڵی و راڕایی نەبن و دەڵێ: "رەحم کردن بە دوژمانی خودا ساویلکەییە و سوور بوون و لێبڕاوی ئیسلام بەرامبەر بە دوژمنانی خودا، لە بنەما نەگۆڕەکانی نیزامی ئیسلامیە. هیوادارم بە رق و نەفرەتی شۆڕشگێڕانەی خۆتان لە حاست دوژمنانی ئیسلامی، رەزامەندی و دڵخۆشی خوای گەورە و بێ هاوتا وەدەست بێنن". خومەینی بەم رستەیە کۆتایی بەم بڕیارە جینایەتکارانە و درندانەیەی دێنێ: "دوودڵی لە کێشە حقووقیەکانی ئیسلامی شۆڕشگێڕدا، لەبەرچاو نەگرتن و پامال کردنی خوێنی پیرۆزی شەهیدانە.

والسلام. روح الله الموسوی الخمینی

خومەینی لە بڕیارێکدا ئاخوند "نەییری" قازی شەرعی ئەوکات و "ئیشراقی" دادستانی تاران و نوێنەرێکی وەزارەتی ئیتلاعاتی کردە بەرپرسی راستەوخۆی جێبەجێ کردنی ئەم پیلانە رەشە.

بەمجۆرە خومەینی بە دەرکردنی ئەم بڕیارە، یەکێك لە جینایەتکارانەترین پیلانەکانی ئەم حکوومەتەی لە دژی خەڵکی ئێران و تێکۆشەرانی ئازادیخوازی دەست بە سەر کراو لە سیاچاڵەکانی رژیمدا خستە قۆناغی جێبەجێ کردن.لەگەڵ دەرکرانی ئەم بڕیارە، ئینسانکوژە نەخۆشەکانی ئەم رژیمە کە پێیان وابوو بڕیاری خویدا جێبەجێ دەکەن و بە کوشتنی هەر زیندانیەك یەکێك لە دەرگاکانی بەهەشتیان بە روودا واڵا دەکرێ، لە کوشتن و قەتڵی عامی زیندانیانی سیاسیدا لەگەڵ یەکتر کەوتنە کێبەرکێ. بەمجۆرە لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا، بە هەزاران زیندانی سیاسی لە سێدارە دران کە هەتا ئێستا ناونیشانی ٤٤٧٨ کەس لەو قوربانیانە دیاری کراون و بە سەدان کەس بێ سەر و شوێنن و لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا خراونەتە ژێر گڵ. لەو ساڵانەدا گەلێك زیندانی کە تەنانەت دەورانی زیندانی بوونیشیان تەواو بوو، بەڵام هێشتا ئازاد نەکرابوون خرانە بەر قەزاوەتی دادگا چەند دەقیقەییەکانی رژیم و رووبەڕووی ئەو پرسیارە کرانەوە کە "ئایا موسڵمانن؟"، "نیزامی کۆماری ئیسلامیت قەبووڵە؟" و خرانە ژێر پەتی سێدارە. هاوینی ساڵی ١٣٦٧ ماشینەکانی گواستنەوەی گۆشت، ئامبوولانس و... بە شەو و رۆژ خەریکی گواستنەوەی تەرمی زیندانیانی سیاسی بوون. بەربڵاویی ئەم کوشتارە و شۆڕەشۆڕی خوێنی تەرمی تیرەباران کراوەکان لە کاتی گواستنەوەیان بۆ گۆڕستانی خاوەران، ئەو شوێنەی کە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی تێدا ئامادە کرابوو، بەرەو ئاشکرا بوونی ئەو جینایەتەی رژیم دەچوو، هەر بۆیە ئەمجار شێوازی ئیعدام کردنەکەیان لە تیرەباران کردنەوە بۆ لە سێدارەدان گۆڕی. جەلادانی رژیم دەیانویست لە کەمترین کاتدا زۆرترین زیندانی سیاسی ئیعدام بکەن و لە سێدارەدان بۆ ئەوان کات و مەجالی زیاتری پێویست بوو.

لەمبارەیەوە زیندانیەکی سیاسی کە لەو کوشتارە رزگاری بووە، لە بەشێك لە بیرەوەریەکاندا دەنووسێ:

"بەپرسی ئیعدام کردن بە حاجی نەییری (قازی شەرع) وت ١٠ دەقیقە هەڵواسین ماوەیەکی کورتە و زۆربەیان پاش ئەم دە دەقیقەیە کە لە پەت دەکرێنەوە هێشتا زیندوون، پێویستە کاتی هەڵواسین لە ١٠ دەقیقە زیاتر بکرێ. حاجی نەییری دەڵێ کاتمان کەمە و هەر ئەو ١٠ دەقیقەیە بەسە. بەرپرسی ئیعدام داوا دەکات زیندانیەکان تیرەباران بکرێن، چونکە ئەو کارە زۆر خێراترە لە سێدارەدان. حاجی نەییری دەڵێ لەبەر ئەوەیکە ئیمکانات کەمە، ماشێنەکانی گواستنەوەی تەرمی ئیعدام کراوەکان لە کاتی تێپەڕین بە شەقامەکاندا خوێنیان لێ دەچۆڕێ و بەمجۆرە نهێنیەکانی ئەم جینایەتە ئاشکرا دەبێ و هەموو جیهان لەم مەسەلەیە دەگا.

هەر بۆیە لە سێدارەدان لە زیندانەکاندا بەردەوام دەبێ. بەمجۆرە کۆمەڵکوژیەکی دڕندانە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا روویدا کە بۆ هەمیشە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەمێنێتەوە.

هەرچەند لە کێشە نێوخۆییەکانی گەورە بەرپرسانی رژیمدا و لەوانە نامە بە نێوبانگەکەی "مونتەزیری" بۆ خومەینیدا کە باس لە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچان و ژنانی زیندانی و کوشتن لە ژێر ئەشکەنجە و... دەکا و هەروەها لە بیرەوەری بەشێك لەو زیندانیانەدا کە ساڵانێك دواتر پاش هاتنە دەر لە زیندان نووسرا و بڵاو کراوە، پەردە لەسەر بەشێك لەو جینایەتە ترسناکە لادرا و هێندێك لایەنی شاراوەی لەقاو درا، بەڵام راستی ئەم جینایەتە لە ناو دڵی گۆڕستانی خاوەراندا دەژی. خاوەران ئەو پارچە زەویە بوو کە تەرمی بێگیان و ئەنجن ئەنجن کراوی هەزاران خەباتکاری رێگای ئازادی و سەربەستی و خەباتکارانی رێگای وەدیهێنانی ژیانی شیاوی ئینسانی لە ئامێز گرتووە. جەلادانی رژیمی ئیسلامی بۆ ئەوەیکە ئەو جینایەتە بشارنەوە هەزاران تەرمیان لە چەند گۆڕی بە کۆمەڵدا لە خاوەران شاردەوە، کە ئەم کارەش وەك هەموو کردەوەیەکی جینایەتکارانە ئاشکرا بوو و خاوەرانی کردە ژوانگەی ئەویندارانی ئازادی. ساڵەهایە لە وەرزی هاویندا بنەماڵە و کەس‌وکار و هاوڕێ و هاو رێباز و خەباتکارانی نوێی ئەم وڵاتە پۆل پۆل بە تاجە گوڵینەوە بەرەو ئەم ژوانگەیە دەکەونە رێ و لەسەر گۆڕی هەزاران تێکۆشەری ئەسپەردە کراوی ناسراو و نەناسراو لەو شوێنە کۆ دەبنەوە و لەگەڵ گیانبەختکردووانی رێبازی ئازادی و بەرابەری ئینسان پەیمان تازە دەکەنەوە کە رێگایان درێژەی هەیە. نیشان ددەن کە ئازادی سەر نابڕدرێ و هیوا ناخنکێندرێ.ئازادیخوازانی ئێران لە خاوەرانی گۆڕستانی هیواکاندا هیواکانیان لێك گرێ دەدەن.

خاوەران تۆ هەوێنی هەستان و خرۆشانی، تۆ هیوای گەشی خۆزگەدارانی، سەری رێز و نەوازش دادەنوێنین بەرامبەر بە گەورەیی و خۆڕاگری و ئەمانەتداریت.

ناوت بۆ هەمیشە لە مێژووی زێڕینی خەباتی چەوساوەکانی ئێراندا درەوشاوەیە.

*بژی یادی هەموو گیانبەختکردووانی رێگای ئازادی*

*بژی یادی گیانبەختکردووانی هاوینی ١٣٦٧*

